دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠ب ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● نوو شەممە ١٠ی نیسان ١٩٧٨ ژمارە ٤٢١ ●

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

بەرنامەی حزبی سەرکردە کە پوختەی تاقیکردنەوەی شۆڕش و ئاواتی ملیۆنەها لە رۆڵەکانی گەل و هێزە تێکۆشەرەکانی بوو ، بەرنامەیەکە ، کە رۆژگار راستی و پێویستبوونی بۆ وەدی هێنانی سوودە بنچینەییەکانی جەماوەر سەلماندوە ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

● الاثنین ١٠ نیسان ١٩٧٨ العدد ٤٢١ ●

هاوڕێ ئەمینداری گشتی حزب : دەست دان لە مەسەلەی فەلەستین مافی تەنیا نەتەوەی عەرەب خۆیەتی

● لە دایک بوونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی رەسەن کۆتایی هاتنی بۆ نییە ٠ چونکە لەگەڵ هەر چەنەمەیەکی فووڵو هەرمەلێکی میژووییدا کە بۆ تێکۆشانێکی داهێنەرانە هەندەکەوێ ، سەرلەنوێ لە دایکدەبێتەوە ٠

● هەر رۆژێك کە بەسەر تاقیکردنەوەی حزبمان لە عیراقدا تێدەپەڕێ ، لایەنێکی تری راستگۆیی ئەو تاقیکردنەوەیەو پەیوەندی لەگەڵ بەعس و نواندنی بیروباوەڕەکانی دەردەخا ٠

● تێکۆشان لە پلەی ژیانەوەداچارەنووسمانە ، دەبا بە شەوق و بە پەرۆشییەوە بە پیر ئەو چارەنووسەوە بچین ٠

هاوڕێ میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، سەر لە ئێوارەی رۆژی حەوتی مانگ ، بە بۆنەی یادی سی و یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حیزبەوە ، وتارێکی گرنگ و بەنرخی لە ئێزگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە خوێندەوە کە تیایدامێژووی حیزبی بە سەرکردەوەو بە دەمییەوە لەوپاسو مەسەلانە دوا کە ئێستا نەتەوەی عەرەب روو بە رووبان دەبێتەوەو لە پێناویاندا بەگژ ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانی و بەرەی کۆنەپەرستاندا دەچێ ٠

ئەمەش تەواوی دەقی وتارەکەی هاوڕێی سەرکردەی دامەزرێنەر میشیل عفلقە :

هاوڕێ تێکۆشەرەکان

ئەی جەماوەری نەتەوەی خەباتکەری عەرەبمان

ئەمڕۆ ئەم موناسەبەتە لە بارودۆخێکی وەهادا دادێ کە نەتەوەی عەرەبمان بە تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی ئەوتۆدا تێدەپەڕێ کە گەلێ گۆڕانکاری چارەنووسی یانەی تێدا دێنە ئەنجامو بارودوخی دروستبوونو نەشونماکردنی حیزبمان لێدێتەوە یادو هەستدەکەین کە لە گەلیاندا دەژێینەوە ، چونکە لە دایکبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی رەسەن لە کۆتایی نایەت ، بەڵکوو لە گەل هەر تەنگوچەلەمەیەکی قووڵداو هەر هەلێکی مێژوویدا کە بۆ تێکۆشانی داهێنەرانە هەلدەکەوێ ، ئەویش سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە ٠

ژیاندنەوەی بیرەوەری لەدایکبوونی حیزب ، ئەوە نییە خۆشی و شادی بخاتەوە بیر ، بەڵکوو ئەو دۆخوبارە دژوارو پڕ لە ئازارە سەختە دێنێتەوە یاد کە نەتەوەی عەرەبمان لە سەراپای رۆژهەلات تا رۆژئاوای وڵاتماندا بە دەستی یەوە دەیناڵانو کە ئەوەیەك لە لاوانی عەرەبی هاندا بۆ بیرکردنەوەو وردبوونەوەو گەڕان بە دوای رێگای رزگاربوونداٰ ٠

حزب لە دۆخو بارێکی دژوارو تاریکدا لە دایك بووە کە نەتەوەی عەرەب لەو دوخو بارەدا ژێردەستەو پارچەپارچەبووەو وڵاتەکانی لەژێر باری داگیرکردنی بێگانەو ئەو لاوازی و دواکەوتنو پارچەپارچەبونەدا دەیاننالاند کە لەگەل داگیرکردنو ئیستیعمارکردندا دێنە گۆڕێو ئەو دامرکاندنەوە درندانەییەش کە بەرامبەر هەر سەرهەلدانێکی هۆشمەندی و رزگاری دەنوێنرێ ، هۆی قووڵی سەرهەلدانی بزوتنەوەی بەعس لە هەستپێکردنی ئەو ناکۆکییە گەورەیەی نێوان دۆخو بارە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکانی نەتەوەی عەرەبو ئەو توانا مەزنانەدابووە کە بەدەست ئەو نەتەوەیەوە بوونو نەیتوانیوە دەریان بڕێو بیانهێنێتەدی ٠ چونکە سەرکردایەتییەکانی ئەو قۆناخە نەیان دەتوانی هێزی جەماوەر بخەنە مەیدانو کۆی بکەنەوەو بۆ تێکۆشانێکی رێکۆپێکی درێژخایەنی نامانج ئاشکرای ئامادەبکەن کە گیانو وێژدانی نەتەوەو پێداویستە زیندووەکانی جەماوەری فراوانی گەل بنوێنێ ٠

ئێستا ئێمە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٣٥) ساڵ بەسەر ئەو ماوەیەداو دوای ئەوەی ئیستیعمار لە ئەنجامی تێکۆشانی گەلو شۆڕشە یەك بەدوای یەکەکانی گەلدا لە زوربەی بەشەکانی نیشتمانی عەرەب چۆتە دەرێو دوای ئەو پێشکەوتنەش کە گەل لە گشت وڵاتە جیاجیاکانیو لە هەموو مەیدانە جۆربەجۆرەکاندا بەدەستی هێناوە ، جارێکی تر خۆمان لەبەردەم ئاکۆکییەکی گەورەدا دەرکەوتووی نێوان ئەو واقیعە عەرەبییەی کە بە وەستاوو یەك کەوتە ناودەبرێ ، ئەوتوانا مەزنانەدا دەبینینەوەکە لەدەست نەتەوە دانو رێگای هاتنەدەیو یەکگرتنیان بۆ نادۆزرێتەوە ، لە بەر ئەوەی کە کاری شۆڕشگێڕانە لەو ماوەی پێشوەدا ئەوەندە قووڵو بە بناخە نەبووە وەك وەزعی نەتەوەی عەرەب پێویستی بوو ، تاوەکو راستکردنەوەیەکی پێویست دروستببێ ، چونکە ئەو راستکردنەوە دروستەی کە دەبێ بە کاری شۆڕشگێڕانە بەتەرتە دی ، پێویستە بێتە مایەی پەیداکردنی توانایەکی ئاشکرای بنەڕەتی بۆ رزگارکردنی خاکی عەرەب لە دەست شێرپەنجەی زایۆنیو رزگارکردنی نیشتمانی عەرەبیش لە دەسەلاتی ئیمپریالیستو لەناوبردنی هەموو کۆلەکەیەکی ئیستیعمارو زایۆنیش لەو نیشتمانەدا ٠

کە ئەمەش بە رزگارکردنی وزەی جەماوەری عەرەب نەبێ ، نابێ

ئا لەگەڵ چێش جەماوەر لە دەسکەوتە پێشکەوتنخوازە جۆراوجۆرەکان رازی بووبێ ، بەڵام زۆربەی ئەو دەسکەوتانە نەگەیشتوونەتە ئەو رادەیەی بە ناخی هەستی نە تەوایەتیو مرۆڤایەتی ئەو جەماوەرەدا بچنەخوارەوە ٠

گرنگترین لێکدانەوەی ئەو دیاردەیەش ئەوەیە کە ئەو دەسکەوتانە بە شێوەی خەڵاتو بەخشین لە سەرەوە دروستکراونو ئەو سەرکردانە کەمن کە رووبان کردۆتە جەماوەری گەل ، بەو گوێرەی کە ئەو جەماوەرە خاوەنی نیشتمانو مەسەلەو مافی تێکۆشانە ، پێش ئەوەی مافی ئەوەی هەبێ لەبەری تێکۆشان بخوا ٠ ئەگەر دەسکەوت بۆ سوودی جەماوەر درا ئەوا پێی رازی دەبێو رەفزی ناکا ، بەڵام ئەگەر جەماوەر توانی بە تێکۆشانی خۆی ئەو دەسکەوتانە بهێنێتەدی ، ئەوسا دەبنە دەسکەوتێکی شۆڕشگێڕانە ، چونکە بەدەستی جەماوەرێکی تێکۆشەریوا هاتونە دی ، کە دەزانێ چۆن بیانپارێزێو بەرگریان لێبکا ٠

ئەوەی کەدەووترێ شۆڕشی عەرەب لە زوربەی وڵاتەکانیدا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی بتوانێ بەتوندی کاریگەربێ ، لەهەمان کاتدا مایەی خەمو مایەی هاندانیشە بەرەو هیواو ئیش کردن ٠

خەم دەخۆین چونکە کاتو دەرفەتیوا لەدەست نەتەوەی عەرەب چووە کە دەتوانرا هەنگاوی پێشکەوتنیان تێدا بەرەو ئامانجەکانی تۆمار بکا ٠

بەڵام ئێمە واهەست دەکەین کە هیوا گشت گیانمان پردەکاو ورەو توانامان دەخاتە بەر ، کاتێ کە دەبینین هێشتا شتێکی زۆر چاوەڕێ تێکۆشەرە راستگۆکانو ئەو سەرکردە داهێنەرانە دەکا کە باوەڕیان بە گەلە ٠

هەست بە هیوا دەکەین ، چونکە ئەو پەك کەوتەییەی دەیبینینو لە دۆخی ئێستای عەرەبدا پێیەوە دەناڵێنین ، نیشانەی پەك کەوتەیی نەتەوەو جەماوەری گەل نانوێنێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەنجە بۆ ئەوە دەکێشێ کە نەتەوەو جەماوەرەکەی هێشتا بە تەواوی بەشداری جەنگی نەتەوایەتی نەبوون ٠ ئۆبالی ئەمەش لە ئەستۆی زۆربەی ئەو سەرکردەو بزوتنەوانەدایە کە بە ناوی نەتەوەو جەماوەرەوە دەدوێن ، بەڵام هێشتا وەڵامی ئەوەیان نەداوەتەوە یا نەیانزانیوە چۆن قسەو کردەوەیان بگەیەننە ناخی نەتەوەو جەماوەرەوە ٠

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هێشتا نەتەوەو جەماوەری گەل بەشداریەکی تەواوو قووڵیان لە هیچ کارو بەرهەمێکی شۆڕشگێڕانەدا نەکردوە کە تائێستا بەجێ هێنراون ٠ چونکە نەتەوەو جەماوەر لە شۆڕشە قارەمانەکەی جەزایردا بوونو تا تەوقی سەریان بەشداریان تێدا کردوە هەروەها کاتێ عبدالناصریش نۆکەندی سوێسی میللی کردو دەستەویەخە بەرامبەر دەستدرێژیە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر وەستا ، لە پاشانا لە زەماوەندی بڵاوکردنەوەی هەوالی یەکگرتنی سوریاو میسرو دووبارە لە شۆڕشی چوارەدەی تەمووزیش لە عیراق کە بە هێزترین کۆلەکەی ئیستیعماری لە ناوچەکەدا رماند ، ئامادەبوونو بەشداریان تێدا کردون ٠

هەروەها نەتەوەی عەرەبو جەماوەرەکەی لەو رۆژەدا بەتەواوی ئامادەبوونو بەشداری تێداکردوە کە عیراق نەوتەکەی میللی کردوەو دەستەویەخەی ئیستیعمار وەستاوەو سەردەمێکی نوێی لە سیاسەتی نیشتمانیو سەربەخۆییدا دەستپێکردوە کە لە سەر ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕی نەبەردانەو نەخشەدانانێکی وردی زانستانەی شۆڕشگێڕی دامەزرابێ ٠

هەروەها نەتەوەو جەماوەر بە دڵو گیانو وێژدانیەوە لە هەموو کردارێکی دڵێرانەی فیداکاریدا ئامادەبوونو بەشداریان تێداکردونو لاوانی عەرەب گیانی پاکی خۆیانو تەمەنی لاویەتیان بەرامبەر بە رەوشتی بەرزو خوشویستنی نەتەوەی عەرەبو بەتەنگەوە بوونی دوارۆژیەوە بەخت کردوە ٠ چەند جار پەك کەوتنو وەستان لە ئارادابووەو ، وەختبووە ئاوەتدی باڵ بەسەر دەرونداٰ بکێشێ ، کەچی لەپڕ کارێکی فیداکارانە پەردەی ئاوەتدیو تاریکی دڕاندوەو روناکیو هیوای بەخشیوە ، هەروەك وەحیەك بێ لە ئاسمانەوە هاتبێ گەل لە هێزە شارراوەکەی خۆی وریادەکردەوەو دوژمنیشی دەخستەوە بەرلاوازییە بنچینەییەکەی خۆیو ئەو جیاوازییەی نێوان زموت کەرێکی دەستدرێژی کەرو خاوەن مافێك کە بڕوای بە مافی خۆی هەبێ پێدەسەلماند ٠

ئەوەی کە دەبێ بەعسییەکانو تێکۆشەرانی عەرەبو جەماوەری رەنجکێشی گەل بیریان بکەوێتەوەو لە هێشکی خۆیاندا بیچەسپێنن ئەوەیە کە ماوەی بەك کەوتەییو گەڕانەوە بۆ دواوەو خۆبەدەستەوەدان ، ماوەیەکی وەختییەو دەبێ لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی پێبێو شتێکی گشتیو سەرانسەری نییەو تەنها بە هەلەی رژێمو حاکمەوە بەندە ، ئەمەش هیچ نییە تەنها هەلبواردنێك نەبێ لەو قاعیدەیەی کە بریتییە لە راپەڕینی نەتەوەی عەرەب لە گشت بەشە جیاجیاکانی نیشتمانەکەیو لە تێکۆشانی ئەو جەماوەرەیەتی کە سەرکەوتنی مێژوویی دژی هێزە ئیستیعماریو کۆنەپەرستە دەرەکان تۆماری کردوە ٠

هاوڕێ تێکۆشەرەکان

ئەی جەماوەری نەتەوەی مەزنی عەرەبمان :

کاتێ ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو قەوارەی زایۆنی بۆیان دەرکەوت کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب لاوازبوونو دوای پیلانی جیابوونەوە بۆ سەر دەولەتی یەکگرتنو دوای هەردوو پیلانەکەی (١٨)ی تشرینو (٢٣) شوبات بۆ سەر حزبی بەعس لە عیراقو سوریا ، جمال عبدالناصریان بەرەو جەنگێکی کوتوبڕو لە ناکاو راکێشاو باوەڕیان وابوو کە ئەو دەستەوەشاندنە بەسە بۆ ملکەچکردنی گەل عەرەبو ئاوەتدیکردنی راکێشانی بەرەو دانان بە ئەمری واقیعدا ، کە بریتییە لە دەستچوونی ئەلەستینو قبولکردنی بەیەکەوە ژیان لە گەل قەوارەی زایۆنی سەرکەوتودا کە بەیارمەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو بەشداری کردنی ، دەستی بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوا ٠ دوژمنان لە هەلوێستی کۆنەپەرستی عەرەبیش دلنیابوونو دەشیان زانی کە کۆنەپەرستی عەرەب پشتی پڕۆژە ئیمپریالیستە زایۆنییەکە دەگرنو بەرژەوەندییان لەگەڵیدا بەیەك دەگا ٠

بەڵام بە تەئاوەل کردنی شکستی نەتەوەیی لەگەل گیانی جەماوەری گەل عەرەبو هێزە شۆڕشگێڕەکانیدا ، نەخشەی دوژمنان داخوڕیاو هێزی بەرگری فەلەستینیو کاری فیداکاری هاتەمەیدانەوەو تێکۆشەرانی حزبی بەعسی سەرلەنوێ لە عیراقدا دەستیان بەسەر حوکمدا گرتەوەو تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەییو دەولەمەندی حزبییان لە دەستدابوو کە ئەو شکستیانەی بەسەر نەتەوەو حزبدا تێپەڕی بوون ، پێیان گەیاندبوو ٠

ئیتر دەبوایە رێگەیەك بدۆزرایەتەوە کە رەزامەندی عەرەب لەسەر ئەوشتە زامنبکا کە دوژمنان نەیانتوانی بوو بەهێز بەسەریدا بیسەپێنن ، ئیتر وابوو جەنگی تشرین هاتە کایەوە ، بەڵام ئەو هێزە عەرەبییەی کە جەنگەکە تەقاندییەوە ، ئەو ئاقارەی بەجێهێشت کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئەو رژێمە عەرەبیانەی لە رێکخستنی شەرەکەدا لەگەلیابوون ، نەخشەیان بۆ کێشابوو ، بەجێهێشتێکی وەهاش بوو کە لە حسابی نەخشەکێشەرەکاندا نەبوو ٠ چونکە هەر هێزێکی گەورەی دەولەتان ، هەرچەندە لە نەخشەکێشانو ئامرازەکانیشدا دەستڕۆیشتووو سەرکەوتووبێت ، بەڵام لەو حسابەدا بە پەڵکەوتەیی دەمێنێتەوە کە گیانی جەماوەرو هێزە شارراوەکانی دەتوانن دای بهێنن ٠

شەڕی تشرین کە وەك هۆیەکی زیرەکانەو ئازایانە بۆ تێپەڕکردنی سازاندن رێگاخرا ، وانە تەفروتوناکردنی مەسەلەی فەلەستین بەوەی کە سولح لەگەل دوژمنی داگیرکەردا بکرێو لەگەل وتووێژ لە گەلاکردنو دان پیانانیدا ، شەڕەکە بوە کۆسپێکی گەورەتر لە کۆسپی

● بڕوانە لاپەڕە (٣) ●

● وتەی هاوکاری ●

٧ ی نیسان وسەرهەڵدانی بەعس

بە درێژایی تەمەنی (٣١)ساڵەی حزبی سەرکردە ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەرلە ٤ ـ ٦ نیسانی ساڵی ١٩٤٥وە بەدرێژایی سەرلەبەری کۆنگرەکانی حیزب بگرە تاسەرۆکی پرشنگداری لەبەرچاو، هەلوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتی ئەم حیزبە دڵێرە ، تادێ رۆشنترو قووڵترئەبێتو لەزاخ ئەدرێو ئەدرەوشێتەوە ٠ چونکە ئەمحیزبە لە ئەنجامی دەیەها پێداویستی سیاسیو ئابوریوکۆمەلایەتیو فیکریەوە سەری هەڵداوەو هاتۆتەکۆی خەباتو بۆ ئەوەیش پەیدابوە تاگشت خەونەکان ،لە رێگای خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی رێکوپێکوە رێگای لە خۆبوردونو فیداکاریو تێکەڵبوونی دینامیکیانەی خەباتی نەتەوایەتیو سۆشیالیستییەوەبکا بە ئامانجو بیگەیەنێتە ئەنجام ٠٠ لەبەر ئەوە بۆیەکەمجارو لە رۆژی سەرهەڵدانی بەعسەوە ،نەتەوەی عەرەب خرایە بەردەم لێپرسینەوەیەکی مەزنی دوارۆژو چارەنووسی خۆیەوە ، چونکە بەعس لەتێو ئازاروژانی ئەو نەتەوەیەو گیروگرفتەکانی ئەونەتەوەیە سەری هەڵداوەو جاری کردۆتەوەو قاڵبوە ٠٠هەر بۆیەشە جوڵانەوەی بەعس دەیەها بەلگەو نیشانەی مێژوویی لە ژیانی نەتەوەی عەرەبو شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبی لەتەك خۆیا هەلگرتوەو بوە بەسەرچاوەیەکی قووڵو شۆڕشگێڕانەو رەسەنی سەرخاکی عەرەب ٠٠٠ عەقیدەی بەعسو جوڵانەوەی بەعسیش ، بەندە بە تێکەیشتنێکی بەر فراوانی کۆمەڵو مێژووی عەرەبو بە ئاوێتەبوونێکی زیندووی خۆیلەگەل سەرانسەری فیکری شۆڕشگێڕانەی جیهانییدا ٠

هەر لەم پێودانگەوەیش ،ئەم حیزبە تێکۆشەرە ئەرکی راسپاردەیەکی گەورەی مێژوویی گرتۆتە ئەستۆ ، لە پێناوی رزگارکردنی خاکی داگیرکراوو جێبەجێکردنی یەکیەتیو ئازادیو سوشیالیزملەسەر خاکی نەتەوەی عەرەبا ٠

هەر بۆ ئەو مەبەستەپاکەش ، رۆژ دوای رۆژو بە خەباتی بەردەوامو بێوچانیخۆی ، ئەم حیزبە سەرکردەیە توانیویەتی تەجرەبەی شۆڕشگێڕیەکانی خۆی رەنێوبهێنێو ناسنامەیئایدیۆلۆژیو چینایەتی خۆی لە پەنای دەسکەوتە مەزنەکانەوە دوپات بکاتەوەو هەموو کارو تواناکانی خۆیبۆ خەباتی نەتەوایەتی تەرخان بکات ، نەخوازەللا ئەوتەجرەبە سەرکەوتوانەی حیزب لە سەرانسەری خاکی عیراقولەهەر رۆشنایی بیروباوەڕو مەبدەئەکانی خۆیدا بنیادیناوەو ئەنێ ، کە خۆی لە خۆیدا بوە بە هێزێکی مەزنوروبەڕوی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو بەرەی گەندەڵیکۆنەپەرستان بۆتەوە ، بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ی تەموزی ئەمرو ٠٠ لە سەروی ئەو دەسکەوتەبەنرخانەیش ، رزگارکردنی سامانی نەوتی نیشتمانیو چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو جێبەجێکردنی قانونیترتۆنۆمی ناوچەی کوردستانو تەئمیمکردنی ئازگانی دەرەوەو چارەکردنی بنەڕەتیانەیکشتوکاڵو دەرکردنی قانونیکارو بەجێگەیاندنی نەخشەکانی پیشەسازیو بڕیاردانی خوێندنی بەخۆڕایی‌شان بەشانی دەیەها دەسکەوتو بڕیاری بەنرخو گرینگیتر ، کە سەرتاپای رەنگی شۆڕشگێڕانەیمەبدەئەکانی حیزبو شۆڕش ئەدەنەوەو تەجرەبەیعیراقییش ئەکەن ، بە تەجرەبەیەکی هەرەدیاروبیماوتای ئەم ناوچەی رۆژهەلاتە ٠٠٠

لەم رۆژانەشدا ، لەیادیەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

لێکۆڵینەوەی سیاسی

تاریکە شەو هەر لە ئێوارەوە دیارە

ئەگەر چی (تاریکە شەوەکە) هەر (لە ئێوارەوە) دیاربوو ، بەڵام هەندێ کەس لە رووی نەزانیەوە یان بە ئەنقەست ، هەر (ئەگەر) و (مەگەر) یان لە پاڕەی رووی ئەو دیوی کارەساتەکووە دەهێنایەوە ٠٠ هەر وەکو مەسەلەکە دەڵێ : مانگا بە دزی کەل ئەگرێ بەڵام بە ئاشکرا ئەزێ ، هەر بەو جۆرەش دەست درێژیەکەی ئەم دواییەی قەوارەی زایۆنی بۆ سەر خاکی لوبنان لە چەندین پایتەختو کوێو کەلەبەرداو بە دزیەوە لەناو ژووری کلیلو کولۆم کراودا ئامادەکرا ، بەڵام ئامانجو ئاکامەکانی بە رووتی هاتنە مەیدانو بۆ هەموو کەس دەرکەوت کەوا سەرچاوەیان لە کوێیەوو ئاوریژگەیان دەکاتەکوێ ٠ هەڵوێستی جوراوجۆری هەندێ لەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە مەسەلەکەوە هەیە دەزی خست کە هێرشەکەی هێزە زایۆنیەکان بۆ سەر خواروی لوبنان کە ئامانجی لەناوبردنی هێزە ناوکوییەکان بوو ، ئێستا دەیەوێ ئەوەی بەشەڕ بۆی نەکرا ، بە ئاشتی بیکاو بۆ ئەم مەبەستە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی ناردنی هێزی نێو دەوڵەتان بۆ خواروی لوبنانو پاشان هاتنی ئەم هێزانە بۆ ئەوێ کرا بە پەردە ٠

چونکە ، بە گوێرەی بڕیارەکە ، ئەم هێزانە دەبوو لەو شوێنانەی خواروی لوبنانا مۆڵ بدەن کە لە گەڵ زایۆنی دوژمنەدا هاوسنوورن ، کەچی ، ئەمان وازیان لەمە هێناو کەوتنە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی هەندێ جێگا کە هێزە ناوکوییەکانی لێ دامەزراون بە تایبەتی لە شارەکانی (صور) و (نبطیە)دا ٠ پاش ئەوە کەوتنە داواکردنی بەجێ هێشتنی ئەم جێگەو ئەو جێگە لێرەیانە ، بەجۆرێك مەسەلەکە بە رووتی وای دەرخست کە ئەم شوێنانە لەبەری ستراتێژیەوە بەرژێنن لە نێوان هێزە ناوکوییەکانو هێزەکانی زایۆنی دوژمنەدا ، ئەمەش مەسەلەیەکە کە لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا لە بارەی ناردنی ئەم هێزانەوە بۆ خواروی لوبنان نەهاتوە ، بەڵکو ناوەڕۆکی داخوازی قەوارەی زایۆنیەو مەبەستەکەشی تەنیا ئەوەیە بەرژێنێکی سروشتی هەبێ کە نەهێڵێ هێزە ناوکوییەکان بەهیچ لایەکدا جووڵە بکەنو ئەم بەرژێنەو هێزەکانی نێو دەوڵەتان ببنە کۆسپ لە بەردەمیاندا ٠

لە هەمان کاتدا ، هێزە زایۆنیەکان ، ئەمو شوێنانەی خواروی لوبنان کە داگیریان کردووە ، یەکە یەکە تەلبەند دەکەنو قایمکاری تێدا دەکەنو چ ئەوانو چ هێزەکانی نێو دەوڵەتان تەنگیان بە دانیشتوانی ئەو شوێنانە هەڵچنیوە کە نابێ هەرگیز چەك هەڵبگرن یاخۆ بێ پرسی ئەوان بەم لاو تەوڵادا بچن ٠ ئەمە ، بە رووتی ئەوە دەردەخا ، کە سەرەڕای داگیرکردنو سەرەڕای پاراستنی هێزە زایۆنیەکان ، ئامانجێکی تریش لە ئارادا هەیە ، ئەویش بە هێزکردنی تاقمە راسترەوەکانی ناوەوەی لوبنانە کە هاوکاریەکی بێ سنووری هێزە زایۆنیەکان دەکەنو سەرجەمی هەموو ئەم شتانە ئەوەیە تەنگ بەهێزەکانی بەرگری فەلەستینیو جوڵانەوەی نیشتیمانی لوبنان هەڵبچنرێ تا لە شوێنەکانی خۆیان بکشێنەوەو هەموو ناوچەکە بکەوێتە دەست خۆیانو هێزەکانی نێو دەوڵەتانو راسترەوەکانی لوبنانو لە پاشدا مەیدان بۆ هێزە راسترەوەکان ، کە هاوپەیمانی دڵسۆزی قەوارەی زایۆنین ، چۆڵ بێو دونیا بۆ قەوارەی زایۆنی تەخت بێ ٠

ئەمە لە بوارێکدا ، لە بوارێکی تردا ، هێزە راسترەوەکان زەغتێکی زۆریان هێناوەتە سەر بەرلەمانی لوبنان کە فایلە کۆنەکەی رێککەوتننامەکە ، نێوان حکومەتی لوبنانو رێکخراوی ئازادکردنی فەلەستینی بێنێتەوە دەرو ئەم رێککەوتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە ، تا بەو جۆرە گەلی فەلەستین مایەپووچ دەرچێو چەکی لەشان دامالرێو کۆتاییبە شۆڕشەکەی بهێنرێ ٠ بێگومان ئەمە بە ئاسانی نایەتەدیو هێزە راسترەوەکان خۆشیان ئەمە ئەزانن ، بەڵام شتەکە لە شوێنێکی تر ئاو ئەخواتەوەو ئامانجێکی تری هەیە ٠ کە ئەخشە گەورەکەی ئیمپریالیزمدا وا دارێژراوە ، مەسەلەی لوبنان بکرێ بە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتانو هەموو وڵاتەکە ، لە قۆناخێکی تری ئەخشەکەدا ، بە هێزی نێو دەوڵەتان بتە نرێتەوەو خواروی ئەو وڵاتە بێتە مەیدانێکی چۆڵ بۆ هێزە زایۆنیەکانو هێزە راسترەوەگان بە کەیفی دڵی خۆیان تەرانێنی تێدا بکەنو لە پاشاندا ، هەرکە دەرفەت هاتە دەستو رێ خۆش بوو ، بەرەو ناوەوەی لوبنان بکشێنو دەست بەسەر هەموو وڵاتەکەدا بگرن ٠

ئەمەیە ئامانجی راستەقینەی هێرشەکەی قەوارەی زایۆنیو ئەو رووداوانەی کە پاش هێرشەکە رووویانداٚ ، کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا ئەلقەیەکە لە زنجیرەیەکی درێژی پیلانێکی ئیمپریالیی گەورە کە مەبەستی ئەوەیە هەموو ناوچەکە ، پاش تەفرو تووناکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ، بێتەوە ژێر رکێفی ئیمپریالیزمو ئەمیش وەکو جاران بەکەیفی خۆی بکەوێتەوە تاڵانکردنیو هەڵلووشینی خێرو بێری ٠٠

هیندستان بە دەچێ ...

ئالۆزی سیاسی لە هیندستاندا رۆژ بەرۆژ توندتر دەبێو رووداو وەکانی ئەم دواییە نیشاندەدەن کە زۆرانبازی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بەرەبەرە لە چوارچێوەی کێشەی سیاسیو ئایدیۆلۆجی تێدەپڕێو هێندێ کردەوەی توندو تیژی رەگەل دەکەوێ ٠ لە ئالۆزییەکانی ئەم دواییەی ویلایەتی (ئۆتاربرایچ)دا بەدەیان کەس کوژراونو بریندار بوون ، لە شەڕو پێك هەڵپڕژانەکانی باکووری هیندستان لە کۆتایی مانگی ئاداری رابردوودا زیاتر لە پازدە کەس گیانی خۆیان لەدەستدا ، شەوی ٢ـ٤ـ١٩٧٨ چەند کەسی نەناسراو تەقەیان لە خاتو ئەندیرا غاندی سەرۆك وەزیری پێشووی هیندستان کرد کە بووبە هۆی بریندار بوونی شۆفێرەکەی ٠

بەڵام بۆ خۆی بەسەلامەتی دەرچوو ، لە دوو ویلایەتی (حیدر اباد) و (سکوندر اباد)دا پۆلیس بۆ تێکدانی مانگرتنێك کە هێزەکانی ناحەزی حکوومەت رایانگەیاندبوو تەقەی لە مانگرتووەکان کردو لەئەنجامدا نۆ کەس کوژرانو هەشتا کەسیتر بریندار بوون کە بەنجا پۆلیسیشیان لە ناودامەیە ٠

بە دوای ئەم رووداوانەدا لە زۆر ویلایەتی هیندستاندا قەدەخەکردنی هاتوچۆ راگەیەندراوە کە لە هێندێکیاندا قەدەخەبوونی هاتوچۆ لە بەری بەیانیەوە تا ئێوارە درێژەی هەیەو تەنانەت لە (حیدر اباد)و (سکوند اباد) بۆ ماوەیەك هاتوچۆ لە تەواوی سەعاتەکانی شەوو رۆژدا قەدەخە کرا ٠

ئەم رووداوانە چیمان بۆ دەردەخەن ؟

کاتێك لە هەڵبژاردنی مانگی ئاداری ١٩٧٧دا خاتو ئەندیرا غاندی پاش چەندین ساڵ حکوومەتی هیندستان ئەو مەرکەزە پتەوەی خۆی دۆڕاندو جێگای خۆیدا بە حیزبی (جاناتا) ، زۆر لە جاوەدێری کەرە سیاسییەکان پێیان وابوو غاندی ئیتر نەك هەر شانسی ئەوەی نیە جارێکی تر بەسەرۆکایەتی حیزبی کۆنگرەی هیندستان حکوومەتی ئەو وڵاتە بگرێتەوە دەست ، بەڵکو تازە توانای ئەوەشی نابێ کە رابەرایەتی هیچ هێزێکی سیاسی بکاتو لە مەیدانی سیاسەتی وڵاتەکەیدا دەور بگێڕێ ٠ بە تایبەتی دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە رابەرانی حیزبی کۆنگرە ئۆبالی تێشکانی حیزبەکەیان لە هەڵبژاردندا خستە سەر ئەستۆی خاتو غاندیو رایانگەیاند کە هەڵەو کەمو کوورییەکانی حکوومەتی غاندی بەتایبەتی لە مەسەلەی کەمکردنەوەی زاوزێدا بوونە هۆی ئەو تێشکانە ، ئەو لێکدانەوەیە زیاتر بەهێزبوو ٠

کەچی زۆری پێ نەچوو کە دەرکەوت ئەو بۆچوونە زۆر لە جێگای خۆیدا نیەو خاتو غاندی کە پاش حکوومەتی خواڵێخۆشبوو (نەهرۆ)ی باوکی بەهێزترین حکوومەتی لە مێژووی هیندستاندا پێك هێناوە ، هێشتا لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی هیندداندا نفوزێکی زۆری هەیەو هەروەك جاران دەتوانێ لەسەر شانۆی سیاسەتی ئەو وڵاتە خۆی بنوێنێ ٠ ئەگەرچی هێزە سیاسییەکانی دژی حکوومەتی غاندی کە لە (ائتلاف)ی جاناتادا یەکیان گرتبوو توانیان لە هەڵبژاردنی ساڵی رابردوودا ئەندیرا غاندی لە مەیدان بەرنەدەرەوەو حکوومەتی هیندستان بگرنە دەست ، بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە ئەو سەرکەوتنەیان زۆر جێگای پشت پێ بەستن نیەو جاناتا ئەو هێزە سیاسییە نیە کە بتوانێ حکوومەتێکی بەهێز دابمەزرێنێو کۆمەڵانی هەروای خەڵکی هیندستان لە دەورەی خۆی کۆبکاتەوە ٠

حکوومەتی موراجی دیسای نەیتوانی بە دابەزاندنی بەرنامەی ئابووریو کۆمەڵایەتیی خۆی گەلی حەوسەد میلیۆنیی ئەو وڵاتە رازی بکاتو دامەزراوەی سیاسی لەوڵاتەدا سەقامگیر بکا ٠ لەڕاستیدا ئەو گیروگرفتە ئابوورییانە کە حکوومەتی غاندی لە گەڵیان بەرەوڕوو بووە دەوری بنچینەییشیان لە تێشکانی حیزبی کۆنگرەدا گێڕا ، لەدەورانی یەك ساڵەی حکوومەتی جاناتادا نەك هەر چارەسەر نەکران ، بەڵکوو توندوتیژتریش بوونو هێندێ گیروگرفتی تازەشیان لێ بوو بەسەربار ٠

ئەگەر لەسیاسەتی نێو خۆدا حکوومەتی جاناتا نەیتوانیوە گیروگرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکاتو هێمنیو دڵنیایی لە وڵادا دامەزرێنێ ، لە سیاسەتی دەرەوەشدا بۆی رێ نەکەوتوە رێبازێکی روون بگرێتە بەر کە خزمەتی قازانجو ناوبانگی هیندستان لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتاندا بکا ٠ بە نەختێك سەرنج دەردەکەوێ کە حکوومەتی تازەی هیندستان تا ئێستا لەسەر هەڵبژاردنی رێبازی سیاسەتی دەرەوەی خۆی ساغ نەبۆتەوەو هەروا لە دڕدۆنگیو دوودلیدا بەسەر دەبا ٠

ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوە کە سەرۆك وەزیری پێشووی هیندستان زیاتر شوێنی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك داوەدەست بێنێتەوەو بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتەکەی دەستی بەشیمانیی بۆ لە ئەژنۆبدەن ٠ هەر ئەمانەش بوونە هۆی ئەوە کە غاندی ـ بەتایبەتی دوای ئەوەی جیابوونەوەی خۆیو لایەنگرەکانی لە حیزبی کۆنگرە راگەیاند ـ مەرکەزێکی پتەوتر بەدەست بێنێ ٠ ئەوە بوو لە هەڵبژاردنی ویلایەتەکانی هیندستاندا لە زۆرشوێن ئەو تاقمەی حیزبی کۆنگرە کە غاندی سەرکردایەتیی دەکا سەرکەوتنی بەرچاوی دەست کەوتو لە چەند ویلایەتی گرنگی هیندستاندا حکوومەت دامەزراند ٠

لەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە ئەگەر چی ناتوانین بەتەواوی پێش بینی بکەین کە لە هەڵبژاردنی گشتیی ئایندەی هیندستاندا جارێکی تر حیزبی کۆنگرە بەسەرکردایەتیی غاندی دێتەوە سەرحوکم ، ناشتوانین بەرامبەر مانەوەی حیزبی فەرمانڕەوای (جاناتا) لەسەر کورسیی دەسەڵاتی هیندستان زۆر خۆشبین بین ٠ تەنیا شتێك کەگومانی لێ ناکرێ ئەوەیە کە تا ئێستا بەشێکی یەکجار گرنگو بەربڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی هیندستان بە بەرنامەو رێبازی سیاسیی حیزبی غاندی وەفادارنو بە چەشنێکی بێ درێغو تارادەیەك چاوەڕوانەکراو پشتیوانی لێدەکەن ٠

ئیتر ئەوە رووداوەکانی ئایندەی هیندستانن کە دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بوو بە سەر دێری ئەم وتارە « هیندستان بەرەو کوێ دەچێ ؟ » ٠

یەکیەتی سۆڤیەت :

بەکەن جێگرەکەی خسلەر لە بەندیخانە بەردەن

پیوتر ئەبراسیمۆڤی بالیۆزی سۆڤیەت لە ئەلمانیای دیموکرات وتی ناکرێ رۆدلف هیسی جێگری پێشووی هیتلەر لە بەندیخانەکەی بەر بدرێ کە لە ئەلمانیای رۆژ ئاوایە ، هەروەها وتی ئەم کردارە مانای بوردنە لە فاشیزمو لایەنگرەکانی ٠

ئەوەی شایانی باسە ، هیس کە تەمەنی خۆی لە (٨٤) ساڵ ئەدا لە لایەن دادگای سوپایی سوێند خوارانەوە بە حوکمی ئەبەد حوکمدرا ٠ ئەم دادگایە ساڵی ٩٤٦ سەپری ئەو مەسەلانەی ئەکرد کە پەیوەندی بە تاوانکاری جەنگەوە هەبوو ٠

هیس ، ئێستا تاقەحەپسە لە زیندانی سپانداو کە یەکیەتی سۆڤیەت و ئینگلتەرەو فەرەنسا وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سەربەرشتی ئەکەن ٠

ئەبراسیمۆڤ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەییدا کە رۆژنامەنووسەکانی بەرلینی رۆژئاوای تێدا ئامادە بوو ، ووتی یەکیەتی سۆڤیەت ئەو داواکاریانەی رۆژ ئاوای رەت کردەوە کە ئامانجیان بەردانی هیسە چونکە یەکیەتی سۆڤیەت کە (٢٠) ملیۆن کەسی لە جەنگی جیهانی دوەمدا لە دەستدا هەنگاوی ئەوەمای بۆ قووڵ ناکرێ ٠

بێکاری لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا هەر لە پەرەسەندندایە

ڕادەی بێکاری لەنێوان دەرچوانی زانکۆکانی دەوڵەتە سەرمایەداریەکاندا لەم ساڵانی دواییدا بەرەی سەندوە ٠

لێکۆڵینەوەیەك کە رێکخراوی جیهانیی کار ئامادەی کردەوەدەڵێ شەهادەی زانکۆ لە دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا نابێتە مایەی کار پەیداکردن بۆ هەڵگرەکەی ٠

بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ٠٠ ژمارەی بێکاریانی لەزانکۆ دەرچوو لە ئەمەریکا تا ساڵی١٩٨٥ خۆی ئەدا لە (٩٥٠) هەزار کەس ٠

کاربەدەستانی فەرەنسا وا چاوەڕوان ئەکەن کە ژمارەی ئەو ئەندازیارو ئارشیتێکتو پسپۆڕانەی کە کاریان نیە لە ساڵی (٩٨١)دا خۆی لە (١٦) هەزار کەسبدا ٠

لە ژاپۆن ، تەنها ٧ر٧٠ لەسەدی دەرچوانی زانکۆی ساڵی (١٩٧٦)ی ئەو وڵاتە ئەتوانن کار پەیدابکەن ٠

لێکۆڵینەوەکە دەڵێ ، چونکە جیاوازکاری لەنێوان پیاوانو ژناندا لەکارپێداندا هەیە ، ئەم وەزعە زیاتر کاری کردۆتە سەرژنان ٠

بڕیاری خنکاندنی ئەو دوو کەسەی بە کوشتنی سباعی تاوانبار کرابوون

هەفتەی رابردوو دادگایەکی تایبەتیی نیقۆسیا حوکمی خنکاندنی ئەو دوو گەنجە عەرەبەی دەرکرد کە بە کوشتنی یوسف السباعی سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی (الاهرام)ی قاهیرەیی لە (١٨)ی شوباتی رابردوودا تاوانبار کرابوون ٠

لە نیقۆسیا وا بڵاوبووەوە کە هەر دوو گەنجە عەرەبەکە ، کە یەکەمیان ناوی سمیر محمد خضرەو تەمەنی (٢٨) ساڵەو پاسپۆرتی ئەردەنیی پێیەو زاید حسین احمد العلی کە پاسپۆرتی کوێتیی پێیە ، پاش ئاشکراکردنی حوکمەکە هیچ خۆیان لێڵ نەکردو ووتیان ئێمە هیچ گوناهبار نین ٠

دادگاکە یەکی حوزەیرانی داهاتووی دانراوە بۆ بەجێ هێنانی حوکمەکەی ، بەڵام ئەم بەجێهێنانە بە دوور ئەزانرێ چونکە دەساڵە کەس لە قوبروس ئیعدام نەکراوە ٠

ئەلدۆمۆرۆی سەرۆکی وەزیرانی پێشووی ئیتالیا کە ئێستا فڕێنراوە ، داوای لە حوکومەتی ئیتالیا کرد کە بە زووترین کات داوا کاریەکانی فڕێنەرەکانی بەجێ بهێنێ ٠ ئەمەی لە نامەیەکی نوێدا نووسیوە کە بە ئیمزا کراوی لە گەڵ بەیاننامەیەکی (کەتائبی سوور)دا (٤)ی ئەم مانگە لە جەنەواو میلاندا دابەش کراوە ٠

لە نامەیەکی ئەلدو مۆرۆدا بۆ حوکومەتی ئیتالیا :

رزگارم کەن ٠٠ کات یەکجار کەمە

مۆرۆ لە نامەکەیدا دەڵێ هەرچەند زوو بکەونە کار درەنگە وکات ئەوەندە نەماوەو دەبێ داواکاری فڕێنەرەکان بەجێ بکەیەنن ٠٠ لە لایەکی ترەوە ، (کەتائبی سوور) لە بەیاننامەکەیدا داوای کرد هەموو ئەندامە حەپسەکانی کە (١٤٨)کەس بەربدرێن ئەگینا ،شێوەیتر بۆ بەردانیان بەکار دێنێ ٠

بەڕاڵەمە ، کە تائبی سوور تەنها داوای بەردانی (ریناتۆ کورشیۆ)ی سەرکردەی و (١٤) لە هاوڕاکانی دەکرد ٠

بروانە ل ـ ٧

بەبۆنەی بیرەوەریی سەربەخۆیی هەنگاریاوە

باپتەوتر بێ دۆستایەتی نێوان عیراق و هەنگاریا

لەهەفتەی رابردوودا گەلی هەنگاریا جەژنی ٣١ ساڵەی سەربەخۆییو رزگاربوونی لەدەستداگیرکەرانی تازی کرد گەلانو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانیش شانبەشانی گەلی هەنگاریا لەو بیرەوەریەیپیرۆزەدا بەشداربوون ٠

ئەو پێشکەوتنو گەشەکردنە کە کۆماری گەلی هەنگاریا لەو ماوە کورتەی دوای رزگاربوونیدا بە دەستی هێناوە ، نیشانەی دڵسۆزیو تێکۆشانی بێ وچانی گەلو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وڵاتەیەو نموونەیەکی باشە بۆ هەموو ئەو گەلانە کە بە تازەیی لە دەسەڵاتی ئیستیعار رزگاریان بووەو دەیانەوێ وڵاتەکەیان لەسەر بناخەیەکی نوێو نیشتمانیی بنیاتبنێن ٠ خۆ ئەگەر ئەو وێرانیو پاشکەوتوییە بێنینەوە بەرچاو کە داگیرکەرانی تازی بۆ هەنگاریایان بەجێ هێشتبوو ، ئەو دەم پێشکەوتنە ئابوورییو کۆمەڵایەتیەکانی ئەو وڵاتەمان گەورەترو بەرچاوتر بۆ دەردەکەوێ ٠

لە ٣٠ ساڵی رابردوودا کۆماری هەنگاریا سەرەڕای ئەو هەموو کەندو کۆسپەی لە پێشدابووە توانیویەتی پیشەسازییەکی پێشکەوتوو لە وڵاتدا دامەزرێنیو بە دروستکردنی کێڵگەکانی دەوڵەتو کێڵگە هەرەوەزییەکان بناخەی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستی لە لادێکاندا پتەوبکا ٠ هەر ئێستا ٩٧٪ی زەوی کشتوکالیەکانی ئەو وڵاتە بوونە ملکی گشتیو بەشێوەی سۆشیالیستی رەنێو دەهێنرێن ٠

پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان عیراقو هەنگاریادا لە ساڵی ١٩٥٩وە دامەزراوەو بە تایبەتی پاش شۆڕشی حەفدەی تەموزی ١٩٦٨ بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە شێوەیەکی رووونو ئاشکرا گەشەی سەندوە ٠ چونکە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە پێوەندی هاوکاریو دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستیو هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان پتەوتربکا ٠

لە ساڵی ١٩٧٥دا ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان عیراقو هەنگاریا لە چاو ساڵەکانی پێش شۆڕش نۆ بەرابەر زیادی کردوەو هاوکاری نێوان ئەم دووڵاتە دۆستە لە مەیدانەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو ئاودێریو نەوتو رۆشنبیریو راگەیاندنیشدا زیاتر پەرەی سەندوە ٠

باش پێکهاتنی لیژنەی وەزارەی هەمیشەیی نێوان عیراقو هەنگاریا لە مانگی ئابی ١٩٧٢دا پێوەندی هاوکاری نێوان دووولات زیاتر قووڵ بوو ، چونکە ئەو لیژنەیە هەوڵیدا پێوەندی پیشەسازیو دارایییو زانستیو هونەریو کشتوکاڵیی نێوان دوو وڵاتی دۆست زیاتر پەرە پێبدا ٠ بێجگە لەوانە هاتوچۆی تێوان کاربەدەستانی عیراقو هەنگاریا نوختەگۆڕانێکی گرنگ بوو بۆ چەسپاندنو پەرەپێدانی پێوەندی دۆستایەتیی نێوان دوو وڵاتی دۆست ٠

سەردانی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە هەنگاریا لە ئایاری ١٩٧٥دا دەرەتانێکی تازەی بۆ گەشەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان عیراقو هەنگاریا پێك هێنا ، بە جۆرێك کە خزمەتی سوودو قازانجی گەلانی هەردوو وڵاتەکە بکا ٠ لەم بەیاننامەی دوو قۆڵیی دوای تەواوبوونی سەردانەکەدا (درێژەپێدانو پتەوکردنی ئەو پێوەندییەو بەربڵاوکردنی مەیدانەکانی تاکوو ببێتە بەشداریەکی کاریگەر لە خەباتی هاوبەشدا دژی هێزە ئیمپریالیستیو زایۆنیستیو کۆنەپەرستەکانو لە پێناوی سەربەخۆییو سیادەتی نیشتمانیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەلاندا) دووپات کراوەتەوە ٠

ئێمە لە کاتێکدا بەو بۆنە پیرۆزەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گەلی هەنگاریا دەکەین ، هیواداریش پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەر دوو وڵاتی دۆست ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەبستێنێ ٠

Institut Kurde de Paris

سادات شتایشی وایزمان ئەکاتو دەڵێ :

قاهیرە ئاژانسەکانی دەنگوباس : سادات ستایشی عیزرا وایزمانی وەزیری جەنگی دوژمنی کردو ووتی (وایزمان لەدڵەوە ئارەزووی لە ئاشتیەوەیە و هیچ کۆسپێك بۆ هاتنەوە میسر لەرێی ئەودانیە) ٠

سادات لەقسەیەکدا کە بۆ رۆژنامەکان دەیکرد ووتی (من ئەم پیاوەم خۆش دەوێ) و دووپاتی کردەوە کەوا ئامانجەوسەردانەکەی پێشووی قودسی (کردنەوەی سنووری نێوان میسرو ـ ئیسرائیل ـ وداهەزراندنی پەیوەندی خۆش دراوسێیەتی بوو) ٠

پاشماوەی دەقی وتارەکەی سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشیل عفلق

بەزینەکەی جوزەیران لە ڕێگای سازاندندا ، ئەو ڕێکەوتە گەورەیەبوو کە دوژمنانو بەکرێگیراونی تائێستا خستۆتە ناو نلانەوەو ناکۆکیەوە .

زایۆنی دوژمن دوای ئەوەی ئەو بەزینە نیسبیەی تووشی هات لەبەردەم هەموو جیهاندا ڕووتو قووت بۆوەو دەرکەوت کە قەوارەکەی دەسکردەو هەروەها دەرکەوت کە وجودی وەختیەو لەگەل یەکەم سەرکەوتنی عەرەبدا کۆتایی دێ کە دوا ڕۆژ لە دۆخو بارو هاوسەنگیەکی لەباری دەولەتاندا دەبڕەخسێنێ .

لەبەردەم ئەم ڕاستیانەدا کە تازەنین ، تەنها لەڕووی ئاشکرابوونو بلاوبوونەوەیانەوە نەبێ لە بەردەم ژمارەیەکی فراواندا ، زایۆنی دوژمن پەنای بردە بەر هەندێ شێوازی نوێ کە لە بنەڕەتەوە هیچیان لە ستراتیژەکەی جیاوازنیە ، بەڵکو خزمەتی دەکەنو دەیچەسپێنن .

جا لە کاتێکدا کە حەقیقەتی زایۆنیزم لە مەیدانی دەولەتاندا وەك بزوتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستی ئیستیعماری‌یانەی نیشتەجێکەرو پەلهاوێژ لە ڕووکەوتو بە پێی بڕیاری گەورەترین دەستەی دەولەتان تاوانبارکرا ، ئەو قەوارەیە سەرکێشترین دەستەی خاومن باوەڕی زایۆنی دەستدرێژکەرانە ، ئەخاتە سەر حوکم ، بۆ ئەوەی ڕواڵەتی بەهێزیو سەختیو سووربوونی لەسەر ڕۆیشتنی پڕۆژەی پەلهاویشتنی زایۆنی ، بەشێوەیەکی توندترو بەهێزتر لە هەموو کاتێکی تردا بنوێنێ ، تاوەکو دانیشتوانی قەوارەی داگیرکەرو سێبەرەکانی لە دەرەوە بڕوایان پێی بچەسپێو زەختێکیش بێ بۆسەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کە قەوارەی زایۆنی بە بنکەو قەڵاو ئامرازێکی کاریگەری دەست درێژکردنی خۆیو بۆ زەوتکردنی سامانی نیشتمانی عەرەبی دادەنێ ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ئیمپریالیزمە بە هاوپەیمانی ستراتیژی ، لە گەل قەوارەی زایۆنیدا پابەندبێتو لە ساتو سەوداگەریەکانیدا لە گەڵ ڕژێمە کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی عەرەبو ئەو ڕژێمانەی کە بەهۆی لاوازی‌یانەوە حەز لە سازاندنەکەی ئەمەریکا دەکەنو خۆیانی بۆ فڕێ دەدەن ، ئیمپریالیەتی ئەمەریکا لەقەوارەی زایۆنی دوورنەکەوتنەوە .

بەڵام ئەو ڕژێمانەی لە ڕێکخستنی شەڕی تشرینداا لەگەل ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا بوون ، دەستەشکاو دەرچوون ، چونکە دوای ئەوەی زیاد لەپێویست بەقەبارەی سەرکەوتنی تشرینیاندا هەڵاووت ، وایان لێهات لەژێر باری ئەو سەرکەوتنەدا دەیان نووزاند کە لەڕاستیدا ئەوان دروستیان نەکردبوو ، و کەوتنە ناو تەنگوچەلەمەو ناکۆکی‌یەوە ، چونکە ئەوگیانەی جەنگی تشرین دروستی‌کرد ، لەگەل ئەو گیانی خۆبەدەستەوەدانەدا نەدەگونجا کە ئەو ڕژێمانە هەوڵیان دەدا لە وڵاتەکانیاندا بڵاوی‌بکەنەوە .

ئەو ڕژێمانە خواستیان وابوو کە سازاندن لە مەوقیعی سەرکەوتنەوە دەستی بدرێتێ ، بەهەوڵی ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ جەماوەر هەڵخەڵەتێنرێ ، بەڵام حسابەکانی ئەو ڕژێمانە لەگەل حسابەکانی زایۆنی دوژمنداا ڕێك‌نەکەونن .

دوژمن کاتێ دەستە چەتە زیاتر سەرکێشە زایۆنیەکانی گەیاندە سەرحوکم ، بە مەنتیقێکی زەمکاری‌و لەخۆبایی‌یەوە وەڵامی ئەو ئەنجامە سلبی‌یانەی دایەوە کە جەنگی تشرین سەبارەت بەو هێنابوونیە گۆڕێ ، ئەو ئێستا ناچارە بەوپەڕی هێزو توندوتیژی‌و لووت بەرزی‌یەوە ڕەفتار لەگەل عەرەبدا بکا ، بگرە جانەوەرێتی‌ی ئێستای لەهی دوای شەڕی حوزەیران تیژترەو پشتی‌کردۆتە جەنگی تشرینو هەر وەك ڕووی نەدابێ بەڵایەوە وایە . بەڵکو لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵی‌داوە کە ئەنجامەکانی ئەو جەنگە هەڵوەشێنێتەوە ، بەوەی کە بەهۆی بەکرێگیراوانو هاوپەیمانە گۆشەگیرەکانیەوە شەڕێکی ئەهلی وێرانکەرانەی لە لوبناندا دروست کردوە ، بەو نیازەی کە ئەو بووژانەوەو باوەڕ بەخۆکردنەی جەنگی تشرین لەناو جەماوەری عەرەبدا وەڕۆژاندونی ، لە ناویان‌بەرێ . ئێستا زایۆنی دوژمن ڕەفزی سازاندن دەکا ، چونکە سازاندن بەمەرجی سەرکەوتوویەك دەوێ ، دوژمن لەگەل خۆبەدەستەوەدانی حاکمەکانی سازاندنیشدا هەست بەسەرکەوتن ناکا .

ئەو سازاندنەی دوژمن قبوڵی دەکا ، ئەو سازاندنەیە کە لە لاوازی عەرەبو پەرت پەرت بوونیانەوە دەستپێدەکا ، بۆ ئەوەی بەردەوام لاوازی بەدوای لاوازیو پارچەپارچەیی بە دوای پارچەپارچەیان بەسەردابێ . لەبەر ئەوە ئەو پێویستی بەوەختێکی زیاترە کە تیایدابە هاوکاری لەگەل ئیمپریالیەتی ئەمەریکاو کۆنەپەرستی عەرەبو ڕژێمە خۆبەدەستەوەدەرەکاندا ، عەرەبەکان لاواز بکاو ڕزێکانیان تێك‌بداو بەشەڕی ناوخۆیی‌و ناکۆکی لاوەکی‌یەوە خەریکیان بکا .

هاوڕێ تێکۆشەرەکان

ئەی کۆمەڵانی ئەتەومەزنەکەمان :

ئێمە هەموو ئەخۆشی‌یەکانی واقیعی عەرەبی دەبینین ، بەڵام هۆیەکانی هێزو هیواشی تێدا دەبینین حوکمێکی شۆڕشگێرانەو بەڵایەکاخەڕانەی بەسەردا دەدەین ، بەڵام ئێمە قووڵترین ڕوامان بەوە هەیە کە دواڕۆژێکی پڕشنگداری لێ‌پەیدا دەبێ ، ئێمە لەدێتنی ئەم واقیعە داخمان بۆ پەیدا دەبێو ئازارمان دەگاو ڕقمان هەڵدەستێ ، بەڵام پێمان سەیرنیەو سەرمان لێ‌سوڕ نامێنێ ، چونکە هۆیەکانی بۆ ئێمە ڕوونن ، و باوەڕمان وایە کە ئەمە خۆسازکردنە بۆ بازدانێکی تازە بەرەوپێش نەك نیشانەی لەڕێ لادانو داڕزان ، ستێکی سروشتیە کە هێندێ کەس ئەم وەستانە کاتی‌یە بکەنە دەرفەتێك بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ، با لەسەرحسابی سوودو قازانجی گەڵو پاشەڕۆژی ئەتەومش بێ ، و تەنانەت لەڕێگای پیلان خەیانەنیشەوە بێ .

ئیستیعمار دەوری بۆ ئەو کاربەدەستە عەرەبانە کە خۆیان پێیەوە بەستۆتەوەو بۆ ئەو چینە مشە خۆڕەی بەدەوریانەوەیە ، دیاری کردوە ، بەڵام مەنتیقی شۆڕشی عەرەب دەورێکی تری بۆ دیاری‌کردوون : ئەویش ئەوەیە کە بەخەیانەتو تەوزو بەستو خۆ بەدەستەوەدانیان بینە مامزەیەك کە وشیاری بیزوێنێو پێکەیەنێو ڕقو تووڕەیی بەرێبکاتەوەو تەقینەوەی شۆڕشی سەرلەنوێ خێراتربکا .

کۆمەڵانی عەرەب ناتوانن قبوڵ بکەن ، یان باوەڕ بکەن کە میسری عەرەبی کە دووسەدەیە پێشەنگی ڕاپەڕینی نوێیەو قورسایی خەبات دژی‌ئیستیعمارو داگیرکاری‌ی پێگەی‌ی خستۆتە سەرشان ، ئەمڕۆ داوا لەعەرەب بکا کە لەگەل دوژمنی داگیرکەر بسازێنو تەسلیمی مەرجەکانی‌بن . هەروەها ناتوانن قبوڵ بکەن یان باوەڕبکەن کە میسری عەرەبی لەگەل زایۆنیە داگیرکەرەکان ڕێك بکەوێو مەسەلەی فەلەستین لەبیرخۆی بەرێتەوە .

لەکاتێکدا هەرخۆی لەڕابردووی دوورو نیزیکدا سەدان هەزار شەهیدی داوە بۆ ئەوەی خاکی عەرەب بەپاکی بهێڵێتەوەو زەوتکەرێك پیسی نەکاتو داگیرکەرێك تێیدا دانەنیشێ .

سادات ئەوەی هەڵبژاردکە جێبەجێکەری لەڕێ لادانو یەکەم داردەستی کۆنەپەرستی‌ی عەرەبو ئیمپریالیزم بێ لەناوچەکەدا . بۆیە ئەوو ئەوچینە مشە خۆڕەی کەلك لەحوکمەکەی وەردەگرن خۆیان خستەکۆشی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوەو بەبڕیارێکی

> تێکۆشان لەپلەی ژیانەوەدا چارەنووسمانە ، دەبا بەشەوقو بە پەرۆشەوە بەپێر ئەو چارەنووسەوە بچین .

تاکەکەسی ئەمریکای کردە لایەنێکی بێلایەن یان دۆست و ئەوەی لە بیرخۆ بردەوە کە ئەمریکا هەستی چەوساندنەوەو زالبوونی هەیەو چاوی بڕیوەتە شوێنو سامانەکانی وڵاتانی عەرەبی‌و لەگەل قەوارەی زایۆنی هاوپەیمانێکی ستراتیژیەو قازانجی لەوەدایە کە ئەم قەوارەیە وەك هۆیەکی دەستدرێژی بۆسەر وڵاتانی عەرەبی وەسیلەیەکی هەرهشەلێکردنو لاوازکردنیان بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ یەك‌بگرنو ڕاپەڕینەکەیان پەك‌بخا .

هەروەها ، وەك ئەنجامێکی خۆبەستنەوە بە ئیمپریالیزمو بەبڕیارێکی تاکەکەسی‌ی ، سادات کاتێك چووە خاکی داگیرکراو وای داناکە قەوارەی زایۆنی سروشتی ڕەگەزپەرستانەو دەستدرێژی کەرانەو مەزنی‌خوازانەی خۆی گۆڕیوە ، ووەك جاران داردەستو پێگەی سەرەکی‌ی ئیمپریالیزم لەناوچەی عەرەبیدانیەو بۆتە قەوارەیەکی ئاشتیخواز ، لەکاتێکدا لەڕادەبەدەرخۆی پڕ چەلەکردەوەو بەیتابەیتا دەستدرێژی دەکاتە سەر وڵاتانی عەرەبی‌و مەودای داگیرکردنەکەی فرەوان دەکاتو کوشتارو وێرانی لەنێو خاك‌و خەڵکی ئێمەدا بڵاو دەکاتەوە .

کاتێك سادات لەگەل بێزاری هەموو نەتەوەی عەرەب لەکردەوە پڕ شوورەییەکەی بەرەوڕووبوو ، هیچی پێنەما جگەلەوەی هەوڵبدا میسر لەمەودای هەستو شعووری عەرەب جیابکاتەوەو لە ڕێڕەوی خەباتی عەرەبی بەرتنەدەر .

بەڵام کۆمەڵانی عەرەب هەروەك پێشوو چاوەدەبڕنە میسر وەك پێشەنگی ڕاپەڕینو دڵنیان کە هەوری شێواندن وتێکدان هەردەبێ وەلابچێ ، و ئەم تاقیکردنەوە تاڵانە زووتر وڵاتی میسر لە تەوژمی چارەنووسی عەرەبدا دەتوێننەوە ، بۆ ئەوەی مەرکەزی پێشڕەوانەی خۆی لەبزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبداوو دەست بێنێتەوەو دەوریو شیارانەو خۆویستانەی خۆی لەگەل دەوری مەوزووعی خۆیدا ڕێك‌بخا ، چونکە میسر گەورەترینو کاریگەرترین ناوەندی قورسایی بەشەریو شارستانیەتی‌ی عەرەبە .

فەرمانڕەوای میسر دەتوانێ بەئەنیا هەڵوێست بگرێو دڵنیاش بێ کەکۆمەڵانی عەرەب پشتگیری‌ی لێدەکەن ، بەڵام ئەوە کاتێکە کە هەڵوێستەکەی شۆڕشگێرانە بێتو لەگەل قووڵایی ویژدانی گەل عەرەبدا بگونجێ .

> ● وەك چۆن شارستانێتی هەردەم بەندی ئەو هێزەیە کە پارێزگاری لە هەق دەکا ، هەروەهاش وەختێك ئەو سیفەتە لاواز دەبێ یاخود نامێنێ ، شارستانێتی ڕوو لە هەرەس هێنان دەکا .

بەڵام فەرمانڕەوای میسر ناتوانێ هەڵوێستی سەرشۆڕیو خەیانەت بگرێتە بەرو عەرەبەکان لەبەرامبەر ئەمری واقیعدا دابنێ ، هەرچەندەش لەبنەوە پاڵوە پشتیوانی‌یان بێدەنگ بوونی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەبدا ، چونکە ئەم هەڵوێستەی دەکەویتە بەرزەبری ویژدانی کۆمەڵانی عەرەبو تووڕەییو بێزاری‌یان بەرز دەکاتەوەو تووشی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژو بەردەوامیان دەبێ .

هاوڕێ تێکۆشەرەکان

ئەی کۆمەڵانی ئەتەوە تێکۆشەرەکەمان

دۆخی سوریا لەبارەی ئەنجامەکانیو ڕەنگدانەوەیەوە لە مەسەلەی ئەتەوایەتیدا مەترسی لەدۆخی میسر کەمترنیە . بەڵکوو ئەم دوو دۆخە بەپێچەوانەی ئەوەش کە جاروبار لێك دوورو دژبەیەك دێنە بەرچاو زۆر وەك یەك دەجنو پێکەوە هاودەنگن . چونکە هەرکام لەو دوورژێمە یەکجار پێویستی بەبوونو پشتیوانی‌ی ئەوەکەی تر هەیە . ڕژێمێك کەبەناوی سوریاوە قسەدەکا ، بە ناوی وڵاتێکەوە کەوشیاری‌ی ئەتەوایەتی نوێی عەرەبی تێدا لەدایك‌بووە ، شەرعیەتی ئەتەوەیی‌و بەردەبەکی عەرەبی دەدا بەو ناهەقی‌یەی کە جێبەجێکردنی بەرژێمی میسر سەپێنراوە . هەر وەك ئەو ڕژێمەی بەناوی میسر گەورەترینو گرنگترین ناوەندی قورسایی عەرەبەوە قسەدەکا ، پشتگیری‌و غیرەت دەدا بەڕژێمی سوریا بۆ ئەمەی شتی‌وا ڕابگەیەنێ کە گەلی سوریا فترنەبووە لە هیچ فەرما نروایەکی ببیسێ ، ئەویش قبوڵکردنی ناشتی‌یە لەگەل زایۆنی دوژمندا . شتێکی سروشتی‌یە کە بۆ ئەو مەبەستە دووڕژێم هەڵبژێردرێن کەڕیشەی گەلی‌ی بوونو نیشتمانپەروەری‌یان نیە .

ڕژێمەکانی لایەنگری سازان دەبانەوێ بەدووشت کۆمەڵانی عەرەب فریوبدەن :

یەکیان ئەوە کە ئەتەوەی عەرەب ئێستا ئەو هێزەی نیە کە بتوانێ لە بەرامبەر زایۆنی دوژمندا خۆڕابگرێ کە هێزی ئیمپریالیزمی ئەمەریکای لەپشتە .

دووەمیان ئەوەیە کە ئەم سازانە تەنیا تەقەوەستانێکە کە عەرەبەکان لەودا هێزو مەرجەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی ڕزگاریخوازی تەواو دەکەن .

لە ڕاستیدا هێزو توانای ئێستای عەرەب لە ڕوو بە ڕوو بوونی دوژمن درێغی ناکات ، ئەگەر لە بەر هەندێ لەو ڕژێمە خۆ بە دەستەوە دەرە سەرشۆڕانەو ، لە پشتیانەوەش ڕژێمە کۆنەپەرستە بە کرێگیراوەکان نەبێت کە لە وڵاتە عەرەبەکاندا لەدوای تێشکانەکەی حوزەیران سەرکردایەتی باشگەزبوونەوە دەکەنو ـ بە شێوەیەکی داپۆشراو ـ پڕۆژەی سازاندنی خۆ بە دەستەوە دەرانە پەسند دەکەنو هەموو ساڵێك واز لە چەندەها ملیار داهاتی گەل دێنن ، بۆ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا تاکو مانەوەیان لە سەر حوکم بۆی مسۆگەر بکات .

حەقیقەتی دووەمیش : ئەوەیە کە سازاندن لە هیچ حاڵەتێکدا نە دەبێتە ڕێکەوتنێکی کاتی بۆ خۆ بەهێزکردنو ، نە دەبێتە ئەمانەتێکی ڕزگار کردن کە ئەم ڕژێمانە بەجێی دەهێڵن بۆ ئەوەکانی داهاتوو تاکو بەجێی بگەیەنن .

سەرەتاکانی سازاندن دەلالەت لەوە دەکەن ئەگەر سەری گرت ـ لە سەری پێویستە بارو دۆخی عەرەبەکان بۆ بەرژەوەندی ڕژێمو چینە کۆنەپەرستەکان ڕێك بخاتو ، بارو دۆخێکی تۆقاندنو دەم کوت کردنو دەمار گیریی هەرتمایەتی بخوڵقێنێتو ڕژێمو جوڵانەوە پێشکەوتنخوازەکان گەمارۆ بداتو ڕاویان بنێتو بەرگری ئەلەستین لە ناو ببات‌و خرابی مەیینو گیانی خۆ بە دەستەوە دان بڵاو بکاتەوە .

واتە مەبەستیان وەکو ئەوان دەڵێن ـ ئەوە نی‌یە ئەرکی ڕزگار کردن بە ئەوەی داهاتوو بسپێرن بەڵکو مەبەستیان کوشتنی ئەو گیانەیە کە ئەو جۆرە ئەوەیە دەهێنێتە کایەوە .

ڕژێمە خۆ بە دەستەوە دەرەکانو ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە عەرەبی‌یانەی لە پشتیانەوەن لە خۆ بە دەستەوە دەرێك زیاترنو تەنیا بە سەر شۆڕ کردن بۆ دوژمن واز ناهێنن بەڵکو دەیانەوێ لەمە زیاتر بڕۆنو هەوڵ دەدەن کە پەیمانێك لەگەل ئیمپریالیزمو زایۆنیەکان ببەستن کە ستراتیژیەتێکی تەواوی هەبێ بۆ هێرش بردنە سەر هەموو نیشتمانی عەرەب . لەوانەشە پەل بهاوێژێت بۆ دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەم بۆ لێدانی هەموو سەرچاوەیەکی شۆڕشو ڕزگار بوون کە لە وانەیە تەنسیرەکەی بگاتە وڵاتەکانیان .

دەست تێوەردان لە مەسەلەی فەلەستین ، واتە ئەو مەسەلە مەرکەزی‌یەی ئەتەوەی عەرەب کە پەیوەندی بە چارە نووسی ئەو ئەتەوەیەوە هەیە ، تەنیا مافی ئەم ئەتەوەیەیەو بەس . واتە مافی ڕەوای ملیۆنەها کەس لە جەماوەری ڕەنجدەرانی گەلە لە سەرانسەری نیشتمانی عەرەبدا . ئەو جەماوەرەی ڕەسەنو تێکۆشەرەو بۆ کەلەپووری ئەتەوە ئەمرەکەی دلسۆزەو ، هەمیشە بە پەرۆشەوەیە کە پاشە ڕۆژێکی مەزنو پڕشنگداری هەبێت کە لە پلەی ڕابردووی دیرێنی‌دا بێت .

تەنانەت بەرگری فەلەستینیش ، کە نیشانەیەکی هەرە دیارو ئاشکرای کۆلنەدانی ئەو ئەتەوەیەیەو قارەمانیەتیەکەی لە پێناوی بەرگری کردن لە بوونی ئەو ئەتەوەیەدا ئەویش بەشێکە لەو ئەتەوەیەو پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانی مافی ئەوەی نی‌یە دەست لەم مەسەلەیە بدات کە مەسەلەی چارە نووسی هەموو عەرەبەکانە .

ئەوانە کێن کە ئێستا دەست لەو مەسەلەیە دەدەن ، لەگەل دوژمندا پێکدێنو ، دان بە شەرعیەتی داگیر کردنی فەلەستیندا دەنێن ؟ ئەو ڕژێمو فەرمانڕەوایانە نوێنەری چین ؟ ئایا ئەمانە نوێنەرانی کەلەپوورو لە مێژینەیی‌و ڕەسەنیەتی‌و لەسەر ماف سوور بوونی ئەو ئەتەوەیەن ؟

ئایا ئەمانە نوێنەرانی ئەو جەماوەرە زۆرەن کە ڕەنج دەداتو ، زەوی‌و زار دەکێڵێتو شار دروست دەکاتو شەڕ دەکاتو ، خوێنی خۆی لە پێناوی خاکی نیشتماندا دەبەخشێت ؟!

یاخود نوێنەرانی ئەو چینە چەوسێنەرە هەرەسهێنانەن کە لە خاڵو گەلو کەلەپوور دابڕاونو ، تەنیا بیر لە بەرژەوەندیە بۆگەنەکانی خۆیان دەکەنەوە ؟

ئایا هەرکۆنە پەرستێتی عەرەب سەرکردەو پیلانگێڕی سازاندن نی‌یە ؟! هەر بۆ ئەوە نی‌یە کە پارێزگاری دەسەڵاتو حاڵو دەرامەتی خۆی بکات کە مولك دەرامەتی گەلی عەرەبەو هێزی بێگانە پشتگیری دەکا ؟ یاخود تێشکانی ئەتەوەکەی بە هەڵیکی زێرین نەزانێ ، لە کاتێکدا لەوساوە تێدەگۆشێت کە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم جارێکی‌تر بگەڕێتەوە تاوەکو زایۆنی دوژمن بتوانێ بە ئەواوی خاکی فەلەستین داگیربکات .. بۆ ئەوەی بارو دۆخێکی وا بڕەخسێت کە بتوانێت تیادا بحەوێتەوەو بژێتو ڕابوێرێتو بێ ئەوەی لە لایەن ئەو گەلەوە کە داوای مافی خۆی دەکاتو بەرگری لە کەرامەتی خۆی دەکات مەترسی‌یەك هەڕەشەی لێ بکات .

هاوڕێ تێکۆشەرەکان جەماوەری تێکۆشەری ئەتەوەی عەرەبمان :

ماوەی ساڵانی پەنجاکان کە هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان سەرکەوتە مێژوویەکانی وەدەست هێناو سەردەمی بەرچاو ڕوونی‌و سەقامگیر بوونی هوشیاری بوو .

بەڵام سەردەمی شکستی‌هێنانو کشانەوە ، شێوازی بەرچاو لێلی‌و پەشۆکاوی‌و ڕاڕایی لە تێکەیشتنداا وەردەگرێ ، دوژمن دژستەو دژست دوژمنە ، سەرکەوتنیش نیوەی سەرکەوتنەو شکستی‌هێنانیش نیوەی شکستی‌یەو ، سازاندنیش دوو جۆرە ! کۆنەپەرستانەو پێشکەوتنخوازانە .

ئەمەش هەموو دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاڵوزی‌و ئاژاوەو ، بێهێزبوونی جەماوەرو باوەڕنەمانی . ڕزگارکردنی پاشەڕۆژی خەباتی شۆڕشگێڕانەی عەرەبیش پێویستی بە گەڕانەوە بۆ بەرچاوڕوونی‌و ، هێلی شۆڕشگێڕانەی ساغ هەیە ، تاوەکو مەسەلە چارەنووسی‌یەکەمان کە مانەوەمو لەناوچوونمان وەکو ئەتەوەیەك لەو مەسەلەدایە بارمتە نەبێت بەدەستی ئەو دەوڵەتە بێگانانەوە کە دوژمنی ئێمەن ، یان دۆستو هاوپەیمانمانن ، و ئەوان لە جیاتی ئێمە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە .

چارەسەری کامڵو ئاشکرای شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە بمانخاتە ڕیزی جەماوەری تێکۆشەری عەرەبەوە کە بۆ پووچەڵکردنی سازاندنی ئیمپریالیزم خەبات دەکات چونکە ئەو سازاندنە بەردەوامی‌یە بۆ پیلانەکانی ئیمپریالیزم دژی بوونانو خاك‌و خێرو بێرمان . هەروەها لە نێو دۆستو هاوپەیمانەکانماندا لە ڕووی سەربەخۆیی‌و ئیرادەی ئازادەوە هەر ئەو چارەسەرە شۆڕشگێڕانەیە کە جێگامان بۆ دادەنێت .

مەسەلەی عەرەب کە پوختەکەی مەسەلەی فەلەستینە مەسەلەی ئەو چەرخە ، بەڵام شۆڕشەکەی هێشتا نەبووە بە شۆڕشی ئەو چەرخەیە ، چونکە خەباتی عەرەب هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی مەسەلەکەی‌و ، ئەمەیە ئەرکی هەرە گرنگی گەلی عەرەبو ، جەماوەرە تێکۆشەرەکەی‌و ، پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانی .. ئەو ئەرکەیە کە لە سەرمان پێویستە ئەدمینە یەکێکی ترو ، بۆ یەکێکی تر دەستی لێ نەکێشین . ئەمە ئەزموونی مێژوویی لێ وەشاوەیی‌ئەتەوەی عەرەبە .. ئەمە گرەوێکی هێجگار سەختەو پێویستی بە خەباتێکی دژوارو بەردەوام هەیە ، تاوەکو خەباتی میللی‌ی عەرەب بگەیەنرێتە ئاستی پەیامی مرۆڤایەتی . هەروەها داوای لێ دەکرێ کە چمکی هەقو داد لە سیاسەتی دەوڵەتاندا ڕاست بکاتەوەو ، گیانێکی نوێ بکاتەبەر خەباتی سۆشیالیستی جیهانی کە سیاسەتی واقیعیو ، لەگەل واقیعی ڕۆژانەدا ڕۆیشتن خەریکە پڕیشکی داهێنەرانەی دەکوژێنێتەوەو ، بەرەو ئەوەی دەبا کە بکەوێتە حاڵەتی خۆبارا‌ستنو بەرگری لە خۆ کردنو ، ئەو دەست پێشکەرییە مێژوویی‌یەی لە دەست دەربێنێ کە جێگای هیوای گەلانە بۆ خولقاندنی مرۆڤایەتیەکی نوێی پێشکەوتنخوازانە .

> خوێنەرە بەڕێزەکان ئاگادار ئەکەین کە باشماوەی دەقی وتارەکەی سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشیل عفلق لە ژمارەی داهاتودا بڵاوئەکەینەوە .

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێز عودەاحمد سعید باڵوێزی کۆماری عیراق لە کۆماری میللی بەنگلادیش بۆ ڕێ پێدانی کە بچی بۆ سەر نیشەکەی لە کۆشکی کۆماری ئامادەبوو ٠٠

هەروەها بەڕێز جهاد کرم باڵوێزی کۆماری عیراق لە کۆماری هیندستان بە بۆنەی هاتنەوەیەوە بۆبەغدا لە کۆشکی کۆماری ئامادەبوو ٠دووپارە بەڕێز غافل جاسم حسین بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی کشتوکاڵ و زەوی‌سازی بۆ سوپاس‌کردنی سەرۆکی بەڕێز لە کۆشکی کۆماری ئامادەبوو ٠

لەهەولێر

کۆڕێك بۆباسکردنی تێکۆشانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە دامەزراندنیەوە تائێستا

● بەبۆنەی بیرەوەری‌لەدایك‌بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ،دەزگای ڕۆشنبیری جماوەر لە شاری هەولێر کۆڕێکی‌سازکردو لەم کۆڕەدا هاوڕێ عبدالغفار الصائغ ئەندامی‌سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لقی‌ژوورو دوانێکی فراونی دەربارەی دیاردە بنەڕەتیەکانی‌میژووی حزبو تێکۆشانی بێ وچانی لە دامەزراندنیەوەتائیستا پێشکەشی‌کرد ٠

لەم کۆڕەدا ژمارەیەك لەهاوڕێیانی لقی ژووروی حزبو جێگری سەرۆکی‌ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بەڕێز محمد امین محمد احمدوئەمینداره گشتی‌یەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئامادەبوون ٠

● هەروەها دوێنێ‌ئێوارەش کۆڕێکی فراوان لە هەولێر بازکرا بۆ ڕوون‌کردنەوە گوڕینی یاسای ئەحوالی‌مەدەنی ٠

پ٠ هاوکاری

بەڕێز خالد عبد عثمان ئەمڕۆ لە سلێمانی ئەوکۆڕە دەکاتەوە کە دەربارەی ئافرەتی کورد دەبەسترێت

ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری کاروباری ڕێکخستنی لە ئێوان دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیو دەوڵەتدا ، ئەو کۆڕە دەکاتەوە کە یەکێتی ئافرەتانی عیراقو زانکۆی سلێمانی پێکەوە دەربارەی ئافرەتانی کورد سازیان کردوە ٠

هەبێتو لەو مەسلەحەتە بایەخدارەدا کە تیایدا باسی لێدەکرێ ، ئەخشەیەك بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ئافرەتی کورد بەرهەم بێنێ ٠

لە کۆڕەکەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانو سپێڕانو ڕۆشنبیرانو نوێنەرانی کۆمەڵەو ڕێکخراوو دەزگا پەیوەندارەکانی بۆ بانگکراوە گەلێ لێکۆڵینەوەی بە نرخی تێدا پێشکەش دەکرێ کە ژمارەیان (٣٧) لێکۆڵینەوەیەو لە لایەن بەشدارانی کۆڕەوە گفتو گۆیان لەسەر دەکرێ ٠

واچاوەڕوان دەکرێ کۆڕەکە ئەنجامێکی باشی

دەستپێکردنی وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەزانکوی سلیمانی

بە بۆنەی تێپەڕبوونی دەسال بەسەر دامەزراندنی زانکوی سلیمانیدا ، یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق وەرزی ڕۆشنبیری خۆی دەستپێکرد کە لە ٨ ـ ١٥ی ئەم مانگە ئەخایەنێت ٠

بەڕێز دوکتور طارق حسن ئامیدی دوێنێ ئەم وەرزەی بە وتاریك کردەوە ، کە تیایدا ئەو گورانیەی دەستنیشانکرد بە سەر زانکوی سلیمانیدا هاتوە بە هۆی یارمەتی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە ٠

ئەوەی شایانی‌باسە لەم وەرزەدا چەندان کۆڕی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی ساز ئەکرێ ٠

پ٠ هاوکاری

بروسکەی پیرۆزبایی بۆهاوڕێیان میشیل عفلق و احمد حسن البکر وئەندامانی سەکردایەتی و نەتەوەیی و قوتری بە بۆنەی یادی دامەزراندنی حزبی سەرکردەوە

هاوڕێیان میشیل عفلق‌و احمد حسن البکر وئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی‌و قوتری بەبۆنەی دامەزراندنی حزبەوە گەلێك بروسکەی پیرۆزبایی‌یان پێ‌گەیشتووە ٠٠ ئەمەش بەشێکی ئەو بروسکانەیە ٠٠

● بە بۆنەی بیرەوەری سی‌و یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبە دڵیرەکەمانەوە حزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، بەناوی کارگێڕانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەرو بەناوی خۆمەوە بەم بۆنە مەزنەوە جوانترین پیرۆزبایی‌تان پێشکەش دەکەمو ئالای حزبەکەمان بەسەر نیشتمانی گەورەی عەرەبدا بەردەوامو هەمیشە لە شەکانەوەدا دەبێت ٠

کریم محمود شنتاف
وەزیری ڕۆشنبیری‌و هونەر

● بە بۆنەی بیرەوەری سی‌و یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ، بە مایەی سەربەرزی‌و پەختیاری خۆمی دەزانم کە بەناو خۆم‌و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوەو بە ناوی جەماوەری ناوچەکەوە پیرۆزبایی‌یەکی گەرمتان پێشکەش بکەین‌و بەڵێنتان دەدەینێ کە چاوێکی ئاگاو دەستێکی ئەمین‌و خاوێن بین بۆ پارێزگاری کردن لەو ئەو دەستکەوتانەی حزبی سەرکردەمان وەدی هێناون ٠

هەربۆیە وەك باوکو سەرکردە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان لە یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستیدا ٠

محمد امین محمد احمد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

● بەناوی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و بەناوی جەماوەری ناوچەکەوە بەبۆنەی بیرەوەری سی‌و یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە جوانترین پیرۆزبایی‌تان پێشکەش دەکەین ، دامەزراندن‌و تێکۆشانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەورێکی سەرەکی گێڕا لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی عەرەبو لەسەربەمی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە دنیادا لە خەباتێکی سەخت دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستدا ٠

ئێمە ئەمە بەهەل دەزانین کە سلاو لە دامەزراندنی حزبی بەرپاکەری شۆڕشی ١٧ی تەمموز بکەین‌و بە چاوێکی پڕ بایەخەوە دەنواڕینە هەموو ئەو دەستکەوتانەی وەدی هاتوون، کە ئەویش لە یەك خستنی هێزە نیشتمانیکاندا خۆی دەنوێنێ لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەییداو چەسباندنی بنکەی یەکێتی‌ی گەل‌و وەدی هێنانی خواستاو ئارەزووی چینە چەوساوەکان‌و ئالوگۆڕە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌یە گرنگەکاندا کە لەوڵاتماندا هاتۆتە کایەوە ، لە گەل بەرچاوخستنی مافی نەتەوایەتی گەلەکەمان بە دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی‌و دامەزراندنی دەزگاکانی ، دوعاخوازین کە یەزدان بۆ هێنانەدی ئامانجە پیرەزەکانتان‌و سەرکەوتووتان بکات وە بۆ هێنانەدی عیراقێکی گەشاوە کە ڕۆلەکانی بەبەختیاری‌و خۆشگوزەرانی بژین‌و ئالای برایەتی‌و خۆشەویستی‌و ئاشتی تیادا بشەکێتەوە ٠

شاکر فتاح احمد
جێگری ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

● لە سی‌و یەکەمین بیرەوەری دامەزراندنی حزبی جەماوەری عەرەبدا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پێخۆشحالم کە بە ناوی خۆم‌و گشت ڕۆژنامە نووسانەوە لە وڵاتدا گەرمترین پیرۆزباتیان بەم بۆنە نەتەوەییە گران بەهایەوە پێشکەش بکەم ٠٠ لە گەل ئەم بیرەوەریی تێکۆشانە دیارەی مێژووی عەرەب بەردەوام شێوەی قایمی‌و بەرگەگرتنی شۆڕشگێڕانەمان دێتە پێش چاو کە لە ڕێبازی تێکۆشانی حزبدا وەدەردەکەوت بۆ ڕوخاندنی هێزی زۆرداری‌و ستەم کاری لە نیشتمانی عەرەبداو لە کۆکردنەوەی وزەی جەماوەری عەرەبدا بۆ ڕووبەڕو وەستانی پیلانەکانی خۆ بەدەستەوەدان‌و پاشەکشێ کە هێزەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم دەیانەوێت بەسەر ئەتەوەکەماندا بسەپێنن ، ئەویش بەدەست تێکەڵاوکردنیان لە گەل ڕژێمە گومڕاو سەر شۆڕکەرەکاندا ٠ ڕۆژنامەنووسەکانی عیراق لە کاتێکدا سلاو لەم بیرەوەریە خۆشەویستە دەکەن ، بە سەربەرزی‌یەوە دەستنیشانی ئەو ئاقی‌کردنەوە ڕابەرە دەکەن کە حزبی ئەرماندە لە عیراقی شۆڕشدا دەیکات کە بنای ئاقی‌کردنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی تیادا بنئد دەبێتەوەو هەتا هەتایە بیرو باوەڕی تێکۆشانی ئەتەوایەتی شۆشگێڕانەو بیروباوەڕی یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی تیادا دەگەشێتەوە ٠

ئەقیبی ڕۆژنامە نووسەکان
سعد قاسم حمودی

له یادی دامەزراندنی حزبی‌سەرکردەدا :

کردنەوەو دانانی بەردی بناغەی چەندین پڕۆژەی ئاوەدانی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

لە پارێزگای هەولێر بەڕێز محمد امین احمد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی‌ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەردی بناغەی کەنیسەوبارەگای مەترانی کلدانی ناحی‌یەی عەینکاوەی سەر بەپارێزگای هەولێری دانا ، ئەم پڕۆژەیە ١٥٠ هەزار دیناری‌تێ دەچێت ٠ لە دانانی بەردی بناغەکەدا هاوڕێ عدنان داوود ئەمینداری نەینێی حزبی بەعسی عەرەبی‌سۆشیالیستی لقی ژوورو لەگەل بەڕێزان ئەمینداره‌گشتیکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنو بەڕێز بهاء الدین‌احمد پارێزگاری هەولێرو هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی حزب لقی هەولێر بەشداربوون ٠

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە ئاهەنگەکەدا وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی : دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی ئاینی لە موناسەبەیەکی ئاوا پیرۆزدا زیاد لە واتایەك دەبەخشێت ، کە ئەویش باوەڕبوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو شۆڕشەکەی دەردەخات بە برایەتی نێوان دینەکان‌و سەربەستی‌ی پەرستن‌و سەربەستی‌ی دینەکان ٠ دوای ئەو وتاری بەڕێز سەرۆکی قەشەکانی هەولێرو دەوروبەرەکەو ڕێکخراوی حزب لە ناحی‌یەکەداو ڕێکخراوە جەماوەرێکانی ئەوێ خوێندرا‌ـ ئەوە ، هەمویان بایەخێکی تەواویان بە ئاهەنگەکەدا کە بە بۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی (البعث)و لە سایەی ئەو دەستکەوتانەدا بۆ جەماوەری بەدی هێناوە سازکرا ٠

هەر بەو بۆنەیەوە هاوڕێ قاسم صالح ئەندامی لقی حزب لە هەولێر پێشانگای زانستی ئەلایع‌و ئەوجوانان‌و پێشانگای پۆستەرو تابلۆی زەیتی‌کردەوە کە یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لقی هەولێر پێکی هێنابوون ٠

بەڕێز بهاءالدین احمد پارێزگاری هەولێر پڕۆژەی گۆستنەوەی کارەباری بەستی دوکان بۆ پارێزگای هەولێر کردەوە ، ئەم پڕۆژەیە چواد هەزار دیناری تێچووە ٠

درێژی تۆڕی ئەم کارەبایە خۆی دەدات لە ٩٧ کیلۆمەترە٠ ئەمەش بە شێکە لە پڕۆژەیەی گەیاندنی کارەبای دوکان بۆ پارێزگاکانی ئەنبار‌ـ سلێمانی ٠

هەروەها بەڕێز پارێزگار (٣٠) خانووبەرەشی کردەوە بۆ کارگێڕانی وەزارەتی خانەسازی‌و ئاوەدان‌کردنەوە ، ئەم پڕۆژەیەش ١٧٠ هەزار دیناری تێچووە ، لەگەل ئەم پڕۆژانەدا بەڕێز پارێزگاری هەولێر دوو کۆشکی گەورەی نیشتەجێ‌بوونی کردەوە کە ٣٥٠ هەزار دیناریان تێ چووە لە گەل بارەگای سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالی کە ٢٠٠ هەازر دیناری تێچووە ٠

هاوڕی قاسم صالح ئەندامی سەرکردایەتی حزب لە هەولێر یەکەم پیشانگای باخچەی منداڵانی پارێزگای هەولێری کردەوە کە هەشت لە باخچەی منداڵانی مەلبەندی پارێزگا کە بەشداری تێدادا کردبوو هەروەها پێشانگای هونەری مامۆستایانی کردەوە کە ئەویش بریتی‌بوو لە ژمارەیەك پۆستەرو وێنەو تابلۆ دەربارەی گەلێك بابەتی هەمە جۆر ٠

هەروەها بەڕێز ئامق ڕقیب جێگری پارێزگاری هەولێر بەردی بناغەی سێ قوتابخانەو عەمارێکی پەرومردەو خانووبەرە بۆ کارگێڕانی کۆمپانیای گشتی‌ی پەلەوەری ژوورو بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی پارێزگاکەی داناوە کە ئەم پڕۆژانە ٤٢٠ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت ٠

لە لایەکی ترەوە قەزاو ناحی‌یەکانی پارێزگاکە هەموویان وەك شوێنەکانی تری وڵات بەم بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕاوەو لەو ئاهەنگانەدا بەردی بناغەی زۆر پڕۆژە دانراوەو زۆر پڕۆژەی

بروانە ل ٧

بروسکەی پیرۆزبایی حزبە نیشتمانیەکان بە بۆنەی یادی دامەزراندنی حزبی سەکردەوە

سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هاوڕیانی خۆشەویست ٠

لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عیراق پێخۆشحالە کە بەناوی هەمو شیوعی‌یەکانی عیراق‌و لایەنگیرەکانی‌یەوە ، سلاوێکی دڵسۆزانەو پیرۆزبایی‌یەکی ڕاستەقینە ، بەبۆنەی بیرەوەری سی‌و یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبەو هاوپەیمانەکەتانەوە ، پێشکەش ئێوەو ئەندامانی حزبەو جەماوەرەکەتانی بکەین ٠ بەباوەڕێکی تەواوەوە چاوەڕوانی دوارۆژێکی گەشاوەو پێشکەوتوو قوڵ بوونەوەی ڕێبازی شۆڕشگێڕیمان دەکەین بەپشت بەستن بەو ڕێزەوە نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمموز بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەسەری دەڕوات ، وە بەپشت بەستن بەوزەی بێ‌کۆتایی تێکۆشانی جەماوەری گەلەکەمان ٠

لەم دۆخە ناسکەی بەرەوڕووی وڵات‌و نیشتمانی عەرەبمان دێت ، لەکاتێکا نەخشەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنە پەرستانی تێادا بەتین دەبێت ، بۆ سەپاندنی چارەسەری خۆبەدەستەوەدەرانەو دەسەڵاتی ئیمپریالیزم ، بەنین‌کردنی پەیوەندی هاوپەیمانی تێکۆشان لەنێوان هەردوو حزبەکەمان‌و هێزەنیشتمانی‌یەکانی کەوا بایەخ زیاتر پەیدادەکات ، ئەویش لەبەناوی بەردەوام‌ـ بوونمان لە تاقی‌کردنەوەی شۆڕشگێڕیماندا‌و بەتین‌ـ کردنی‌و وەدی هێنانی دەستکەوت‌و سەرکەوتنی زیاتروە لەپێناوی پوچەڵ‌ـ کردنەوەی پیلان‌گێڕان دژی عیراقی خۆشەویستمان‌و نەتەوەی عەرەبمان ٠

هاوڕیانی خۆشەویست

ئێمە ئەم بۆنە نیشتمانی‌یە بەهەل دەزانین ، بۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی حزبە هاوپەیمانەکەتان ، بۆ ئەوەی ئەوە دووپات بکەینەوە کە یەکێتی‌ی گەلەکەمان‌و ئەووزە مادی‌و مەعنەوی‌یەی هەیەتی‌و یەکێتی‌ی هێزەنیشتمانی‌و نەتەوەی‌یە پێشکەوتنخوازەکانی ، ئەبێتە گۆشەیەکی سەرەکی لەو هەوڵو تەقەللایەدا کە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عەرەبی پێشکەوتنخواز دەدرێت ، چەکی دەستی جەماوەری عەرەب بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجە نیشتمانی‌و نەتەوەیەکانی ٠

بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دووبارە پیرۆزبایی هاوڕێیانەتان پێشکەشی دەکەین بۆ دامەزراندنی حزبە هاوپەیمانەکەتان ، سەرلەنوێ بەیمان تازە دەکەینەوە کە لە تێکۆشانی هاوبەشماندا بەردەوام بین بۆ وەدی‌هێنانی جاکترین تێکەڵاوبونی تێکۆشان‌و یەکێتی نیشتمانی‌ـ یەکی بەتین‌و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی سۆشیالیستی گەشاوە ٠

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

هاوڕێی بەڕێز میشیل عفلق ئەمینداری گشتی‌ی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست
هاوڕێی بەڕێز احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی‌ی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست
هاوڕێ بەڕێز صدام

ئەو مەنگاوە شۆڕشگێڕی‌و پێشکەوتنخوازیانەی حزبە تێکۆشەرەکەتان لە مەمو مەیدانەکاندا ناوێتی ، بەخشێنکی مەمیشەیی دەستکەوتی بایەخدار‌وگران بەهان لەسەرو مەمو ئەوانەشەوە خۆمالی‌کردنی سامانی نەوت‌و چارەسەرکردنی بەئاشتی‌و دیموکراتیانەی کوردەو پێك‌هاتنی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی‌یە ، کە نوختەیەکی گۆڕان لە مێژووی خەباتی جەماوەرەکەمان‌و خواستە نەتەوایەتی‌یە ڕەواکانی دەژمێردرێت‌و گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتمانی سەربەخۆی دژ بە ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستی ٠

هاوبەیمانی مەبدەئی‌و چارەنووسی نیوان هەردوو حزبەکەمان دیموکراتی کوردستان‌و بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و لایەنەکانی‌کەی بەرە نمونەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگە بنکەیەکی ڕەنی جەماوەری بەرین پێك‌دەهێنێت ، کە بەهەموو هێزوو توانایەکی بۆ پارێزگاری سەرکەوتن‌و دەستکەوتەکانمان پشتگیری کردنی هەنگاوەکانی دژی هەموو جۆرە پیلانێك بۆ سەر ئازادی‌و سەربەستی گەلی عیراقمان‌و دەسەڵاتی بەسەر چارەنووسیداو بەرگری‌کردنی لە بست‌بەبستی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان٠

ئەمە هەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ڕێزی خۆمان بەرامبەر هەڵوێستە نەترس‌و ئازاکانی حزبەکەتان نیشان بدەین کە لەمەیدانی عەرەبدا بۆ پەردەداماڵین لە ڕووی هەڵوێستی سەرشۆڕی‌و مامەڵەو سیاسەتی بەردەوامی پاشەکشێ لە ڕێبازی خەباتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی لەلایەن هەندێ لەڕژێمە عەرەبێکانەوە لەسەرووی هەموو ئەوانەوە ڕژێمی سوریاو میسر دەی‌نوێنێت ، وەپشت گیری‌ـ کردنی بێ‌سنوورتان بۆ شۆڕشی فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان بە وزەو توانایەکی خەباتی بەردەوام کە هێزوو توانای مەرجی ڕووبەڕوو وەستانێکی بەتینی نەخشەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستی دژی ئەتەوەی عەرەبی هەیە کە ئێستا وێنەی پەلامارداندێکی ڕاستەو خۆی گرتووە کە ئەویش لەو هێرشە سەربازی‌یە فراوانەی زایونیزمدا بۆ سەرخواروی لبنان خۆی دەنوێنێ ٠

لیژنەی مەرکەزیی
حزبی شیوعی عیراق

پێخۆشحالین کە بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەماـ ئەوە ، سلاوێکی ڕاستەقینەو پیرۆزبایی‌یەکی گەرم بەبۆنەی تێپەڕبوونی سی‌ویەك ساڵ بەسەر دامەزراندنی حزبە هاوپەیمانەکەتاندا پێشکەشی تێکۆشەرانی حزبو جەماوەرەـ کەتانی بکەین ٠

کۆڕێك٠٠ بۆ گۆرانی‌ی کوردی

سەرلە بەیانی‌و هەروا سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٤ـ٤ـ١٩٧٨ کۆڕێك لەلایەن کاك محمود زامدار لە ژێرناوی (گۆرانی کوردی‌و دەروازەیەك) لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی سلێمانی ـ ساز ئەکرێ ٠

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

بەشداراني كۆڕەكە بۆ «هاوكاری» دەدوێن

بەبۆنەی کۆڕەفراوانەکەی یەکێتی ئافرەتانی عیراقوزانکۆی سلێمانییەوە دەربارەی ئافرەتی کورد :

لە رۆژانی (١٠ ـ ١٢)ی ئەم مانگەدا بە چاودێری بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری کاروباری ریکخستن لەنێوان دەوڵەتو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا ، کۆڕێکی فراوان دەربارەی ئافرەتی کورد لە سلێمانی دەس‌پێدەکا کە یەکێتی ئافرەتانی عیراقو زانکۆی سلێمانی پێکەوە سازیدەکەن . لە کۆڕەکەدا گەلێ لیکۆلینەوەو باس لەلایەن شارەزایانەوە پێشکەش دەکرێو گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ . (هاوکاری)ش بەم بۆنەیەوە چاوێ بە مامۆستا بەڕێزانەکەوت کە بەشداری کۆڕەکە دەبێو لیکۆلینەوەی تێدا پێشکەش دەکەنو ئەم گفتوگۆیانەی لەگەلدا کردن .

دکتۆر عبدالوهاب العیسی

لە مەلبەندی توژینەوەسایکۆلۆژیەکان چاومان بە مامۆستا عبدالوهاب حسن العیسی ماشیەر لە سایکۆلۆژیاو سەرۆکی بەشی سایکۆلۆژیا لە کولیجی ئاداب‌و سەرۆکی مەلبەندی توژینەوەسایکۆلۆژیەکان کەوت سەبارەت بە لیکۆلینەوەکەی کەبەناوی (ئافرەتی کورد لە زانکۆی سلێمانی) یە ووتی : ئەو لیکۆلینەوەیەم لەسەر داواکاری یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ئامادەکردوە کە داوای لە مامۆستاوپسپۆرەکانی کردبوو لە حالەتی ئافرەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکۆلنەوە ..

ئەمەش بۆچوونێکی جوان‌و لەبارە چونکە ئەیەوێ هەموو وزەیەکی زانستی جۆراو جۆر کە لەزانکۆکەدایە بخرێتە گەڕو لە کردەوکانیدا بەکاربهێنرێت .. ئەمەش بەلگەیەکی هۆشیاری زانستیانەیەو لە یەکێتی‌یەوە دوورینە .. لیکۆلینەوەکە باسی ئافرەتی زانکۆ دەکاو بە تایبەتی لە زانکۆی سلێمانیدا بایەخێکی گەورە بە ئافرەت دراوە .

پ : تەبیعەتی لیکۆلینەوەکەچۆنە ؟

و : لە بنەڕەتدالیکۆلینەوەکە سەبارەت بە ئەرکەکانی ئافرەتی زانکۆیە لەزانکۆی سلێمانیداو بەکارهێنانی وزەو چالاکیەکانی‌لە کارو بەرهەم هێناندا‌و یەکخستنی رەنجەکانی بۆ ئەوەی لە دوو لایەنی بنەڕەتی ژیانی رۆژانەیدا کە ئەویش ئەمانەیە بە ردەوابێت :

١ ـ یەکخستنی رەنجی ئافرەتان لە ناوچەکەداو دەستنیشان‌کردنی وزەی کارکردنی‌و چۆنیەتی بەرهەم هێنانی توانایان .

٢ ـ زۆرکردنی بەرهەم‌هێنانی‌و دەستنیشان‌کردنی وزەکەی‌و وەگەڕخستنی تاکولە ئیستاو پاشەرۆژیشدا ئەنجامێکی باش بە دەستەوەبدات .

٣ ـ دەرکردنی ئافرەتی زانکۆ لە قاوغە تەنگەبەرەکەیداو ماوەدانی تاوەکو وزەی فیکری‌و توانای لەشی لەهەموو مەیدانێکدا بخاتەگەڕ بۆ داهێنان‌و پەرەپێدانی ئەو شتانەی کە لەخەیالیدا هەن .

پ : ئەو ئەنجامانەی کە لەروانگەی لیکۆلینەوەکەدا دەستکەوتن ؟

و : ئافرەت عونسرێکی کۆمەڵایەتیەو بارو دۆخی دەوروبشتی کاری تێدەکات .. ئەگەر هاتوو ئەو بارو دۆخانەش گۆڕانی تێ کەوت ئەوا ئافرەتیش دەگۆڕێ .. لەبەر ئەوە لە سەرلێ‌پرسراوان‌و ئیمە لیکۆلەرەوان‌و یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق پێویستە کە شۆڕشێك لەریزی ئافرەتانی ناوچەکەدا بەرپابکەین تاوەکو کادیری شارەزاو لێهاتوو دروستبێت‌و وزەو توانا شاراوەکانیان لە کۆڕی کارکردندا وەدەربخەن .

لیکۆلینەوەکە لە رێگای پرسیاری راستەوخۆوە کراو رای ئافرەتی زانکۆی سلێمانی دەربارەی بەشداری‌کردن لە چالاکی‌و خزمەت‌گوزارپەکانی یەکێتی ئەگەر بێت‌و هەل‌و مەرجی کارکردن لە ریزی یەکێتی‌دا بۆی رەخسێنرات لەو لیکۆلینەوەیەدا دەرکەوت کەلە ٥٠٪ ئەو ئافرەتانەی پرسیاریان لێکراوبو ئامادەن بۆ ئەوەی لە هەموو چالاکیەکانی یەکێتی‌دا بەشداربین‌و لە ٥٠٪ی ئافرەتەکانی‌تر ئایانەوێ لە چالاکیەکانی یەکێتی‌دا بەشداربین لە بەرخوورەوەشتی کۆنی خێزان‌و ئەوکۆت‌و زنجیرەی کە خۆیان‌پێوە بەستوە .

لێرەدا وشیارکرنەوەی ئافرەتانی ناوچەکە ئەرکێکی گەورەی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراقەو پێش هەموو لایەك ئەو ئەبێ ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی .. ئەم کارەش لە رێگای سەردانی هەمیشەیی‌و کردنەوەی رێکخراوە جەماوەرییەکان‌و بەستنی کۆڕی فراوان دەربارەی ئافرەت لە ناوچەکەدادێتە کایەوە .. هەروەها لەم روانگەیەوە دەتوانن لە ئافرەتان نزیك ببنەوەو هانیان بدەن تاکو بێنە ریزی یەکێتی‌یەوەو لە چالاکیەکانیدا بەشداری‌بکەن . لە هەمان‌کاتدا بۆمان دەرکەوت کە لە ٧٠٪ ئافرەتان بە بێ ئەوەی پارەیان بدرێتێ ئامادەیی خۆیان دەربری کە لە چالاکیەکانی یەکێتی‌دا بەشداربین‌و تەنها لە ٢٥٪ داوای پارەیان کرد بەرامبەر ئیشکردنیان ئەوانیش لەبەر دەسکورتی‌و کەم‌دەرامەتی خێزانەکانیان بوو .

هەروەها بۆمان دەرکەوت کەلە ٨٠٪ ئەوانەی دەیانەوێ لە ریزی یەکێتی‌دا کاربکەن ئەو ئافرەتانە کە لە بەشی ناوخۆیی قوتابیانن ئەوانەش لەبەر چەند هۆزێك یەکێ لەمانە کاتێکی بێکاری درێژیان‌هەیەو ئایانەوێ بەفێڕۆ بڕوات‌و دووەمیان رۆژی بێنج شەمەو هەینی دەوامیان نیە لەبەر ئەوە پێ بەدلیان دەیانەوێ لە یەکێتی‌دا کاربکەن‌و خزمەتی نیشتمان‌بکەن .

پ : ئایا ئەنجامی لیکۆلینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی ئیجابی بوو یاخودسەلبی ؟

و : لیکۆلینەوەی مەیدانی‌هەرگیز سەلبی نابێت ـ هەتا ئەگەر هاتوو ئەنجامەکانی‌سەلبی لەوانەیە ئەو ئەنجامانە سوودیان لێ ببینرێت‌و بتوانرێ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە . منیش بەش‌بەحالی خۆم ئەو هۆیانە وایان لێ‌کردم کە ئەخشە بکێشم بۆ لیکۆلینەوەیان ئەو هۆیانەی کەوای لە ٥٠٪ی کچەقوتابیان کردووە کە لەیەکێتی‌دا ئیش ئەکەن لەبەر ئەوەی خێزانەکانیان لەبەر ناشارەزایی‌و نەزانینیان بەوکارانەی کە یەکێتی دەیکات رێگایان لێ‌گرتوون . بەلام ئەنجامە ئیجابیەکانی لیکۆلینەوەکە شتێکی باشی‌بوو رای ٢٤٠ کچە قوتابیم وەرگرت‌و بەپێی‌تێکرای ئەو سەعاتانەی کە دەتوانن کاری تێدا بکەن بۆم‌دەرکەوت کە هەموو کچە قوتابیەك ئامادەیە هەفتەی‌شەش سەعات کاربکات‌و یەکێتی دەتوانێت ئەم شتەرێکبخات‌و سوود لە وەزەکانیان وەربگرێت . هەروەها لەئەنجامی ئاکامە ئیجابیەکاندا دەرکەوت کە کچە قوتابیەکان‌زۆر بەپەرۆشن بۆ ئەوەی لەمەلبەندەکانی لەناو بردنی نەخوێندەواری لەناوچەکەدا کاربکەن‌و پێشنیاریان ئەوەیە کە سەر لەدێهات‌و گوندەکان بدەن‌و ئامادەن رۆژێکی تەواو لەگوندو دێهاتەکاندا دەرس بڵێنەوە . لەهەمان کاتدا ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ بەشداربوونیان لە دەورەی‌درومان‌و چنین‌و ئەو دیاردەیەش دوولایەنی هەیە :

یەکەم : لایەنی ئابووری ! ئافرەت دەیەوێت بۆ درونەوەی جل‌و بەرگی خۆی‌و خێزانەکەی‌پشت بەخۆی ببەستێت .

دووەم : لایەنی کۆمەڵایەتی : جل‌و بەرگ چێژی هونەری دەوێ‌و پێشکەوتن‌و زیندووکردنەوەی شتێکی پێویستە چونکە کە لەبووری ئەوانەو لەسەر یەکێتی پێویستە کە ئەمە رێکبخات‌و هەموو پێداویستیەك لە ناوچەکەدا ئامادە بکات . لایەنی سێیەمی ئەنجامە ئیجابیەکان ئەوەیە کە بەشی‌زۆری کچە قوتابیەکان دەیانەوی لە کۆڕی وشیاری تەندروستی‌دا بەشداری بکەن‌و بچنە ناو خەلکەکە تاوەکو بایەخی تەندروستی‌یان بۆ روون بکەنەوەو فێریان بکەین چۆن داوو دەرمان بەکار ئەهێنن بۆ پاراستنی خۆیان‌دژی هەموو جۆرە نەخۆشیەکان .

لێرەدا شتێکی گرنگ‌سەری هەلدا ئەویش ئەوەبوو کە هەندێ لە کچە قوتابیەکان دەیانەوێت سەر لە دادگاکانی ئەحوالی شەخسی‌بدەن ئەو دیاردەیەش بەزۆری لە دوای دەرکردنی یاسا تازەکانی قانونی ئەحوالی شەخسی‌یەوە دەرکەوت . ئەویاسایانەش هوشیاری ئەواو بە ئافرەت دەدەن لەرووی‌یەکسانی‌و جێگیر کردنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان لەنێوان کۆمەڵداو ئەوشتانەش دەبێت لیژنەی قانونی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق روون بکاتەوە .

پ : مامۆستا رات بەرامبەر بە ئافرەت چیە ؟

و : ئافرەت دایکەوخۆشکەو هاوسەری ژیانە لەو بۆچوونانەدا ئەویش هاونیشتمانێکە رووداوەکانی نیشتمانەکەی کاری تێدەکات‌زیاتر لەوەی کار دەکاتە سەرپیاو چ لە کوری کارکردنداو چ لە ماڵەوە .. لیکۆلینەوە زانستیەکان لەرووی توانا‌و وزەو ئامادەبوون هیچ جیاوازیەك ناخاتە نێوان ئافرەت‌و پیاوەوە ... بەلام کۆمەڵگایەکە جیاوازی لە نێوان ئافرەت‌و پیاو دەکات .. کەواتە پێویستە هەموو هەل‌ومەرج‌و بارو دوخێك بۆ ئافرەت ئامادە بکرێت تاوەکو هەموو توانای خۆی لە کۆڕی کارکدندا بخاتە گەڕە چونکە هەندێ ئیش‌و کار تایبەتیە بە ئافرەت‌و کەسی تر ئەوکارانەی شیاو بەهەر دایك ئەتوانی زیاتر لە پیاو بەروەردەی منالی بکات .. هەتا ئەگەر هاتوو پیاو بەروەردەی منالی کرد بەلام ئافرەت لەو کارەدا لەو بە توانا ترە چونکە ئەوەکارێکی سروشتی‌یە بە نیسبەتی ئافرەتەوە .

دکتۆر أنیسة حسن المنشیء

لە مەلبەندی لیکۆلینەوەی بەرزی تەندروستی دەروون ، چاومان بە دکتۆر انیسە حسن المنشیء کەوتو چەند پرسیارێکمان لەبارەی ئەو لیکۆلینەوەیەوە لێکرد کە بەناونیشانی (ئافرەتی کوردلەماڵەوە بۆ کارکردن لەدەرەوە هەنگاوەنێت) ئامادەی کردووە .

پ : دوکتۆر چی‌پالی پێوەنایت کە ئەم لیکۆلینەوەیە دەربارەی ئافرەتی کورد ئامادە بکەیت ؟

و : بایەخدان بەمەسەلەکانی ئافرەت‌و رزگارکردنی ئەرکێکی نیشتمانی‌یە کە چاکتر وابوو زۆر لە دەمێکەوە ئاوڕی لێبدرێتەوە ، بەلام دوای شۆڕشی ١٧ی تەمموز سەرکردایەتی سیاسی بایەخێکی ئێجگار گەورەی بە مەسەلەی سەربەستی ئافرەت‌و کارکردنی لە کارگەو کێڵگەکاندا داوە ، ئاشکراشە لای هەموو کەسێك کە بنچینەی سەرەکی ئەوەو سەربەستی‌یە بەپشتگیری سەرکردایەتی سیاسی‌و هاوکاری کۆمەڵ وەدی دێت .. من وەك ئافرەتێك لە خێزانێکی ئاینی‌یەوە رێگای خۆم گرتۆتە بەرو توانیومە بوونی خۆم لەکارو کۆمەڵدا بسەپێنم ، چونکە وڵات ئەوەی‌بۆ دەست نادات کە پشت بکاتە ئافرەت‌و وازی‌لێ بهێنێ‌لەبەرئەوەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ، جا ئەگەر ئەونیوەیەدەست بەستە بێت ئەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ .. لەبەر ئەوە پێویستە ئافرەت لەهەموو لایەنێکی‌یەوەسەربەست بکرێت .

پ : لایەنە سەرەکیەکانی لیکۆلینەوەکەت چین ؟

و : لیکۆلینەوەکە وەرگرتنی‌رای ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەو بەشداری کردنێتی لەئیش‌وکاری دەرەوەی ماڵدا ، لەگەڵ ئەو شتانەداکەبوونەتە کوسپ لەرێگای ئەو ئیش‌وکارانەیدا ..

لە لیکۆلینەوەکەدا دووجۆرەرا وەرگرتنی تێدایە ، یەکەم ئەو کەیبانوانەی کە ئیش ناکەن‌و هۆی ئەوە ئیش نەکردنەی ، دووهەمیان ئەو ئافرەتانەی کاریان کردووەو لە دواییدا ناچاربوون کەواز لەکارەکانیان بهێنن‌و ئەو هۆیانە چین کەوای لێکردوون‌واز لەکارکردن بهێنن‌و بگەڕێنەوە ماڵەوە .

پ : دکتۆر انیسە .. ئەوهۆیانە چین کەوای لە ئافرەتی کورد کردووە لە دەرەوە بەشداری‌کارکردن نەکات ؟

و : بەشێوەیەکی گشتی‌لە کۆمەڵی عیراقمانداو بەشێوەیەکی تایبەتی لەکۆمەڵی کوردا ، ئافرەت خوێندەوار نی‌یەو بەتەواوی تا رادەی‌نەزانین پشت گوێ خراوبو ، تاوەکو شۆڕشی ١٧ی تەمموزهات‌و هەموو هەوڵ‌و تەقەللایەکی‌دا لەپێناوی‌فێرکردنی ئافرەت‌و بەشداری کردنی لەکارکردندا .. ئەوهۆیانەش وەك لەوە ڕا وەرگرتنەدا دەرکەوتووە ئەوەیە :

یەکەمین : نەشارەزایی‌و نەخوێندەواریانە کە لەراستیدا ٨٥٪ یان نەخوێندەوارن‌و پیشەنازانن . دووهەمین : زۆری ئیش‌وکاریان لەناوماڵداریگای ئافرەتی کورد نادات کە لەدەرەوە ئیش‌بکات .

بەلام ئەو ئافرەتانەی بۆماوەیەك کاریان کردووەو دوایی وازیان هێناوە ئەوەش‌هۆی تایبەتی‌و گشتی‌ی هەیە .. هۆی سەرەکی ئەوەیە کەکەس‌وکار یامێردی ئافرەتەکە رێگای ئیش‌کردنی نەداوە ، هۆیەکی کەش ئەوەیە ئافرەتی کورد بۆی نالوێت کە ئیشی ماڵەوەو دەرەوە لەگەڵیەکدا بگونجێنێت ، لەبەر ئەوەی‌ئەرکێکی زۆری بەسەرشاندا کەوتووە .

پ : انیسە خان لەروانگەی‌لیکۆلینەکەتەوە ، چۆن دەروانیتە ئافرەتی ناوماڵو ئافرەتی کرێکار ؟

و : ئەو ئافرەتەی زۆربەی‌زۆری کاتی خۆی بۆماڵ‌و ئیش‌وکاری ناوماڵ تەرخان‌دەکات جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کە لە دەرەوە بەشداریی مەیدانی کارکردن دەکات ، چونکە ئافرەتی ماڵەوەهەموو وزەیەکی بیرکردنەوەی لە چوارچێوەی ئیشی ناوماڵدادەخولێتەوە ئەمەش رێگای داهێنانی لێدەگرێت‌و تەبیعەتی ئەم ئیش‌وکارانەش وای لێدەکات کە تووشی گۆشەگیریی ببێت‌و لەکۆمەڵ دووربکەوێتەوەو ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە رادەی بیرکردنەوەی ئەسك ببێت .. بەلام ئەو ئافرەتەی لەدەرەوە بەشداری کارکردن‌دەکات وەك مرۆڤێك هەست بەنرخ‌و بایەخی خۆی دەکات ، بەتایبەتی کەئیش دەکات ئەو ئیش‌کردنە جۆرە باوەڕ بە خۆبوونێکی دەداتێ .. ئەو ئافرەتەی لەچوار چێوەی‌ماڵدادیلە مرۆڤایەتی‌و باوەڕی وردوو خاش دەبێت .

پ : گەیشتویتە چ ئەنجامیك ؟

و : لە ئەنجامی لیکۆلینەکەمەوە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە بەشی زۆری ئافرەتی کورد نەخوێندەوارن‌و پلەیەکی زانستیان‌نی‌یە ، جالەبەر ئەوە پێویستە هەلێکی وایان بدرێتێ بۆ ئەوەی بیریان‌رۆشن ببێتەوەو لەهەموو مەیدانێکدا شارەزایی بەیدابکەن .

لە ئەنجامی لیکۆلینەوەکەدا ئەم سەرزمارەم بۆ دەرکەوتووە .. لە ٨٢٪ی ئافرەتانی کورد هەر لە ئیش‌کردن دەکەن بەتایبەتی‌لەوانەی کەیبانووی منالیان ١٧٪ی ئافرەتان حەزناکەن‌لەدەرەوەی ماڵەوە ئیش‌بکەن ، لە ٣٨٪ یان دەلێن پێویستیمان بە پارەنی‌یە ، ئەوەی سەرنج رادەکێشی ئەوەیە کە ٧١٪ی ئەو ئافرەتانەی لەدەرەوە کارناکەن کەس‌وکار‌و مێردەکانیان رێگای ئیش‌کردنیان لێ نەگرتوون ، وە لە ٦٣٪ ئافرەتان بۆیە کارناکەن چونکە پلەی‌خوێندەواریان نی‌یە . ٥٧٪ی ئافرەتانیش لەبەر ئیش‌وکاری‌ماڵ نایان پە رژێنە سەرئیشی دەرەوە . لە ٥٠٪ی ئافرەتان‌لەبەر منداڵەکانیان ئیش‌ناکەن، بەلام تەنها ٢٤٪ی ئافرەتانی‌کورد لەبەر نەبوونی کۆمەڵایەتی‌و خێزانەکانیان کارناکەن ، هەروەك لەم سەرژمێرەدا دەرکەوتووە ٢٢٪ی ئافرەتان بۆیە کارناکەن چونکە نەرێنی ئەو ناوچەیەیان رێگا بەئافرەت نادات کە لەدەرەوەی‌ماڵەوەئیش بکات ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەتی‌کورد سەربەستی زۆر هەیە کە ئەمەش بەیوەندی هەیە بەناوچەکەوە کە دەبێت بەلێکۆلینەوەیەکی فراوان ئەم‌مەسەلەیە روون بکرێتەوە .

پ : لەبەر روناکی ئەو لیکۆلینەوەیەدا پێشنیارت چیە ؟

و : دوای بەرپابوونی‌شۆڕشی ١٧ی تەمموزی پیرۆز لەسالانی ٧٤ـ٧٥ ، ٧٥ـ٧٦دا ١٤٧٥ قوتابخانەی سەرەتایی کرایەوە لەگەڵ ٨٠٤ قوتابخانەی ناوەندی‌و ٥٠ قوتابخانەی ئامادەییداو ٨ قوتابخانەی پیشەسازی‌و کشتوکاڵو چەندقوتابخانەیەکی مامۆستایان کرانەوە .. لەگەڵ ئەمانەشدا ناوچەکە هێشتا پێویستی زۆر هەیە بە قوتابخانەو مەلبەندی‌قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری .. لەبەر ئەوە من وابەچاك دەزانم کە زمارەیەکی لەئافرەتان لە قوتابخانە پیشەیی‌یەکاندا وەربگیرێت ، لەگەڵ کردنەوەی چەند دەورەیەك بۆ زۆرکردنی‌شارەزایی ئافرەتان کرێیەکی کەمیان بدەنی تاوەکو دوایی بەتەواوی ئیش وەردەگرن چونکە ئافرەت پێویستی بەوریاکردنەوە هەیە لەبەر ئەو دەورەگرنەی لە بنیات نانی‌کۆمەڵدا دەیگێڕێت ، هەروەها وریاکردنەوەی پیاوان لەبارەی‌گرنگی دەوری ئافرەت‌و رێگەدانیان بۆ فیربوون . وریاکردنەوەی ئافرەتیش لە رێگای ڕاگەیاندن بە ئێرگەو ئەلەفزیون‌و رێکخراوە میللی‌و جەماوەرێکان‌و مەلبەندی لاوان‌و ئەویانانەوە دەگرێت کە ئەرکی وریا کردنەوەی ئافرەتیان لە ئەستۆیە .. هەروەك پێشنیاری ئەوە دەکەم کە باخچەی منداڵان‌و دایەنگا زۆرگرێت بۆ ئەوەی ئافرەت‌ماوەی ئەوەی هەبێت بۆئیش دەرچێت هەروەها دامەزراندنی دەزگای خزمەت گوزاری وەك لە قوتوتانی خواردەمەنی‌و چیشتخانەی میللی کارێکی گرنگە وەشتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەرمی بەکار بێت بەرامبەر کاتی ئیش‌کردنی ئافرەت .

پ : رات بەرامبەر ئافرەت‌چی‌یە ؟

و : ئافرەت مرۆڤە خواست‌و ئارەزوو وزەو توانا‌و شەخسی‌یەتی خۆی هەیە . بێگومان دەتوانێ بەشداری زۆرئیش‌و کار بکات ئەگەر ماوەو هەلی ئەوەی بدرێتێ .. ئافرەت لە هموو کاتێکدا ئەرموونیان نی‌یە ، هەندێ جار ئەرموونیانە وەهەندی جار رەق‌و بەهێزە ، وەهەندێ جار عاتیفی‌یە ، وەهەندێ جار ئازا‌و بەسەبرە ، دوارۆژیش بۆ ئەوەی تازە مژدەی خۆشی پێ‌یە ..

دکتۆر منیر عبدالباقي الناصري

لە خەستەخانەی کەرخ چاومان بە دکتۆر منیر کامل عبدالباقی الناصری کەوت‌و ئەم دوو پرسیارەمان لێکرد .

پ : دکتۆر ئاونیشانی‌باسەکەت بۆ ئەو کۆڕە لیکۆلینەوەیەدا چی‌یە ؟

و : باسەکە بە ناونیشانی (منال لەبارچوون کاردەکاتە ئافرەتی ئیشکەر) ە .

پ : دکتۆر بەلکو فیکرەیەکی کورتمان دەربارەی باسەکەو ئەو هۆیانە بدەیتێ کەپالیان پێوەنایت لەو کۆڕەدا بەشدار بیت .

وەلام :

فیکرەی لیکۆلینەوەکەدەگەڕێتەوە بۆ هەندێ تێبینی پێشوو ، کە لە کاتی ئیش‌کردندا بینیومن، نیسبەتی لە بارچوون بە نیسبەت‌بوونەوە بە شێوەیەکی نامەنتیقی‌و نامەعقول لە بەرزی‌دایە ، چونکە ئەو رێژەیە لەو رێژە تەبیعی‌یەزیاترە کە چاوەڕێ دەکرێ لە کاتی ئیش‌کردندا رووبدا ، ئەمە پاڵی پێوەنانن وابیربکەینەوە کە بەشێك‌لەمانە لە خۆیانەوە روونادەن ، بەلکو لەوانەیە خۆیان بەدەستی ئەنقەست دەیکەن‌و لەسەر ئارەزووی خۆیان لەباردەبرێ ، ئەم کارەش یەکەمجار ساڵی ١٩٧٢ لە کۆڕێکدا کە کۆمەڵەی رێکخستنی خێزانی عیراقی لە بەسرە پێکی‌هێنابوو ، پەنجەمان بۆکێشا .

دەمێکە لە دیاردەی‌لەبارچوون وانەکۆلرێتەوە کە تەنها دیاردەیەکی پزیشکی‌یە ، لە پاشانا وەك رووداوێکی پزیشکی سەری هەلدا‌و ئەنجامێکی کۆمەڵایەتی هەبوو ، واتە وای لێهات بوە رووداوێکی پزیشکی‌و کۆمەڵایەتی . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیاردەیە وامایەوە کە بەناشکراو لەسەر بنچینەیەکی پەیوەند بەیەکەوە بوونی کۆمەڵایەتی پزیشکی‌و کارتێکردنی لەبارچوون لەواقیعی کۆمەڵایەتی تاکە کەس‌و خێزاندا باس‌نەدەکرا .

لەو ساڵانەی دواییدا ، دوای ئەوەی ئافرەت لەم چەرخەماندا ، چەرخی پیشەسازی‌و فیربوون ، رووی‌کردە مەیدانی کارکردن‌و فیربوون ، دیاردەی لەبارچوون‌خاسیەتێکی ئابووری وەرگرت ، وای لێهات کاربکاتە سەر ئابووری‌و ئابوورییش کار لەو بکات‌و بکەوێتە ناو حساب‌و لێکدانەوەی رەنجدان‌و ئیش کردن‌و بەرهەمهێنانەوە ، چونکە ئافرەتی ئیشکەر وای‌لێهات پیر لەمسۆگەرکردنی چاوەدێری ئەو منداڵانە بکاتەوە کە ئەیبن ، بەتایبەتی ئەگەر مێردەکەشی ئیشکەربێ .

هەروەها تێبینی ئەومان‌کرد کە ئەوەندە رۆژەی کرێکاری ئافرەت‌و فەرمانبەری ئافرەت بەهۆی دیاردەی لەبارچوونەوە لە خەستەخانەکاندا دەمێننەوە ، رۆژانی ئیجازەی نەخۆشیشیان بچنە سەر کە دوای دەرچوون‌لە خەستەخانە ئەیاندێتێ ، هۆیەکی کاریگەر دەبن لەکەم‌کردنەوەی بەرهەمی تاکە کەسی ناو کارگەو دایەرەکاندا‌و کاریش لە تەواوی بەرهەمهێنان دەکەن ، لەبەر ئەوە لە مانگی تەموزی ساڵی رابوردووەوە لە خەستەخانەی کاظمیەدا دەستمان‌کردوە بە لیکۆلینەوە لەسەر ئەو ئافرەتە ئیشکەرانەی لە دەوروبەری شارەکەوە روو دەکەنە ئەو خەستەخانەیە . بۆ ئەوەی چەند مەبەسیك بەدی بهێنین :

١ ـ بۆ دەرخستنی بوونی دیاردەی لەبارچوون لەناو کرێکاران‌و فەرمانبەرانی ئافرەت‌دا لەگەڵ زانینی قەبارەی دیاردەکە .

٢ ـ ئەگەر توانرا هەول بدرێ ، رێژەی راستەقینەی لەبارچوونی بە خۆشی یا لە بارچوونی لەخۆوە ، لەگەڵ ئەو لەبارچوونەدا جیابکرێتەوەکە بەدەستی ئەنقەست دەکرێ .

٣ ـ هەوڵدان لە رێگەی قسەکردن‌و گفتوگۆوە بۆ گەیشتنە هۆ‌و رەگەکانی مەسەلەکەو رێبازی خۆڵی‌پاراستنی .

٤ ـ گەیشتینە ئەوراستی‌یەی کە یەکێ لە هۆ سەرکەوتووەکانی نەهێشتنی سك‌کردنی بەرێکەوت یاخود بەهەلە ، بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری خێزانی‌و هۆشمەندی پەیداکردن بە توانای ژن‌و مێردەوە دەبێ کە کات‌و وەختی سك‌کردن بخەنە ئەو ماوەیەوە کە هەردووکیان لە باشترین حالەتی دەروونی‌و لەش‌ساغی‌و گوزەران‌دا دەبن .

بۆ ئەوەی مناڵێکی وەك پێویست‌و نەخشە بۆ کێشراو بخەنە دنیاوە ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێستا روو دەدا ، بەوەی کاتێ بە رێکەوت یاخود بە هەلە ئافرەت سك دەکاو ئافرەتی کرێکار یافەرمانبەر ناچاری پەنا دەباتە بەر هۆی ناچارانەو ناتەندروستی بۆ

بروانە ل ـ ٧

Institut kurde de Paris

دەربارەی چاپکراوی نوێ

چیرۆکی هونەری کوردی

رؤوف حسن

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا .. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی .. کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی « چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠ » لە نووسینی چیرۆکنووسی ناسراو حسێن عارف ..

لە سەرەتاوە وام هەبەست بوو زۆر بە وردی دەربارەی سەرتاپای کتێبەکە بنووسم و چی راو بۆچوونی گشتی و تایبەتیم هەیە بیخەمە روو بەڵام سەرنجەکانی دەبێ کتێبێکی تر بە قەدەر خۆی بنووسم .. ئەمجا بکەومە گێڕەوە کێشەی دۆزینەوەی دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوەی کەوابو ئەمهەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ بۆیە وام بە باشتر زانی جارێ باسەکەم بکەم بە دوو بەشەوە ..

یەکەم : تۆمارکردنی سەرنجە گشتی یەکانم دەربارەی تێکڕای کتێبەکە بە کورتی .. (کە لێرەدا دەیخەمە پێش چاوتان) .

دوەمیش : بەراوردکردنێکی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب لەگەل (چۆن بووم بە خانەدان)ە کەی ئەحمەد موختار جافو وردکردنەوەیەکی بۆچوونەکانی حسێن عارف لەم بارەیەوە .. (کە لە دەرفەتێکی تردا بڵاوی دەکەمەوە) .

ئەمکارەی حسێن عارف .. ئەك هەر ئەرکێکی گرانەو (سەبری ئەییوبی دەوێ) وەك خۆی دەڵێ .. بگرە (عەمری نووحیشی دەوێ) .. چونکە تەنیا خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەو ٣٦ یا ٣٧ ساڵە .. کاتێکی ئەمەندە زۆرو زەبەندی گەرەکە کە بە ئەمەنەوە دیاری بدا .. سەرەڕای تۆمار کردنی سەرنجەکانو ڕێکو پێك خستنیانو پێشکەش کردنیان بە شێوەیەکی لەبار .. لە کاتێکدا ئاشکرایە کە ئەدیبانی کورد ئەك هەر (تەفەڕوغیان) نەکردوە بۆ ئەدەبەکەیان .. بەڵکو هەزارو یەك چەلەمەو گیروگرفتی ومزیفەو ژیانیان لە بەردەم دایە .. بۆیە بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی وا جێگەو پایەی دیاریکراوی خۆی هەیە .

نووسەر لەمەڕ کەمو کوڕیەکانی بەرهەمەکەی دەڵێ .. (رەنگە بتوانم وەك ئێوە پەنجەیان بخەمە سەر .. ل٦) .. ئەمەیان دانپیانانێکی زیرەکانەیەو جا با لە گەلیدا پەنجە بخەینە سەر ئەو کەلەبەرو ناتەواویانەی کە خۆیشی پێیان دەزانێ .. هەروەها ئەوانەش کە (رەنگە) خۆی نەتوانێ پەنجەیان بخاتە سەر ..

١ ـ دابەش کردنی ماوەی سی و حەوت ساڵی تەمەنی چیرۆکی کوردی بەسێ بەشەوەو بە حسابی ساڵ لە لایەن نووسەرەوە ..

آ ـ سەرەتاو سەرهەڵدان ١٩٢٥-١٩٣٩ .

ب ـ نەشونما کردن ١٩٣٩-١٩٥٠ .

ج ـ بەرەو پێگەیشتن ١٩٥٠-١٩٦٠ یا ١٩٦١ .

وای بۆ دەچم کەر نەلێم هەموو گیروگرفتو ناتەواوی باسەکەی لەم دابەش کردنەوەوە سەر هەڵدەدا .. ئەوا دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرەزۆری کەمو کوڕیەکان لەمەوە دەست پێ دەکاو بەناو سەرجەم کتێبەکەدا پەخش دەبێتەوە ..

نووسەر هەوڵی داوە بۆ هەربەشێك لەم سێ بەشە سیماو مۆرکی جیاوازیان بۆ دروست بکاو بە مەبەستی جیاکردنەوەی پلەکان وەك خۆی دەیەوێ .. بەڵام ئەم کارە نەبۆ ئەم مەیسەر بوەو نە بۆ هیچ کەسێکی تریش مەیسەر دەبێ .. چونکە حسابە زەمەنیەکەی (بە ساڵ) بۆ کراوە لە لایەك .. لە لایەکی تریشەوە چیرۆکی کوردی رەگ و ریشەیەکی دێرینی نیەو هونەرێکی نوێیە ..

وەك دەزانین رژێمی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداریتی ئیمپریالیزمی بەریتانیایی هەر لە دروستبوونی حوکومەتی عیراقەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ درێژەی کێشاو جۆری حوکم هیچ گۆڕانێکی بنچینەیی بە سەردا نەهات .. هەروەها چیرۆکنووس و لایەنە فیکری و هونەریەکانی چیرۆك .. هەر لە سەرەتاوە لە هەڵجوون و داچوونێکی هێمن دا بوون تا بە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا دەگا .. هەرگیز ئەو شەپۆلانەش سەردەمێك و چەند ساڵێکی نەگرتۆتەوە .. بەڵکو ئەو چیرۆکنووسانەی گرتۆتەوە کە بە جیا جیاو لە هەرسێ پلەکەدا بەرهەمی پوختیان داوە بەدەستەوە ... هەروەها ئەوانەش کە بەرهەمی لاوازیان هەبوە .. بۆیە لە پلەی دوەمو سێیەمیشدا زۆر بەرهەمی وا دەبینین کە لە ئاستی ئەوەکەی جەمیل صائیبدا نەبوون و لە دامێنیەوە وەستاون .. ئەمجا ئەگەر ئەم بەراوردە یا ئەم جیاوازیە چەند نموونەیەکی کەمی بگرتایەتەوە ئەوە حسابەکە بە نەوعێکی تر دەردەچوو .. بەڵام دەبینین بە لێزنە چیرۆکی بێ پەروا لە (پلە) کانی تردا هەیە ..

ئەم مەسەلەیە بە نیسبەت شیعری کوردیەوە بە بارێکی تردا دەکەوێتەوە .. لەویاندا دەتوانین قۆناغ دابنێین و تەنانەت حسابی سالیشی لەگەڵدا بکەین .. چونکە لە شیعردا ـ گۆڕان ـ و هاوڕێکانیمان هەیەو کۆڕڕانو کردنەوەیەکی گەورەو ئاشکرای هونەریو فیکریان خستە ناو دابو نەریتی ریشە داکوتراوی شیعری کوردیەوەو لە کۆمەڵێ پێوەندو کۆتی نامۆ رزگاریان کرد ..

ئەگەر بە هەر شێوەیەکی تر چیرۆکی کوردی دابەش بکرایە رەنگە لەبار تر بوایە .. وەك ـ سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ دلداری ـ هتد یا .. بە گوێرەی پالەوانەکانو دەورەکانیان لە چیرۆکدا ـ جوتیار دەرەبەگ ـ بۆرجوازی ـ ئافرەت ـ هتد .. یا هەر دابەش کردنێکی تر .

٢ ـ بۆ هەر (پلەیەك) پێشەکیەکی سەربەخۆی بۆ دانراوە .. ئەگەر هاتوو هەرسێ پێشەکیەکەمان پێکەوە لکاند .. دەردەکەوێ کە باسێکی سیاسی و مێژوویی و لێکتری دابڕ نابن و یەکتر تەواو دەکەن .. بەڵام بەمیچ تانو پۆیەکەوە لەگەڵ چیرۆکەکانو باسەکەدا یەکانگیر نابنەوەو تەنسیری گاریگەریان بەسەر کاروانی رێچکە پەستووی چیرۆکی کوردیەوە دیاری ناداو تەنانەت وای لە نووسەر کردوە نموونەی دەس نەکەوێ بۆ پالپشتی کردنی ئەو پێشەکیانەی نووسیونی .. سەیر دەکەی .. باسی شەڕی جیهانی دوەمەو ملیۆنەها کوژاوو هەاژرەها تانکو تۆپ لە ئارادایەو تێکڕای شارستانیەتی مرۆڤایەتی کەوتۆتە مەترسیەوە .. کەچی لەچیرۆکەکاندا باس باسی (مام شێخ)و (گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی) (بووك و خەسوو) و (راوە ژیشك) و (رۆنە زەنگی حەمە سەن) و (یا مەنە یا هۆقە) و (شیربایی) و .. بە دەیان شتی تر لەمبابەتانەیە ..

٣ ـ لە تێڕوانینو شی کردنەوەی چیرۆکەکانی هەرسێ (پلە) کەدا کۆمەڵێ رستەی لەیەکچوو دەبینین وەك چەند جارێك دووبارە کردنەوەی ئەم مەبەستە لە پلەی یەکەمدا (ئا لەم وەزعەدا دەستی دابوە قەڵەمو ئەوچیرۆکە پڕ رەخنەو تیرو توانجو هێرش بردنەی دەنووسی .. ل ٢٦) و (رەخنە گرتن لە پەراگەندەیی رژێمی سەردەمی خۆیو ریسواو رەجاڵ کردنی ... ل ٢٩) لە (پلەی) دوەمیشدا وەك (ئیتر نووسەر بە چەند دێڕێك ریسواو رەجاڵی دەکا .. ل ٦١) و لە لاپەرە ٥٨ دا باسی (پەنجە کردن بە چاوی زۆردارانەدا) دەکا کە لە چیرۆکەکانی گەلاوێژدا رەنگی داوەتەوەو لە (پلەی) سێیەمیشدا دەربارەی مەبەستی چیرۆکەکان دەڵێ (بەڵکو پێیتە مۆرێکی گوناهبار کردنیش بەناوچەوانی بەرەی چەوسێنەرانەوە .. ل ١٠٠) .

وا تێ دەگەم ئەم لەیەکچوونە لە مەبەستی چیرۆکنووسەکانی هەرسێ (پلە) کەداو یەکگرتنەوەیان لە زۆر باری تریشەوە ، دەبنە بەڵگەیەکی سەلێنەری تر بۆ

بروانە ل ٧

دوو کورتە چیرۆك

١ ـ قەزوان

دەستی بردو پنەکەی لەپشت کەنووەکە دەرهێناو نایەبن هەنگێی .. مەشکەی بان کونەڵانەکە چووار پەلی کردبووە ئاسمان ، کە (خەزێمە) دەستی لێدادەگرت ، ووردە ووردە ئەو لە شوێنی خۆیدا دەنیشتەوەو پشکەکانی دەکەوتنە دۆ دەردان ... ووردە قەزوانە سەوزەکان ریزیان دەبەستو لەگەڵ خوڕەی دۆکەدا قووتیان دەخوارد ... گەمالەکەی بن کونەڵانەکە بەچکەچکی ئاوو دۆکە لەکلکە لەقێ دەکەوتو ناوبە ناویش ئاوی چاڵێنکەکەی دەلەپاند .... جامە دۆکەی لەسەر دەرخۆنەکە داناو کەمێ بەر گوڵبێنەی تەنوورەکەی دڕێدا .. لە پاش هەموو مژێکی هەقەوەستێنی دۆکە ، شریقو هوڕی قەزوانەکان ئارەزووی دەمێك بنێشتی کوردیان پێ دەخرۆشاند .. دڵۆبە ئارەقەکانی ناوچەوانی بەزۆری لەسەر پێچکەی خەزامەکەی نووچێکیان دەداو بە دەم گرپەی گرپەکەوە بەشێکیان دەبوون بە هەڵم .. لەگەڵ هەموو سووڕاندنێکی شیشی تەنوورەکەدا گاوەستە دەم داپچڕاوە هەڵواسراوەکان دەکەوتنە سەماو زۆر بە تامەزرۆوە دوو کەڵەکیان هەڵدەمژیو بەشداریی جیهانی دەردەوەو ناوەوەی (خەزێمە)یان دەکرد .. کە دەیان زانی جەوجووڵەکەیان دەبێتە هۆی سیچرا بارین ، یەکسەر وەرس دەبوونو بە هەڵواسراوی خۆیانیان دەهێڵایەوە .. سەرجەم گەردنی خۆیان بۆ بینینی ئەو کردبوو بەچاو .. ئەویش کە چاوی بەرز دەکردەوە خەندەیەك غدغدەی لێوەکانی دەواو دەیوت .. « خۆزگەم ، بەورۆژەی نەهۆشتە مارۆکەمان تیا سەربڕیو بۆ یەکەمجار گفتم دایە « هۆشیار » کە هەر بۆ ئەو یم .

٢ ـ راو

هەردوو سنگو داوە لەکلك بارگیر دروستکراوەکەی کردە قەی قەبزە کەداو ، بە چاورۆکەیەکی سپی جیهانی دەرەوەی لە سۆسکەکە بێبەری کرد .. لە تزیك شارە مێروو لەیەکەوە نایەوە پەنا بەردێکی ڕکەی باهان ملەکەی بەرانبەری کردە پەسارەو خۆی تیا حەشاردا .. نقەنقی سۆسکە ئازادەکان ، ئەوەی بەپنجك حەشاردراوەکەیان هێنایە خوێندن .. ئەم لە شوێنی خۆیەوە ئۆقرەی لێ بڕا .. بەملەقوتێ کردن زووزوو خۆی لە دەورو بەری ئاشکرا دەکرد .. بریارێکی نوێی دەدا ، کەچی لە بریارەکە نەدەبووەوە یەکسەر بەرزە پێ هەڵدەسایە سەرپێو یەك دوو نەرمە لۆقی بۆ دەکردو بە پشیمانی پشتاپشت دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی .. لە شوێن خۆیەوە دەستی کردە خوێندن ، هەموو نزایەکیشی ئەوە بوو سۆسکەکەی خۆی ڤقیەکی کەی لە دەم دەربچێت .. ئەوەنە دەمی بەقوتەوە گرت ، لێوەکانی ماندوو بوونو نەیان دەتوانی بەجوانی ئەرکی خۆیان ببینن .. نووکی پێی لەبەردێکی لای دامانی گیرکرد .. بەردەکە چەند تەقلەیەکی نارێکی داو بەملاو بەولادا هاتو لەسەرتیك وەستا ... چاوی گواستەوە بۆ شوێنی بەردەکە . کولاژدمێکی سەلاس خووارەو کلکی نابووە تەوقی سەری . بەتوندی سەرنجی بەدیمەنە نوێکەوە بەست ... ئەزلەقەیدا ... خۆی گفەوکرد ... شلپەی لێهەڵساند ، سۆسکەکانی دەوروپشتی دایان لە فڕڕەی باڵ ... راچەنی .. بە پەلە خۆی گەیانە قەبەزەکە .. چا رۆکەکەی داخست .. دەستی دایە قەبەزەکە بەسووکی هات بەدەستیوە .. سەری هەڵبڕی بینیی سۆسکە بەریووەکە خەریکە خۆی لە خول دەگەوزێنێ .. سنگەکانو داوو قەبەزە بەتاڵەکەی لە چارۆکەکەناو ، هاوشانی رێگا قیرتاو کراوەکەی نێوان هەردوو شارەکەی گرتو لۆژلۆژ رێگای ماڵی گرتە بەرو لە بەر خۆیەوە ناو بەناو ئەیدایە قاقای پێکەنین .

مستەفا زەنگنە

وەڵامێك بۆ محمد عەلی قەرەداغی

جمال محمد

لە ژمارە (٤١٥)ی رۆژنامەی هاوکاریدا برای ئەدیب کاك محەممەد عەلی قەرەداغی وتارێکی لە ژێر ناونیشانی (تکایەك)دا بڵاوکردەوە ، لەو وتارەدا ئەوەی پەیوەندی هەیە بەمنەوە حەز ئەکەم بۆ خوێنەرانی خۆشەویستی ڕوون بکەمەوە ، بۆ ئەوەی بەناڕەوا کەس گوناهبار نەکرێو هەموو شتی مافی خۆی بدرێتێ دەردی کورد ئەڵێ « خوا ڕاستەو ڕاستی خۆش ئەوێ » ، سەبارەت بەوەی کە کاك محەممەد وەستوویەتی کەلك لەو کەشکۆڵەی لای من وەربگرێ بەڵام من هیچ دەستی یارمەتیم بۆ درێژ نەکردووەو ئەمجا .

« هەرچەندە ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوم ، گلەیی ئەکاتو ئەڵێ : (زۆر کەشکۆڵو دەستنووسی لای خوێندەوارانو ئەدیبان هەیە بەڵام دووبارە بەداخەوە ئەوانیش وەك بڵێی گوناحە خەلك سوودیان لێ وەربگرێ، چونکە خاوەنەکانی ئەقەیان لەخۆیان بڕیوەو خۆیان لەو هاوارو بانگەوازە کردووە بە تووڵبڕو بیر ناکەنەوە بەم خۆبیدەنگ کردنەیان زیان بە ئەدەبی کوردی ئەگەیەنن .. تاد) .

ئەگەر یەکێك ئەمە بخوێنێتەوە یەکسەر بڕوا ئەکا بەڵام ئەمە شتێکی ڕەوا نییە کە کاك محەممەد داویەتی پاڵ من بۆچی !

یەك : هەموو خوێندەوارانی ئازیز ئاگاداری ئەوەن کە برادەر کاك محەممەدی مەلا کەریم خەریکی چاپ کردنی دیوانی (نالی)بوو ، بێ ئەوەی کاك محەممەد ئاگاداری ئەوەبێ من کەشکۆڵم لایەو دیوانێکی سەربەخۆی (نالی) لەسەرەتای کەشکۆڵەکە دایە ، من خۆم بە کاك محەممەدم وت کە شتێکی وام لایەو هەر کە لە بەغدا گەڕامەوە سلێمانی ، بێدواکەوتن وێنەی دیوانەکەی (نالی)م بۆ گرتەوەو لەگەڵ (٣) سێ دەستنووسی تری نالی‌دا ، بۆم ڕەوانەکرد تا دیوانەکەی چاپ کرد ئەو دەستنووسانەی لا مایەوە .

دوو ـ دکتۆر مارف خەزنەداریش هەر کە خەریکی لەچاپدانی دیوانی نالی‌بوو هەرهەمان یارمەتیمدا . وە تەنانەت بێ ئەوەی ئەویش ئاگاداری ئەوەبێ کەشکۆڵو دەستنووسم لابێت .. ئەگەر من مەیلم بوایە یارمەتی هیچ یەکێ لەم دووە مامۆستایەم نەئەدا کەسیش نەیبرد بێی بزانێ .

سێ : کاك محەممەد عەلی بەدەمی ڕاتەسپێری کە کەشکۆڵی بۆ بنێرم بێ ئەوەی ئارەزووی ئەوەی هەبێ لە نامەیەکدا بۆم بنووسێو باسی ئەو شتانە بکا کە پێویستی‌پەنی‌و ناونیشانو جێگەو ڕێگەی خۆیم بۆ بنووسێ ، دیارە یەکێ کە خەریکی چاپ کردنی دیوانێکی بێ ئەبێ بە باشی عەودالی ئەو سەرچاوانەبێت کە پێویستن نەك هەر بەراسپاردەی دەمی داوایکا . یان من هەر لە سلێمانی بووم‌و ئەوەندە دوور نەبووم تا کاك محەممەد دەستی نەمگاتێو لەو چەند سەردانەیدا بۆ سلێمانی ئەیتوانێ ببینێو بە یەکەوە دابنشینو زۆرتریش یارمەتی بدەم . جگە لەوەی من چەند جارێك لەبەغدا چوومە کۆڕی زانیاری کورد ، بەڵام کاك محەممەدم نەدی ، لە کۆتاییدا هیوادارم کە خوێنەوارانی بەڕێز بە پێچەوانەوە لە مەسەلەکە تێ نەگەن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کاك محەممەد عەلی قەرەداغی منی گوناهبار کردووە ، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی هەر ئەدەم ، چونکە ئەمەیان هونەریە ، دیارە مەبەستیشم خزمەتکردنەو ڕێزی بێ پایانیشم بۆ کاك محەممەد عەلی‌و هیوام وایە چاوەڕوان بێت‌و بەم زووانە ئەوشتانەی داوای کردووە بۆی ڕەوانە ئەکەم .

«هاوکاری» و خوێنەران

هاودیانی ئامادەی کردووە

● کاك عەزیز دەشتی لە هەولێر .. سەرنجەکەت دەربارەی شیعرەکەی کاك مەسعود پەریشان کە بە ناونیشانی زوونانك لە ژمارە (٤١١)ی هاوکاریدا بڵاوکرابووەوە .. سەرنجێکی سەرپێییەو نەتوانیوە بە تەواوەتی ناوەڕۆکی شیعرەکەومەبەستی شاعیر لێکبدەیتەوە .. وابزانم ئەگەر بە شێنەیی جارێکی تر چاوێك بە شیعرەکەدا بخشێنی .. بە ئاسانی لە ناوەڕۆکو مەبەستی شاعیر تێ ئەگەی چونکە شیعرەکە سووکو ڕەوانە .

● کاك سەرکار سالار ئەمین .. کولێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی .. کاکی برا وابزانم بە لاپەڕەیەکو نیو لاپەڕە ئەو باسەی لەسەرت نووسیوە ساغ نابێتەوە . چونکە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ هەیەو نووسینەکەت شتێکی تازەی بە دەستەوە نەداوەو پشتت بەو سەرچاوانەت بەستوە کە بە بێی رای تۆ شیعرەکە هی کوردییەو بە هەڵە لە دیوانی ئالیدا بڵاوکراوەتەوە .

● کاك سەلام ئەحمەد سلێمانی .. کاکی برا نووسینەکەت یاخود باشتروایە بڵێم گلەییەکەت دەربارەی ئەو نووسینەی کە لە سەرکێلی گۆڕی پیرەمێرد نووسراوە زۆر بەجێیەو پیرەمێردی شاعیر بایی ئەوەندەی کردووە ناوەکەی ئاشکراو ڕوون بێو هەموو کەسێك بیخوێنێتەوە.. بەڵام پاککردنی ئاسنەکەش لە لایەن ئەدەب دۆستانو دڵسۆزانی پیرەمێردەوە شتێکی قورس‌و گرانەنییە ..

● کاك تاری باڵەك لە قەسرێ .. براڵە ئێمە تەنیا سێ نامەتمان بەدەستگەیشتووە .. بەڵام کە بۆ گۆڤاری بەیان‌و رۆشنبیری‌ـ نوێش بەرهەمی ترت ناردووە، ئەوە ئەوە دوو گوفارەش پۆستەی خوێنەرانیان هەیەو وەڵامی خوێنەران ئەدەنەوە . نامەکانت یەکێکیان لە ٣٠ـ١ـ١٩٧٨دا نووسراوەو ئەویتریان لە ١٦ـ٢ـ١٩٧٨و سێیەمیان لە ٩ـ٣ـ١٩٧٨دا نووسراوەو ئەو بارچە شیعرەت کە لە ناویاندابوو لەرووی هونەری شیعرەوە کەمێك لاوازبوو .. چاوەڕوانی بەرهەمی ترین .

● کاك نازاد شاکر زەواندزی لە ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەلەك بارچە شیعریکی لە ژێر ناونیشانی (دەنگێ لە دەورووبێکی ... ووتاوەوە) بۆ ناردووین ئێمەش بە کۆپلەیەکی پۆستەی خوێنەرانی هاوکاری بێ ئەڕازێنینەوە :

ئاری خان
گەر دەمزانی ئەوەندە زوو
دەست لە ملی بڕوا دەکەی
ملوانەکەی باوەڕی خۆم ..
لە گەردنتا هەڵدەئاڵاند ؟!

● کاك نازاد یوسف رەشید .. نووسینەکەت بە ناونیشانی (غەمێك لە یادچوو) نوقڵانەی پاشەرۆژێکی گەشەو بەهرەی شاعیرێتی تێدا هەیە .. بەڵام بەرهەمی شاعیرەکانمان بەوردی بخوێنەرەوە ناکو زیاتر تاقیکردنەوەکەت بخەملێیتو لە هونەری شیعردا فاڵ‌ببیت .. چاوەڕوانی بەرهەمی نوێت ئەکەین .

● کاك ئەدهەم سەعید ئەرەج .. نووسینەکەت دەربارەی ژیانو شیعری مەحمەد موختار بەگی جاف مێجگار کورتبوو .. جگە لەمەش هیچ شتێکی تازەت لە ژیانی شاعیرمان نەخستۆتەووو .

● کاك ئەبو بەکر مەحمود بارێزگای سلێمانی .. بڵاونەکردنەوەی هەواڵەکانی وەرزش لە کوردستانەوە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە ئەو جۆرە شتانە پشتگوێ ئەخەین .. بەڵکو بریە دڵ حەزمان ئەکرد لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ وەرزش‌و لاوان لە رۆژنامەکەماندا بوایە بەڵام لەبەر کەمی لاپەڕەکانو تەنگوچەڵەمەی چاپ ئێستاکە ناتوانرێ لاپەڕەکانی هاوکاری زیادبکرێنو لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ وەرزش‌و لاوان تەرخانبکەین .. هیوادارین لە دوا رۆژدا ئەمەمان بۆ بکرێ .

● کاك شۆڕش بیلال .. پەیمانگای تەکنۆلۆژیا .. بەغدا .. برای خۆشەویستم ئەگەر ئێمە هەر بەرهەمێك کە شیاوی بڵاوکردنەوە نەبێت‌و ئەو مەرجانەی کە بوونەتە هۆی پڵاونەکردنەوەی ڕوونبکەینەوە .. وابزانم هەر ساڵێ جارێك ئەتوانین وەڵامی هەموو خوێنەرانی هاوکاری بدەینەوە .. چونکە هەر نامەیەك لاپەڕەیەکی هاوکاری یاخود هیچ نەبێ هەموو گۆشەکە ئەگرێتەوە .. جا ئەگەر پۆستەی خوێنەرانیش بدەینەوە لە کۆی ئەتوانین داواکارییەکەت بەجێبێنین !

● کاك محەمەد هۆشمەند پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی (لەکیشوەری شەودا) بۆ ناردووین .. ئێمەش وا کۆپلەیەکی بۆ هاوڕێیانی گۆشەکەو خوێنەرانی هاوکاری بڵاو ئەکەینەوە :

کە چرای ماڵتان خەفە دەبێ
کە شەو باڵی ڕەشی دەکشێ
.. بەسەرمانا .
کە هەوری غەم ، لە زستانی
نەمەن دادێو .
دادەباری ..

● کاك زاهیر عبدالله لە خەڵوەتی تەنیایی شەوێکدا تەڵ خەیاڵی بزواوەو بەو شێوەیەی خوارەوە لە پارچە شیعرێکدا بە ناونیشانی (هەنووکەش) رازو نیازی خۆی دەرئەخات :

هەنووکەش ..
لە شەوانی یادی تۆدا
هەڵدەتەکێ برینە کۆنەکانم
هەنووکەش .. ناوازی
دەنگی خۆشت
دەلەرێنێ پەردەی گوێیەکانم
هەنووکەش ..
یادی تۆ .. دەتەزێنێ
دەبزوێنێ سۆزی دڵم ..

● کاك سامی هادی عوسمان لە گەڕەکی نەیراوە لە هەولێر .. نامەیەکی دوورو درێژی لە ژێر ناونیشانی « گلەییەك لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی »دا بۆ ناردووین تیایا ئەڵێ : (زۆر جار دەزگای بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی هاوکاریو گۆڤاری رۆشنبیری نوێو بەیان بیری مرۆڤ بە چەند ووشەیەکی ساردو سڕ بریندار ئەکەنو وای لێ ئەکەن لە دەریا فراوانەکەی ئەدەب دوور بکەوێتەوە .. هتد) .

کاکە سامی وەکو خۆت لە نامەکەتدا دەرتخستووە لە ماوەی چوار مانگدا دوو سێ شیعرت بۆ ئەم دەزگایە ناردووەو لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێو بەیاندا دوو کۆپلە شیعرت بڵاوکراوەتەوە بەڵام لە

بروانە ل ٧

وردبوونەوە

ئەی کچۆڵەی پێ نەگەییوو
بۆوا چاوت بەدوای ڕەزی لەشی منا
کەوتۆتە دەنگ جریوە
خۆ هێشتاکە بوخچەی مەمکت
لە بێستانی سینەی نەرمت
جۆت شەمامەی نەچنیوە !!
بە تەشیلەی چاوەکانی هاتە وەڵام
وونی ئازیز ..
خونچەی سوخمەی سینەی خۆمم
لە باوەشی دڵی گەرمی تۆ بینیوە

★ ★ ★

ئەی کچۆڵەی ناسك ئەندام
لەوەتەی تۆ چاوە شینە جوانەکانت لێم بڕیوە
ڕەنگی شینی ئەم ئاسمانە فرەوانەت
لە بیبیلەی چاوەکانمدا دابڕیوە
لەوەتەی تۆ ناسکە بزەت لەسەر لێوا هەنیشتوە
مەلی خەمی ئەم جیهانەم لەسەر دڵا هەڵفڕیوە !

★ ★ ★

ئەی کچی جوان ..
شیرین تری لەو پاروەی کە برسیەتیم زنجیردەکا
لەو روبارەی کە تینوێتیم دەست بەست دەکا
ئەو بەهارەی کە بەرامەو بۆنی گوڵی مەستم دەکا
لەو بەهەشتەی کە ئالودەو ئارەزووەکانم تێر دەکا
چونکە گیانە تۆ نانمی .. تۆ ئاومی ،
تۆ گوڵزاری نێو بەهەشتی بەهارمی
لە دوابیشا .. تۆ دوا چرای شەوگارمی .

کەریم ئەحمەد حوسێن

Institut kurde de Paris

وتەی هاوکاری « پاشماوە »

حیزبا، کە هەموو قارەمانیتیو هەڵوێستە پاکەکانی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە رەنگ ئەداتەوە و میهرەبانی کۆمەڵانی دڵسۆزی وڵاتەکەمان لە بۆنەویادی (٣١) ساڵەدا بەردەوامە ، گەرمترین سڵاوبۆ هاوڕێی دامەزرێنەرو بۆ هاوڕێیانی هەردوسەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمایەتیو بۆ گشت ڕێکخراوو خەباتکەرانی حیزبی سەرکردە پێشکەش ئەکەین ٠٠

با ، بەگوڕتریش ڕەوتو هەنگاوەکانی بنیادنانو ژیان لەم نیشتمانەو لەژێر ئالای شۆڕشی ١٧ی تەموزو حیزبە سەرکردەکەی، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ٠

بەشدارانی « پاشماوە »

ڕزگاربوونی لە سکەکە یا بۆ لەناوبردنی لەبەر ئەوەی لە وەختێکی لەباردا دروست نەبوە ٠ بڕوایەکی تەواومان لایەیدابووە کە ئەو دیاردەیە (دیاردەی لە بارچوون) بە تایبەتی لە بارچوونی بە ئەنقەست ، دەتوانرێ بەهۆی ڕۆشنبیرکردنو بەهۆشمەندیو نەخشەکێشانی خێزانیو ڕۆشنبیری خێزانی یەوە تانزمترین ڕادە ، کەم بکرێتەوە ، سەرەڕای ئەمەش لە حالەتی لەبارچوونی بە نەخۆشیو لەخۆوە پەرە بە هۆو ئامرازی چارەسەرکردن بدرێن ٠ تاوەکو بگەینە هۆیەکی کاریگەر بۆ قەدەغەکردنی ئەو سکەی بە لەبارچوون لە دەست دەچێ ، واتە قەدەغەکردنی ئەو خرابەیەی ئاراستەی ژیانی ئادەمیزاد دەکرێ ، هەروەها نەهێڵرێ ئەو کات و پەرهەمەش لە دەست بچێ کە ئافرەتی ئیشکەر لە کاتێکدا تووشی ئەو دیاردەیە دەبێ ، لەدەست دەچێ ٠ لەگەڵ ئەهێشتنی لە دەستچوونی ئەو رەنجو پارەیەش کە دیزگاکان لە چارکردنی ئەو حاڵانەدا خەرجی دەکەن کە ئەتوانرێ خۆیانیان لێ بپارێزرێو ئەمێنێرێ رووبدەن ، دەرفەتیش لەبەردەم کاربەدەستاندا بڕەخسێنرێ بۆ پاراستنو پارێزگاری کردنی تەندروستی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە چاودێری کردنێکی زیاتری ئەو دەزگایانە هەیە ٠

لە خەستەخانەی کەرخدا دەستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو کردوەو تا مانگی تەموزی ئیمسال درێژە دەکێشێ ٠

کاتێ ڕاپۆرتی سەرەتایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی خەستەخانەی کاظمیە لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ لە کۆنگرەی کۆمەڵەی پزیشکی عیراقدا خوێندرایەوە ، یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق بەسوپاسەوە لێکۆڵینەوەیەکی وەك ئەمەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا گرتەدەست ، سەر ژمێریەکانی ئەنجامی ئەم کارەشمان لە خەستەخانەی جمهوری سلێمانیو خەستەخانەی دهۆکەوە پێ گەیشتوونو لیستەمان بۆکردونو لە ئەلقەی لێکۆڵینەوەکەدا دەیانخوێنینەوە ئەوەی ئێستا هیوامانە ئەوەیە کە ئەو لێکۆڵینەوەیە هەموو پارێزگایانی وڵات بگرێتەوە ، بەتایبەتی ئەو پارێزگایانەی کە ئافرەتان تیا لە کارگەو دەزگاکاندا بەشداری ئیش کردن دەکەن ٠

نموونەیەکی ئەنجامە سەرەتاییەکان :

لەناوچەی کاظمیەدا بینیمان کە ئێستا لە تۆرین بە تاوانی فراندنو دروستکردنیو دەستەی چەکدار موحاکەمە ئەکرێن ٠

ئەوەی شایانی باسە ، جۆلیۆ ئەندەریۆتی سەرەك وەزیری ئیتالیا داواکاری کە تائبی سووری قەبوول نەکرد ووتی بەحکومەتەکەی لێکۆڵینەوە رەت دەکاتەوەو ئەوەی لە دەستی بێ بۆ دۆزینەوەی فرێنەرەکان وبەردانی مۆژۆ بەکاری دێنێ ٠

رزگارمکەن « پاشماوە »

ڕادەی کرێکارو فەرمانبەری نیشکەر لەچاو ڕادەی کابانی مالدا ئزیکەی ٥ر٥٪ دەبی ، بەڵام ئەوەندە سەعاتە نیشە لە دەستچووەی کە بریتین لە ڕۆژانی مانەوەو ئەو ڕۆژانەی ئیجازەی نەخۆشی تێدا وەرگیراون تەنها لە ٣ مانگدا گەیشتونەتە ١٨٤١ سەعات ٠

ئەگەر ویستمان بگەینە کۆی ئیشی لەدەستچووی ساڵانە ، بەوەی کە ژمارەی ڕۆژەکان لە گەڵ ژمارەی (٤) لیك بدەینو لە پاشانا لەگەڵ ژمارەی (٢٠)و ئینجا ئەنجامەکە بەسەر (٣٠٠) دا دابەش بکەین ، بەو گوێرەی کەساڵ (٣٠٠) ڕۆژی کارکردنی تێدایە ، ئەو کاتە دەردەکەوێ کە ئەو کارەی لەساڵێکدا لەدەستچووە ئەوەندەی کاری (٦٠) ساڵ دەبێت ٠ لە ئەنجامەکانی خەستەخانەی سلێمانیدا وا دەردەکەوێ کە ڕادەی کرێکارو فەرمانبەری ئافرەت بە نیسبەت کابانی مال لە سنووری لە ٩٪ دایە ٠ کار لەدەست چوونیش بە هۆی لەبارچوونەوە ڕادەی لە ساڵێکدا دەوری (١٠٠) ساڵ دەبێت ٠

بەڵام لە خەستەخانەی دهۆکەدا دەرکەوت کە ڕادەی ئافرەتانی ئیشکەر بە نیسبەت کابانی مال لە ٣٪ کەمترە ، لەبەر ئەوە ئەنجامی لە دەستچوونی کار لە ساڵێکدا لە (٦٠) ساڵ کەمترە ٠

باوەڕیشمان وایە کە هەرچەندە ئەو سەرژمێریانە ، هەڵەشیان تێدابن ٠ دەبێ وەك ئاگادارکەرێك یا زەنگێك تێیان بڕوانرێ کە مەترسی ئەو دیاردەیە دەخاتە روو ، لەگەڵ پێویستی ڕەنجو تەقەلا یەکخستنو هەوڵدانی خۆلێ پاراستنو قەدەغەکردنی ، پێش ئەوەی پەرەبسێنێ ، ئەمەش بەو ڕێگایانەی کە لەمەوپێش پەنجەمان بۆ کێشانو بریتین لە زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتیو تاکە کەسیو شارەزابوونی ڕێگاکانی ڕێکخستنی تەندروستی خێزان کە هێوامان وایە لە زۆر بواری وڵاتدا بڕەخسێنرێن ، بە تایبەتی لەو ناوچە پیشەسازیانەدا کە ئافرەت دەورێکی ئاشکراو گرنگیأنٔ تێدا دەگێڕێ ، بەو ئومێدەی کە نەوەکانی داهاتو دوای سك بوونێکی تەندروستی لە مەناخێکی تەندروستیدا منالیان ببێو هاووڵاتی خاوەن توانای چالاكو دڵسوزکەرو بەرهەمهێنەر بۆ خێرو خۆشی نیشتمانیو نەتەوە ئامادەبکرێ ٠

ئامادەکردنی اکرم محمودو عفاف عبدالرحمن

هاوکاری خوێنەران (پاشماوە)

لەگەڵ ئەوەشدا هەرزازی نیت ٠٠ جێگەی دڵخۆشی یە بۆ ئێمەو براکەم تۆ ئەبێ ئەوەش هەموو خوێنەرانی چاپەمەنیە بزانیت کە سەدەها گەنجی کانمان چونکە شتەکانیان وەکو تۆ تازە دەستیان داوەتەبشتگوێ نەخراوە ٠

نووسینو لەگەڵ چاپەمەنیە ڕۆژنامەی هاوکاریو کانی ئەم دەزگایە ساتوکۆفاری ڕۆشنبیریو بەیانیش سەودا ئەکەن ٠٠ جا ئەگەر لەمولکی هەموو خوێنەرێکی ماوەی چوارمانگدا لە دووکوردەو هەموو بەرهەمێکی گۆڤاردا وولامت درایێتەوە ئەوە هێزاو جوانیش بڵاوئەکەنەوە ٠

وتەی هاوکاری « پاشماوە »

حیزبا، کە هەموو قارەمانیتیو هەڵوێستە پاکەکانی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە رەنگ ئەداتەوەو میهرەبانی کۆمەڵانی دڵسۆزی وڵاتەکەمان لە بۆنەویادی (٣١) ساڵەدا بەردەوامە ، گەرمترین سڵاوبۆ هاوڕێی دامەزرێنەرو بۆ هاوڕێیانی هەردوسەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمایەتیو بۆ گشت ڕێکخراوو خەباتکەرانی حیزبی سەرکردە پێشکەش ئەکەین ٠٠

با ، بەگوڕتریش ڕەوتو هەنگاوەکانی بنیادنانو ژیان لەم نیشتمانەو لەژێر ئالای شۆڕشی ١٧ی تەموزو حیزبە سەرکردەکەی، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ٠

بروسکەی « پاشماوە »

داوای پێك هێنانی کردووە ٠ هەروەك پشتگیریی خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینو گەلی لبنان دەکات بۆ سەندنەوەی مافو خاکە داگیرکراوەکەیان ، وە ئارەزایی بەرامبەر جەوجووڵی وڵاتە عەرەبە کۆنەپەرستەکانو ئەو هێزە عەرەبیانە نیشان دەدات کە هەڵبەو فرکانی چارەسەرێکی پڕ لە سەرشۆڕی خۆبەدەستەوەدەرانە دەکەن ٠

مەکتەبی سیاسی
پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

چیرۆکی « پاشماوی »

چەسپاندنی ئەو ڕایەمان لەمەر چەوتی دابەش کردنە لە سەرەتاوە ٠

٤ ـ هەرچەندە زۆربەی کتێبەکە زیاتر سیمای خستنە ڕوو (عرض)ی پێوە دیارە ٠٠ بەڵام من هەرگیز ئەمەو باوەڕەدا نیم ئەمە کارێکی ئاسان بێ یا بێ بەها سەیری بکرێ ٠٠ بەڵکو هەر (عرض) کردنەکەش هونەرو وردبینیەکی زۆری دەوێ ٠٠ جگە لەوەی بەبێ پیشاندانەوەی چیرۆکەکان لێکۆڵینەوە بەتەنیا بێ سەمەر دەبێ ٠٠ لەگەڵ ئەمەشدا خۆ هیلاك نەکردنی ـ تەواوی ـ پێوە دیارە ٠

٥ ـ هەندێ حوکم دانی درشت بەسەر چیرۆکەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی جۆرە بەلەبەلیەکی تری پێوە دیاربێ ٠٠ وەك « بەم پێیە دەتوانین بڵێین : چیرۆکی ئەم پلەیەمان (مەبەست پلەی سێیەمە) ڕەنگدانەوەیەکی کەشی سەردەمی خۆی بوە لە نیشاندانی دەردی هەژاریو نەخۆشیو نەخوێندەواری ٠٠٠ ل ١٠٨) ٠٠ ئەم ڕستەیە شەش حەوت جار دووبارە دەکاتەوە ٠٠ کەچی نموونەکانی ئەم دەردە سێ قۆڵیە لە (هەژاری) یە کەیان زیاتر کە بە ئاشکرا دیارە تاکە نموونەیەکی (نەخۆشیەکە) مان بەرچاو ناکەوێ ٠٠ هەر ئەم هەژاریو نەخوێندەواریەش لە (پلە) کانی لەوەو بەریشدا بە تیرو تەسەل بایەخی پێدراوەو بۆ ئەوانی تریش ڕەوایە ئەم حوکمە بدرێ ٠

٦ ـ حسین عارف کاتی خۆی بیبلیۆگرافیایەکی چیرۆکی کوردی پێك هێناو چەند جارێ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا باسی کرد ٠٠ بەم حسابە ئەدەبوو زۆر چیرۆکی تر هەبە پشت گوێی بخاو هەروەها ئەوژمارەیەی نوسیویەتی کە گوایە (گەر بە غەفلەت نەچووبێ ـ وەك خۆی دەڵێ) ئەوا (١٢٦) چیرۆك لەو (٣٦) ساڵەدا هەیەو ٠٠٠ جا ئەگەر شتی وا بەسەر ئەودا تێپەڕ ببێ ٠٠ ئەوا دوور نیە منیش هەندێ ناوو ناونیشانی چیرۆکم لە بیر بچێو بەهەر حال ئەگەر هەموو ئەو ١٢٦ چیرۆکە بچێتە دوو توێی چیرۆکی هونەریەوە ٠٠ دەبێ ئەم چیرۆکو چیرۆکنووسو ئەدیبانەش ناویان بهاتایەو باسیان لێ بکرابایە ٠٠

لە (پلە)ی یەکەمدا : یونس مستەفا عومەر ٠٠ ڕەشۆ ٠٠ ئەحمەد حمە سوور ٠٠ عیسی علی ٠٠ ناکام ٠٠ س٠ ئەمین زەکی ٠٠ (هـ) ٠٠ (س٠ف) ٠

لە (پلە)ی دووەمدا : محمد قودسی ٠٠ علی عبدالله ٠٠ رشید نجیب ٠٠ جگەرخوێن٠٠ خۆزك ٠ فیدایی ٠٠

لە (پلەی) سێیەمدا : جەمال سەعید ٠٠ ئەمین محی الدین ٠٠ نوری جاف ٠٠ بحری زادە ٠٠ ڕەفیق چالاك٠٠ کامل شێر دل ح٠ب سەردی٠٠ محمد توفیق وردی ٠٠ عبد الخالق علاءالدین ٠٠ صلاح ئەحمەد فوئاد عیزەت ٠٠ مصطفی قەرەداغی ٠٠ عمر ساقی ٠٠ شیرکۆ بێکەس ٠٠ ع٠ قرگەیی جەلال محمود عەلی ٠٠ کامل زیر ٠٠ هۆگر گۆران ٠٠ ئەژی گۆڕان شوان مەخموری ٠٠ شەوکەت نوری عبدالله ٠٠ ڕەئووف ئالانی ٠٠ هتد ٠ جگە لە (حسێن عارف) خۆی کە نزیکەی حەوت چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە ٠٠ هەروەها حەسەن قزلجی چیرۆکنووسیش ٠

ئەم چیرۆکانەش ٠٠ خاوەنەکانیان ئەزانراوەوە لە هەرسێ (پلە) کەوا بڵاوکراونەتەوە ٠

(هەرچی دەکەی دوامینی ڕەچاوکە) روناکی ١٩٣٦ ٠

(سەرکەشی) گەلاویژ ١٩٤٧ ٠

(چیرۆك) ژین ١٩٥٠ ٠

(هەڵاتوو بۆ ژیان) ژین ١٩٥٦ ٠

ئەم چیرۆکنووسانەش ناویان هاتوەو باسی چیرۆکەکانیان کراوە بەڵام هەندێ چیرۆکیان ناو نەبراوە ٠

محەمەد عەلی کوردیو چیرۆکی (زستانە) هەتاو ١٩٥٥ و فایەق کاکە ئەمین لە (ئەزخەوان) داو مەحمود ئەحمەد لە (زایەڵەی هەڵەکۆك) داو مارف بەرزنجیو لە (جەژنێکی شادی) داو کامەران موکری لە (هێزی ئاشتی) و (لەبیابانیکدا) و ژیل (محمد صالح دیلان) لە (کولوە بەفرەکان) دا ٠٠

کردنەوەی « پاشماوە »

کەش کراونەتەوە کە سەرجەمیان (١١) ملیونو ٧٦٨ هەزار دیناریان تێچووە ، ئەو پڕۆژانە بریتین لە پڕۆژەی ڕێگاوبانو هاتووچۆکردنو پڕۆژەی کشتوکاڵو سەیرانگاو وازیگای منداڵانو خانووبەرە دروستکردن بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت ٠ هەم بەم بۆنەیەوە بەڕێز یحیی محمد رشید پارێزگاری دهۆك ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە دهۆك بەردی بناغەی ١٢٠ شوقەی نیشتەجێبوونی داناوە کە ٦٠٩ هەزار دیناری تێ چووە هەروەها ڕێگای نێوان دهۆك و تامێدی کە ملیونێك و ٤٠٠ هەزار دیناری تێچووە ٠

هەروەك بەڕێز جێگری پارێزگار بەردی بناغەی بارەگای نیقابەی مامۆستایانی داناوە کە ٧٧ هەزار دیناری تێچووە لەگەڵ ئەمەدا پێشانگای کتێبی لقی دەزگای نیشتمانی کردۆتەوە ٠ ئینجا دەستەیەك لە سەرەك دایرەکان کۆمەڵێك پڕۆژەیان کردۆتەوە کە بریتین لە شەقامەکانی نەخشەی بنچینەیی لە مەرکەزی قەزاکەدا کە ٣٦٩ هەزار دیناری تێچووە لەگەڵ خانی وەقف ئەمیش ١٠٠ هەزار دیناری تێچووە لەگەڵ عەمارێکی حازر بۆ کشتوکاڵو ڕاکێشانی ژمارەیەك خەتی تەلەفۆن کە ١١ هەزار دیناریان تێچووە ٠ هەروەها بەردی بناغەی دروست کردنی سەیرانگاو وازیگای منداڵانیان لە گەرەکی (جەمعیە) داناوە ، لەگەڵ عەمارێکو گەراجێکو تاقیگایەك بۆ توتنو دوو خانووبەرە سەرجەمی ئەم پڕۆژانە ٨٦ هەزار دیناریان تێچووە ٠ هەروەك لە پارێزگاکەدا بەردی بناغەی زۆر پڕۆژەی کەشیان داناوەو زۆر پڕۆژەشیان کردۆتەوە کە سەرجەمی ئەوپڕۆژانە دوو ملیونو ٨١٩ هەزار دیناریان تێ دەچێت ٠

وە لەلایەکی ترەوە بەڕێز ارشد احمد پارێزگاری سلیمانیو هاوڕێ محمد زمام عبدالرزاق ئەمینداری نهێنی حزبەبەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی سلیمانی گەلێ پڕۆژەیان کردۆتەوە ، هەروەك بەردی بناغەی زۆر پڕۆژەی کەشیان داناوە کە نرخیان دەگاتە ملیونێکو ٦٨٠ هەزار دینار ٠٠ ئەو پڕۆژانە بریتی بوون لە کردنەوەی هۆڵی کۆبونەوە لە بارەگای پارێزگا لە گەڵ تاقیگایەك بۆ دروست کردنی ددانو کردنەوەی لقی گورچیلەی دەستکرد لە خەستەخانەی سلیمانیو دانانی بەردی بناغەی دەیان خانووبەرە بۆ ئەندازیارانی ڕێگاوبانو قوناغی یەکەمی بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانو ١٢٠ شوقەی نیشتەجێ بوون لە سلیمانی ٠

بەڕێز جعفر عبدالکریم جێگری پارێزگار محەتە ناوەندێکەی پڕۆژەی پەلەوەری سلیمانی کردەوەو لە تاسلوجە بەردی بناغەی دەیان خانووبەرەی بۆ کارگێرانی پڕۆژەکە داناوە ٠ لەلایەکی کەشەوە بەڕێز پارێزگارو هاوڕێ ئەمینداری لقی حزب لە سلیمانی سەریان لە خەستەخانەی گەورە داوەو ئەحوالی نەخۆشەکانیان بەسەرکردۆتەوەو هەندێك دیاریان پێشکەش کردوون ٠٠ لە قەزای کەلار قایمقامی قەزاکە (٣٠) خانووبەرەی نیشتەجێ بوونی بۆ فەرمانبەران کردۆتەوە ، وەبەردی بناغەی ١٩ قوتابخانەی سەرەتاییو ٦٥ خانووبەرە بۆ فەرمانبەران دانراوە ٠

لەلایەکی ترەوە سەرۆکو ئەندامانی لقی یەکێتیی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە سلیمانی نەخۆشخانەی منداڵانو هەندێ جێگای کەیان بەسەر کردۆتەوە وە بەم بۆنە پیرۆزەوە دیاریان پێشکەشی منداڵە نەخۆشەکان کردووە ٠ هەروەك ئەندامانی یەکێتیی ناوخۆی نیقابەکانی کرێکاران لە سلیمانی خەستەخانەی گشتیی یان بەسەرکردۆتەوەو دیاریان پێشکەشی نەخۆشەکان کردوو ٠

بۆزانین

لە پڕۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی بەرنامەی ڕەنیۆهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆناغەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٥ دروستکردنی خانوویەك بۆ فەرمانبەری بەڕێوەبردنی (الانواء الجویە) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆناغەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆناغەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای هەولێر بە (٥) پێنج دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بە مەرجێك قۆناغەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆناغەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی ئەندەرەکان یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ـ٤ـ١٩٧٨ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ ئەندەرەکاندا بن :

أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـ/٨١٠٠) هەشت هەزارو سەد دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆناغەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت

ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگە نامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازەکرابێتەوە ٠

ج ـ جەدوڵێك بەو کارانەی کە لەمە ئەچێ ٠

د ـ پێناسی پلەی قۆناغەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر ئەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەسەری نییە نزمترین ئەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر ئەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (ـ/٥٠) بەنجا دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆناغەراتچیەکە کاتێك قۆناغەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی ئەندەرەکە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی ئەندەرەکانەوە ، شەش مانگە ٠

٨ ـ پێویستە قۆناغەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ ئەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆناغەراتچیەی کە قۆناغەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆناغەراتچی پووڵێکی (٢٥٠) فلس بە ئەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ ـ ئەو ئەندەرانە پشتگوێ ئەخرێت ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ ـ لە بەجێهێنانی قۆناغەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتییەکانی قۆناغەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەش یەکەمو دووەمیەوە ، نەبەسترێت ٠

١٢ ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆناغەراتچیەکانەوە لەنێو ئەندەرەکان بنووسرێت بەهیچ ئەژمێردرێتو ڕەفز ئەکرێت ٠

١٣ ـ پێویستە قۆناغەراتچی ئەندازیارێکی بەتوانا دابنێت بۆ سەربەرشتی ئیشەکە ٠

ئەمینداری گشتی
کارو خانەسازی
شیروان علی امین

« هاوکاری » وکۆمەڵانی خەڵك

● بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەهەولێر

بێگومان هونەر دەورێکی گەورەو بایەخداری هەیە لە پێشخستنی جەماوەردا ، بۆیە دەبێت بە ئەوپەڕی دڵسۆزی یەوە لا لە هونەرمەندان بکرێتەوەو هان بدرێت بۆ ئەوەی هونەرێکی ڕەسەن پێشکەش بە میللەت بکەن ٠٠ بەڵام هونەرمەندانی شاری کۆیە لەم هاندانە بێبەشنو هیچ بارەگاو جێگایەکیان نییە کە ڕووی تێ بکەنو چالاکی خۆیانی تیادا بنوێنن بۆ ئەوەی بەردەوام ئامادەی خزمەتکردن بن ٠٠ تەنانەت تیپی باواجی خەریکە لە چالاکی دەکەوێت بە هۆی نەبوونی یارمەتیو پشتگیری کردنەوە ٠٠ لەبەر ئەوە دڵسۆزانە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی جەماوەری هەولێر دەکەین کە چارەیەکمان بکەن یا هەر هیچ نەبێت لقی تیپی هونەرو وێژە لە شارەکەماندا بکرێتەوە ٠ لەگەڵ سوپاسدا ٠

موفق توفیق فتح‌الله
کۆیە

● چوارقورنە بێ ئاوو شەقامە !!

چوارقورنە یەکێکە لە ناحیەی گەورەکانی پارێزگای سلێمانیو ژمارەی دانیشتوانی (١٢) هەزار کەس دەبێت ٠٠ بەو گونده تازەیەوە کە لێی دروست کراوە ژمارەی ماڵەکانی (٢٥٠٠) خانوو دەبێت ٠٠ بەڵام ئەم ناحیەیەیە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر دوا کەوتووە ٠٠

جگە لەو شەقامەی کە « ئەشغال » قیرتاوی کردووە ٠٠ شارەوانی شارەکە لە گەڵ ئەوەدا کە (٧٠) هەزار دیناری هەیە بەڵام دەستی نەبردوە جادەیەك بۆ شارەکە بکاتو تاوەکو ئێستا زۆربەی زۆری ماڵان ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە ٠٠ لە دەمێکەوە عەمودی کارەبا چەقیندراوەو تەلەکانی ڕاکێشراوە بەڵام کارەبا دیارنییە ٠٠!! خەستەخانەکەی برینپێچکیو دووسیستەری تیدایە کە ئەمەش دادی خەڵکی ئەو شارە نادات ٠٠ ئەمانە لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە گیروگرفتی ئەو قوتابیانەی لە پۆلی چوارو پێنجی ئامادەیین ، کە ژمارەیان (٢٠) قوتابی دەبێت ، ئەبێت بۆ خوێندن بچنە ڕانیە ٠٠

هیوادارین کاربەدەستان هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەم ناحیەیە گەورە دواکەوتووە لە هەموو لایەنێکەوە پێش خەن ٠

چوارقورنە

محمود محمد امین

بۆزانین

لە پڕۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی ڕەنیۆهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆناغەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٤ تەواوکردنی نەخۆشخانەی نەخۆشی سنگ لە سلێمانی ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆناغەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەم مەرجانەی خوارەوەیە ٠

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆناغەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (١٥) پانزە دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆناغەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆناغەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی ئەندەرەکان یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ـ٤ـ١٩٧٨ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ ئەندەرەکاندا بن :

آ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـ/٨١٠٠) هەشت هەزارو سەد دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆناغەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت

ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگە نامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازەکرابێتەوە ٠

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچێ ٠

د ـ پێناسی پلەی قۆناغەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر ئەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەسەری نییە نزمترین ئەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر ئەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (٥) پێنج دینار سزا ئەدرێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی ئەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی ئەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆناغەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ ئەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆناغەراتچیەی کە قۆناغەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆناغەراتچی پووڵێکی (٢٥٠) فلس بە ئەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ ـ ئەو ئەندەرانە پشتگوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١ ـ لە بەجێهێنانی قۆناغەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتییەکانی قۆناغەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ، نەبەسترێت ٠

١٢ ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆناغەراتیچەکانەوە لە نێو ئەندەرەکان بنووسرێت بەهیچ ئەژمێردرێتو ڕەفز ئەکرێ ٠

١٣ ـ پێویستە قۆناغەراتچی ئەندازیارێکی بەتوانا بۆ سەربەرشتی ئیشەکە دابنێت ٠

بەڕێوەبەری گشتی کارو خانەسازی
شیروان علی امین

Institut Kurde de Paris

گۆرانی

ئاواز دانەرەکانمان

نوسینی : مارف عمر گول

گۆرانی ئەو جیهانە بەرفراوانەیە کە خۆی لە خۆیدا پڕ لە هۆنراوەی‌جوانە ٠٠ ئەوەتا (فەیروز) کە گۆرانی دەڵێ چاوەکانی‌پڕ فرمێسك دەبن ، چونکە لە ناخەوە لە گەل شیعروئاوازو دونیاکەیدا دەژی ٠٠

مامۆستا عەلی مەردان

مامۆستا خالقی‌و حەسەن‌زیرەك‌و عەلی مەردان‌و سەی ئەسکەرو دەیانی تر لە هونەرمەندانمان چاوەکانی منو دەیانو بکرە سەدانی‌وەك من پڕ لە فرمێسك دەکەن کاتێ گۆرانی دەڵێن٠٠جا ئەو فرمێسکە چ لە خۆشی ئەو ئاوازو گۆرانیانەین ، یا ئەو گۆرانیانە تامو چێژێکی ئەوتۆم پێدەبەخشن‌کە فرمێسك بژێتە چاوەکانمەوە ، نیشانەی‌مەزنی‌و هێزی ئەو هونەرەیە٠ من کە گوێم لە حەسەن‌زیرەك دەبێ ، دەڵێی لەبەر شاشەی سینەما دانیشتوم‌و بە جوانی ناوچەو گوندو کێوی کوردوستان دەبینم ، چونکە گۆرانیەکان هونەری رەسەنی میللەتەکەمانو دەنگدانەوەو رەنگدانەوەی ژیانو بارو دۆخی کوردەواریە لە هەموو رویەکەوە تەنانەت ئەگەر گۆرانیەکە تەنیا بۆ کچە کوردێکیش ووترابێ ٠٠ وەنەبێ ئەو گۆرانیەش من بە بەرزی دانەنێم ، وابزانم ئەوەندە بەسە بۆ زیندویی‌و بەرزیی ئەو جۆرە گۆرانیانەش کە ئەگەر ئافرەت نەبوایە ئەو هەموو داهێنانە مەزنانە نەدەبوون ، چ لە شیعرو رۆمانو چیرۆك یا لە گۆرانی‌و یا لە مۆسیقاو وێنەکێشانو هەتا جلو بەرگیش ٠

من دەمەوێ بڵێم ئەو گۆرانیانە ٠٠ بەرزن ، پیرۆزن ، مەزنن ، هێزی بزوتنی روحی ئادەمیزادن ، ئەگەر لە فۆلکلۆرو سامانی نەتەوەکەمانەوە بن کە ئەوانەش داهێنانی گەلێ مرۆڤی زیرەکو نەناسراون لە ناوماندا وە یا لە داهێنانی هونەرمەندانی دیارو ناشکرابن ٠٠ بەڵام ئەو مێشکو بیرکردنەوەی شیعرو ئاوازی گۆرانیەکان دادەنێ بۆچی ناوی وون بێت ؟! بۆ ئێمە نەزانین کام خاوەن توانامان ئەو ئاوازەی داناوە، یا دابەشی کردوە، یا ئامادەی کردوە ، یا زیندوی کردۆتەوە ٠٠ هێشتا نەبووە بە عادەت ئێزگە کوردییەکانی ئێمە کە گۆرانیەك پێشکەش دەکرێ بڵێن ئەم گۆرانیە شیعری فلانە کەسەو ئاوازەکەشی فلانە کەس دایناوە ٠٠ یا فلانە هونەرمەند زیندوی کردۆتەوە ٠٠ ئەمە بۆچی ؟! بۆ وابێ ؟! کێ بەر پرسیارە لەم خەم ساردیەو شاردنەوەی ناوی ئاواز دانەرەکان ٠٠؟ ئێزگەی کوردی هێشتا ئەوەی نەکردوە ناوی ئاواز دانەرەکە بڵاوبکاتەوە ، بەڵام تاکەی ؟ کەی کەسمان دەزانێ سرودە ئەمرەکەی پیرەمێرد (کە بۆ نەورۆزی وتوە ـ ئەم رۆژی بۆ (محمد گەرمیانی) داناوەو شیعرەکەشی هەر هی ئەو ئافرەتەیە ، (محمد گەرمیانی)یش (وابزانم ساڵی هەفتاو چوار بوو) لە (صلاح‌الدین) لە کەرکوك بۆ یەکەم‌جار ووتویەتی ٠

ئاهەنگی نەورۆزدا لە سینەمای ئەمانەو دەیان بکرە سەدان ئاوازو گۆرانی تر هەن ناوی داهێنەرەکەیان وون دەکرێ‌و بە فولکلۆر گەشتی خۆیان دەکەن ٠

زۆر جاریش لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوك لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانیە کوردییەکاندا ناوی شاعیرو ئاواز دانەرەکەو تیپی مۆسیقاکە دەنوسرێ ، بەڵام ئەویش زۆر جار لە کاتی پێشکەش کردندا دەقرتێندرێ ٠٠ ئەی ئەمەیان بۆچی ٠٠؟! ئاواز دانەرەکانیش هەقی خۆیان هەیەو با ئەو خزمەتەیان وون نەبێتو میللەتیش گۆرانیەکان بە داهێنەرەکەیەوە بناسێ ٠

ناوی ئاواز دانەرەکان ٠٠؟ ئێزگەی کوردی هێشتا ئەوەی نەکردوە ناوی ئاواز دانەرەکە بڵاوبکاتەوە ، بەڵام تاکەی ؟ کەی کەسمان دەزانێ سرودە ئەمرەکەی پیرەمێرد (کە بۆ نەورۆزی وتوە ـ ئەم رۆژی

حەسەن گەرمیانی

پەراوێز

کوا ئاوازی کوردی ؟

زۆر جار ، لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان ، قسەی موسیقارە هونەرمەندە کانمان ئەخوێنینەوە ، کە بە پێشکەوتنی هونەری مۆسیقای کوردیدا هەڵئەدەن‌و ئەڵێن : وافولکلورمان زیندو کردۆتەوە وا ئالەتی « تازەو هاوچەرخ » لە لێدانی ئاوازی فولکلوریدا بەکارئەهێنین ٠٠٠

ئەوان راست ئەکەن ، وایان کردوە ، ئەوەتا دووکانو بازار پڕبوە لە گۆرانی « سەما »و هەڵپەرکێ ، بە ئالەتی « نوێ » گۆرانیە هەرەکۆنەکانیان تۆمار کردوە ٠٠٠ بەڵام ، ئێمە پرسیارێکی تریان لێ ئەکەین بابزانین لە ڕادەی وەڵامدانەوەدان پرسیارەکە ئەوەیە ، کوا ئاوازو کوا مۆسیقای نوێی کوردی ؟! مۆسیقارەکان ٠ چیبانکردوە لەم بارەیەوە ؟! ئێمە ناڵێین تا ئێستا مۆسیقارمانیە «سەمفونیەیەك» دابنێ ، قەیناکا ئەمە ئامانیە ، بەڵام کام ئاوازی مۆسیقای نوێ دانراوە ، ئەوەی تا ئێستا کردویانە ، هەر گۆرانیە کۆنەکانە ، لە جیاتی ئەوەی بە « زورناو باڵابان » لێ‌بدرێن ئێستا بە « گیتار »و « کلارنیت » لێ ئەدرێن ، جا ئەمە بە کارێکی گەورەی هونەری ئەزانن ، نەء برایان موسیقامان ئەوێ ، نەك تەنیا « جل‌گۆرین » ئایا ٠٠ وەڵامیك ئەبیستین ؟!

نووسەر

ڕی ڕەو

ڕاگەیاندن لە بواری کشتوکالدا ، هویەکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هوشیاری جوتیارانو کارگێرانی کەرتی کشتوکاڵو هۆیەکی بەکارە لە جۆشدانی هیمەتی شۆڕشگێڕانەیاندا بۆ هێنانەدی ئەو ئەرکانەی شۆڕش بۆ ئاوەدان کردنەوەی لادێکان دەیانخاتە بەردەمیان ٠ **هاوڕێ صدام حسین**

« هەرەوەزی نیشتمانی بۆ ڕاپەڕاندنی نەخشەی کشتوکال »
دەستکردی : هناء صباح

سەرمایەداری‌و « چوونەئاو »

لە سای رژێمە سەرمایەدارەکاندا ، توانای لێهاتوی ئینسان زۆرجار ، ناچار ئەکرێ ، لە شتی وادا بەکاربێت کە هیچ سوودیکی نەبێ ، تەنیا خەم ڕەواندنی ئەوانە نەبێت ، ئامادەن بەرامبەر بەو شتانە ، بارەبدەن ٠٠ ئەوەتا کابرایەك خاوەن توانا‌و تەندروستی باشو سوودبەخشە ، لێهاتویی خۆی بەوە دەرئەخات کە خۆی بچووك بکاتەوە بەقەدەر ئەوەی بتوانێ بچێتە سنووقێکی شووشەوەو ئینجا خەلك بێن ٠ سەیری بکەنو چەپڵە بۆ ئەم توانایەی لێ بدەن کە لە کاریکی بێ کەلکا بەکاری ئە هێنێ ٠ مرۆڤ لەسای رژێمی سەرمایەداریدا کە بێکاریو یان ئەبێ بمرێ یان بچێتەئاو !!

هەرچارەی نووسینێك

هەر تۆ سەرکەوتنەوەدی ئەهێنی

هەر لە سەرەتاوە ، بەرلەوەی لەدایك ببێت دەتزانی ڕێگا دوورەو درکوچقلی تیادا چێنراوە هەموو لایەکی تەنیوەتەوە ٠ بەڵام‌گوێت پێ نەدا ٠ سەرکردەیی کاروانەکەت دەکرد هەمیشە پێشەنگ بوویت پالەوانەکانیشت پشوودانیان نەدەزانی ٠٠ تۆو ئەوانەی لەگەلت بوون چارەنووستان‌لە ئامێز گرتبوو دلداریتان لەگەل دەکرد بیرۆزبایتان بەروودا دەپرژاند ڕێگای چارەنووسیشت ٠٠٠ بەدی نایەت بەبێ ئەوەی بەردەباز دروست نەکەیت بەبێ ئەوەی پرد دروست نەکەیت بۆ ئەوەی پالەوانە نازاو پیاوە نەبەردەکانت بەسەر پشتیدا بپەڕنەوە ٠٠ چۆن نا ٠٠ هەزارەها چاو ٠٠ تەماشای ئاسۆ دەکەن هەزارەها دل ٠٠ لە لێدان‌و چەپڵە ڕێزاندان هەزارەها دەهۆڵیش ٠٠ لێدەدات بۆ ئەوەی گوێیان لەو بانگەوازە بێت ٠

هەزارەها منداڵیش بانگ‌ڕادەهێنن ٠٠ بەرز بەرز بانگ ڕادەهێنن چۆن نا ، ئەتەوەیەك بە تەواوەتی ٠٠ چاوەڕێی هاتنی تۆ دەکەن چاوەڕێی‌مستەکۆڵە ئاسنینەکەت دەکەن ٠

چاوەڕێت دەکەن تا سواری پشتی شەپۆلەکان ببیت تا زەمین بلەرزێنیت ٠

تاهێزو باوەڕنامەو ناوبانگت سەرانسەری جیهان بگرێتەوە ٠

تا سەرکەوتن هەموو سەرکەوتنێك وەدی بهێنیت ٠

چۆن نا ٠٠ دوێنێ سەرکردە بوویت ئێستاش هەر سەرکردەیت مەشخەلت بە دەستەوەیە ٠

تا زووناکییت بگاتە کەش‌کەشانی ئاسمان دلیشت گری تێ بەر بووە ٠

دوژمنانیش لەبەر دەمتداوەك بستە بالا وان ٠

دەنگی بەرزو ڕێڕەوی کاروانەکەت ، ترس خستۆتە نێو دلیانەوە هەموو داخ لە دلەکانیش ناسیتیانو دەشت ناسن لەو ناسینەیاندا ٠

ترس‌و لەرزو ترسنۆکی‌یان ئاشکراو دیارە پێویستە کرتۆشی بەرن ئەو ڕۆژەش هەر دێت کە دەداتە بناگوێیاندا تا خۆیان لە کاولکەی‌مێژوودا ببینن تا سەر لەنوێ بۆیان دەرکەوێ کە هەر تۆ ئالای جەنگت هەڵگرتووەو تۆ سەرکەوتن وەدی دەهێنیت سەرکەوتنی راستەقینەو هەموو سەرکەوتنێك وەدی ئەهێنی ٠٠!

فوناد حسین احمد

ئاواز دانەرەکانمان

ئەم کاتەت باش

خدیجە حمە مراد محمد

● ساڵی ١٩٦٠ لەشاری سلێمانی لە دایك بووە :

● قوتابی پۆلی پێنجەمی زانیاریی‌یە لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچانو ئەندامی تیپی مۆسیقای قوتابخانەکەیانە ٠

● **دەربارەی دەوری ئەو ئامێرە مۆسیقیەی هەڵبژاردوە ئەڵێت :**

● بێ‌گومان هەموو ئامێرێك بۆ نموونە « دەف » لەناو تیپەکەدا بۆ شایی‌یەك پڕ ئەکاتەوەو هەر دەنگێك دەبێت تەواو کەری ئەوەی‌تر ٠

● **سەبارەت بە هاوکاری کردنی لە گەل تیپەکەیاندا ئەڵێت :**

ئەوەی باڵی پێوە نام بۆ چوونە نێوکۆڕی مۆسیقاوە خولیای خۆم‌بوو بەرامبەر بە هونەری مۆسیقا ، لەبەر ئەوە دەفم هەڵبژاردو لەم ڕوەشەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستا خالد سەرکار زۆر یارمەتی‌یان داوم ٠

● **دەرباری پێشکەوتنی مۆسیقای کوردی خوشکە خدیجە ئەڵێت :**

پێویستە ئێمەش کە تیپی مۆسیقای کچانین بەو پەڕی هەوڵدان شانازیەوە لەگەڵ تیپەکانی‌کەدا هاوکاری بکەین ٠

● **خوشکە خدیجە بەرامبەر بە هونەرمەند ئەڵێت :**

ئەو مرۆڤە هەستیارەیە کە تابلۆی ژیان ئەخاتەروو ، وە لە پێناوی زیندوکردنەوەی کەلەپووری ئەتەوەکەیدا ئێدەکۆشێتو بەردەی ڕەش لە رووی کەم تەرخەمان لا ئەداتو هەمیشە پشت‌گیری کارو هەوڵی سودبەخش ئەکات لە پێناوی چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵدا ٠

پ٠ هاوکاری لە سلێمانی

حەسەن زیرەك

کەریم کابان

بشار زاخولی

گولبەهار

عثمان خیاط

خێزان

ناو ماڵێکی ڕێکوپێك

هەموومان ئەزانین ماڵ ئەو جێگایەیە هەموو ئەندامەکانی خێزان تیا کۆ ئەبنەوەو ئەحەسێنەوە پاکو تەمیزی ناوماڵو ڕێکخستنی کارێکی گەورە ئەکاتە سەرباری ئەفسی‌و حەوانەوەی ئەو خێزانە ٠٠٠

لە راستیدا هەریەکە لە ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدات ماڵەکەی جوانو قەشەنگ بێتو بەرێك‌و پێکی‌و رازاوە بێتە بەرچاو ٠

جوانی‌ی ناو ماڵو رازاوەیی‌و ڕێکوپێك‌کردنی ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی کەوا کابانی ماڵ زوو شتومەکەکانی بگۆڕێت بەگوێرەی مۆدێل بروات ، چونکە ئەمە کارێکی گەورە ئەکاتە سەر بودجەی ئەو خێزانە بە تایبەتی ئەگەر توانای ئەوەیان نەبێت، چاکتر وایە بۆ ئەم مەبەستە سادەیی‌و ساکاری‌و ڕێکوپێکی بەکاربێتو ئەمەش لەسەر زەوقی کابانی ماڵ بەندە لە چونیەتی ڕێکخستنی ناو ماڵەکەیدا ، ئەو جوانیەی کەوا هەموو کابانێك و هەموو دایکێك ماڵی خۆی پێ ئەرازێنێتەوە زەوقی خۆی پیشان ئەدات ٠

دایکی خۆشەویست :

جوانترین شت لە تازەکردنەوەدا ئەوەیە سادەو ساکار بە دەستی خۆت دروست بکەیت ، بۆ نموونە سوود لەو پارچە پەڕۆیانە وەرگرە کە ئەمێنێتەوەو راخەرێکی بچووکی لێ دروست بکە بۆ چرپای منداڵەکەت بەمەرجێك ڕەنگەکانی لەگەل یەکدا بگونجێت ، هەروەها ئەتوانیت بەرگێکی جوانو سادە بۆ سەرینەکان دروست بکەیتو شووشەی بەتاڵی هەندێ جۆری شامپۆشی کە بە نەخشەیەکی جوان دروست‌کرابێت ئەتوانرێت سوودی لێ ببینرێ بۆ دروستکردنی هەندێ گوڵدانی ساکار دوای ئەوەی بە گوێرەی ئارەزوو بەهرەمەندی خۆت هەندێ دەستکاری تیادا ئەکەیت ٠

((دنیا))

رشتەی هەڵبژاردە

وتەیەکی بەنرخ

ئەگەر یەکێ هەردوو دەستی لە ئیشدا بەکار بێنێ ئەوە کرێکارە ٠٠ ئەگەر هەردوو دەستی‌و هۆشی بەکار بێنێ دەڵێن خاوەن پێشەیە ، خۆ ئەگەر هەردوو دەستی‌و هۆشی‌و بیری بەکار هێنا ئەوە هونەرمەندە ٠

پەندی پێشینان

● ئێستری چەوش ئازاردان بێ ، ئەی تووشی ئالیکیش جووتە ئەهاوێ ٠

● پیاوی ژیر لە گفتوگۆدا لە سەر خۆو لە ئیش کردندا گورج‌و گوڵە ٠

● ئەوەی پیشەی ئازارداو بێ ، ئەبێ تووشی مل شکان بێ ٠

رووداوێکی عاجباتی

لە هەفتەی رابوردودا لە کێڵگەی « سانتا کلارا » لە شاری (توکومان) کە ئەکەوێتە سەرووی وڵاتی « ئەرجەنتینەوە » رووداوێکی زۆر سەیرو عاجباتی رووی‌دا ٠٠ پیاوێکی پیری بە ساڵا چوو ئافرەتێکی بچوکی جوانکیلانەی مارە کرد ٠٠ هەتا ئێستا رووداوێکی وا لە مێژووی ئەم کێڵگەیەدا رووی نەداوە ٠٠ پیاوە ئیختیارەکە ناوی « خوسیە ئاریاتا » یەو لە تەمەنی (٧٧) ساڵی دایەو کچەکەش تەمەنی (١٨) ساڵەو ناوی « مارتا بیریز »ە و کچەزای یەکێك لە دراوسێکانی پیاوە ئیختیارەکەیە ٠٠ ناوبراو زۆر دەوڵەمەندەو ئەرزێکی زۆری هەیە ٠٠ بووکەکەش تازە خوێندنی ناوەندیی تەواو کردوەو نیازی هەیە کە خوێندنی لە یەکێك لە زانکۆکاندا تەواو بکات ، چونکە وەکو خۆی دەڵێت شووکردنەکەی ڕێگا لە خوێندنەکەی ناگرێت ، بە ناخێری عومرێ ٠٠٠

لە شیعری بێگانەوە

لەو کاتەدا کە گۆڵەگەنم
هێلانەی ئەستێرەو خواکان
بوو ٠٠
ئا لەو کاتەدا
کە سەهۆڵیش فرمێسکێکی
بەستووی
ئاسکێك بوو ٠٠
یەکێك سنگمی بە
ستێرەکەمەوە
نووساند ٠٠
غەدری لێکردم ٠٠
لەو کاتەدا بوو
کە گوڵە سەر هەڵگرتوەکان
بەرەڵا کران ٠٠
لەو کاتەدا بوو
کە دەریا پیاوەکانی
پێچایەوە
ئەو پیاوانەی کە
ئەیانویست
باڵندە بن ٠٠
لە گەل ئەو بروسکە نامە نا
وەختەدا ٠٠
لە گەل مردنی ئاودا
ئەو ئاوەی کە هەمیشە
بۆ ئاسمان ئەڕوانێ
« روفائیل ئەلبیرتی »

مرواریەك لە شیعر ی کلاسیکیمان

شەبی تارەستو گۆرگون میزەنەن میش ٠
دو زلفونەت حەمایل کون بورە پیش
ئەزین گەنجی لەبت بوسە بەودە
بگۆ راهی خدا دادەم بە دەرویش
★ ★ ★
دو زلفونەت بەوەد تارو رەبابم
چ میخاهی ئەزین حالی خەرابم
ئەگەر بامو سەری یاری نەداری
چرا هەر نیمە شەب ئاهی بخابم

بابا تاهیری عۆریان

دەربارەی کورد چی نووسراوە ؟

● ئەمینی عەقدال لە ساڵی ١٩٤٨دا کتێبێکی ئەتنۆگرافیای لە بارەی ئافرەتی کوردەوە لە چاپدا ٠٠ لەم نووسراوەدا بە تایبەتی سەبارەت بە خوو رەوشت ، منداڵ بەخێو کردن و خزمەتی ناو ماڵ و شورکردنو پایەی ئافرەتی کورد دواوە ٠

● هێسە ، لە بارەی مەسەلەی موسڵو شەڕە دەنووکی بەینی عیراقو تورکو ئینگلیز لە سەر خواروی کوردستان ، نامیلکەیەکی دەرکردووەو مەسەلەی کوردی کەم بەشەی کوردستاندا خستۆتە بەر چاو ٠

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

شەڕەکەی لوبنان هەر لە سەرەتاوەڕوون بوو ، وەهەر لە سەرەتاشەوە ، وورتمان ئێمە لەم زۆرانبازییەدا تای لایەکین ، تای بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتیمانیی لوبنانیین ، لە هەمان کاتیشدا دووپاتمان دەکردەوە کە لەگەڵ یەکێتیی لوبنانو برایەتی رۆلەکانیداین ٠

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● دووشەمە ١٧ی نیسان ١٩٧٨ ژمارە ٤٢٢ ●

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● الاثنین ١٧ نیسان ١٩٧٨ العدد ٤٢٢ ●

ساداتی حاکمی میسر پێ لە ناهومێدی خۆی دەنێ

بەڕێز عزة ابراهیم سلاوی سەرۆکی فەرمانده بە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و راپەراندن رادەگەیەنێ

نوێنەری سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ـ بەڕێز عزةابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشو وەزیری ناوخۆ ، سلاوی سەرۆکی بە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەراندنوودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی راگەیاند ٠

دوێنێ لە سەردانەکەیدا بۆ ئەنجومەنی یاسادانو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن محمد علی امینو ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەندا وتی کە سەرکردایەتی سیاسیی حزبو شۆڕش بایەخێکی تایبەتی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەدەن بە ئامانجی پەرەپێدانو گەشەپێکردنو بەرکەماڵیی ئەمزو ئاسایش تێیداو بۆ جێبەجێکردنی گشت پێویستییەکانی ٠ بەڕێز نوێنەری سەرۆکی فەرمانده داوای لە هەموو کارگەرانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کرد کە بەپێی بایەخی ئەو دەورە گرنگەی دەیگێڕن کۆششیان زیاتر پەرە پێبدەنو بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەی بالاوە لەگەڵ دەزگاکانی تری ناوچەکەدا مامەلە بکەنو بە بواری خوتقاندنو داهێنانیان بدەن ٠

ئینجا نوێنەری سەرۆکی فەرمانده سوپاسی کارگەرانی ئەو دەزگایانەی کرد بۆ ئەو هەوڵو کۆششە پێ وچانی لە پێناوی قووڵکردنەوەی ئەو تاقیکردنەوە پێشەنگەو پتەوکردنیدا ٠

وەکێتر بەڕێز محمد علی امین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان پێشتر لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز بهاء الدین احمد بارێزگاری هەولێرو هاوڕێ علی حسین جێگری ئەمینداری نهێنیی لقی ئووروویی حزب تیا بەشداربوون لە وتارێکیدا وتی کە ئەو بایەخەی کە قیادەی سیاسیی حزبو شۆڕش بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیو جەماوەرەکەی دەدا ، رادەی سووربوونی لەسەر چەسپاندنی ئەو تاقیکردنەوەیە دەسەلمێنێ ٠

وتارەکەی سەرکردەی دامەزرینەر هاوڕێ میشیل عفلق

لە بیرەوەری ٣١ ساڵەی دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا

پاشماوەی دەقی وتارەکەی سەرکردەی دامەزرینەر هاوڕێ میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە لە یادی ٣١ ساڵەی دامەزراندنی حزبی سەرکردەدا خوێندیەوە لە لاپەڕەی دووەدا بخوێنەرەوە ٠

بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستین سوپاس وستایشی سەرکردایەتی حزب وشۆڕش دەکەن

بەرەی میللی رزگاریخوازیفەلەستین ـ لقی بەغدا سوپاسو ستایشیسەرکردایەتی حزبو شۆڕشی کردووە بە بۆنەی سەرەخۆشی شەهیدبوونی ودیع حدادی تێکۆشەرەوە ٠هەروەها سوپاسی هەموو نیشتمان پەروەرو هێزە سیاسیو حزبو رێکخراوە میللییەکانی فەلەستینو عەرەبی کردووە بە بۆنەی بەشداربوونیانەوە لە سەرەخۆشی کردندا ٠

لە لایەکی ترەوە بەرەی میللی پەیمانی بە جەماوەری گەلی عەرەبمان داوە کە هەمیشە دڵسۆزبێت بۆ ئەو بیرو باوەڕو ئامانجانەی کە حدادی شەهیدو شەهیدەکانی شۆڕشی ئەوەی عەرەبمان لە پێناویدا خەباتیان کردووەو خۆیانیان بۆ بەخت کردووە ٠

●

مۆرکردنی رێکەوتنێك بۆ وەرگرتن لە گازی بیرە نەوتەکانی ژوورو

دوێنێ بەیانی بەڕێز تایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری نەوت رێکەوتنێکی مۆر کردووە بۆ ئامادە کردنی نەخشەی ئەندازیاری پرۆژەی گازی ژوورووی سەر بە دەزگای گشتیی نەوت ٠ لە لایەن ئەو کۆمپانیا جیهانیەشەوە بەڕێوەبەرە گشتییەکەی مۆری کردووە ٠

ئەم پرۆژەیە بەیەکی لە گەورەترین پرۆژەکانی کەلك وەرگرتنی لە گازی وڵات دەژمێردرێت ٠٠ ئامانجی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە ئەو گازەی لە بیرە نەوتەکانی ژوورو دێتە دەرێ کۆزیان بکاتەوەو بەسەر چەند پرۆژەیەکی پیشەسازیاندا دابەش بکات ٠٠ هەر لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا ساڵی بتر لە دوو ملیون تەن گازی شل بەرهەم دەهێنرێت ، ئەویش بەشێکی لە ناوخۆدا کار دەکرێتو بەشێکی تریش بۆ دەرەوەی وڵات بەڕی دەکرێت سەرەڕای بەرهەم هێنانی (٤٢٣) هەزار تەن گۆگردی خاوێن لە ساڵێکدا ٠٠ پرۆژەکە بەچەند کۆورتێك جێبەجێ دەکرێت چەند بەشێکی دەزگای گشتیی پرۆژەکانی نەوت بە شێوەی راستەو خۆ جێبەجێی دەکات ٠٠ وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە ماوەی (٤٥) مانگی داهاتودا ئەم پرۆژەیە تەواوبێت ، بە ئەواو بوونی غازی بیرە نەوتەکانی ژوورو لە سوتاندنو بەفیڕو چوون قوتاریان دەبێت ٠

ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەر لە بێروتو دیمەشقو قودسی داگیرکراو دەدا

بێروت : ئا٠د٠ع

ئیمڕۆ بەیانی ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆرت فالدهایم بۆ سەردانێك کە بێروتو دیمەشقو قودسی داگیرکراو دەگرێتەوە ، لە جێنیڤەوە دەگاتە بێروت ٠ لە سەردانەکەیدا سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (٤٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان کە ئایبەتە بە ناردنی هێزی ناوبژیکەری دەوڵەتان بۆ خوارووی لوبنانو ئەمرکو فرمانی ئەو هێزانە ، گفتوگۆ دەکا ٠

فالدهایم لە سەردانەکەیدا بۆ بێروت کە چەند سەعاتێك دەخایەنێ لەگەڵ سەرەك کۆماری لوبنان ئەلیاس سەرکیسو وەزیری دەرەوەیدا فوءاد بطرسدا کۆدەبێتەوە ٠

هەروەها لە بێروت وا بڵاوکرایەوە کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دیمەشق چاوی بە سەرۆکی لیژنەی راپەراندنی رێکخراوی رزگارکەری فەلەستین یاسر عەرەفات دەکەوێو لەگەڵیدا لە بارو دۆخی ئێستای مەیدانی لوبنان بە گشتیو بەشی خوارووی بەتایبەتی دەدوێ ٠

لە لایەکی ترەوە یەکێتی حقوقییە عەرەبەکان داوای وریاییو هوشیاری کرد ، سەبارەت بەو ئەنجامە مەترسیدارانەی کە لە زیاد رۆیشتنو لادانی هێزەکانی دەوڵەتان لە خوارووی لوبنانداو لەو ئەرکانەی پێیان سپێراوەو ئەو شوێنانەش بۆیان دیاری کراوە ، دێنە کایەوە ٠

یەکێتی لە راگەیاندنێکدا کە دوێنێ لە بێروت بەڕێز ئەمینداری گشتی شبیب لازم داوێتی ووتی کە ئەرکی هێزەکانی دەوڵەتان وەك ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان دیاری کردوە ، بریتییە لە سەرپەرشتی کردنی کشانەوەی هێزە داگیرکەرەکانی زایۆنیو روونی کردەوە کە هەر لادانێك لەو فرمانە ، سەرپێچییەکی ئاشکرا بەرامبەر پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکاو دەست درێژییەکی ناڕەواش بۆ سەر سەربەخۆیی لوبنان پێك دەهێنێ ٠

هەروەها دووپاتی کردەوە کە هەر هەوڵێك ، هەر لایەنێك لە لایەنە بەشدارەکانی هێزی ناوبژیکەری دەوڵەتان بە مەبەستی پرکێشی کردنی هێزی بەرگری فەلەستینی پیدا ، لە لایەن جەماوەری عەرەبەوە لە سەرانسەری نیشتمانی عەرەبدا بە توندی وەڵام دەدرێتەوەو بەرژەوەندی ئەو لایەنانە تووشی مەترسییەکی راستەقینە دەکا ٠

هەروەها یەکێتی رووونی کردەوە کە رەفزی ئەو شێوازە کۆنە ئیمپریالیزمیانە دەکاو پشتگیری خۆی بۆ هێزە هاوبەشەکان دووپات دەکاتەوە لە پێناو دەرکردنی داگیرکەرە زایۆنییەکانو رزگارکردنی خوارووی لوبناندا ٠

رێکەوتنێکی زانستیو تەکنیکی لە نێوان عیراقو یوگوسلافیادا

دوێنێ بەیانی بەرنامەی هەوکاری زانستیو تەکنیکی نێوان عیراقو یوگوسلافیا بۆ ساڵی ٧٨ـ١٩٧٩ مۆرکرا ٠

ئەو پرۆگرامی هاوکاریەی لە وەزارەتی نەخشە دانانداو مۆرکراوە بریتییە لە هاوکاری کردن لە مەیدانی نەخشەسازییو ئەندازیاری مەدەنیو پیشەسازیو کشتوکاڵو دارستانو زانستی ژیۆلۆژیو بەرهەم هێنانی ئامێری وزەی هەمەجۆرو پیشەسازیی پاپۆڕ دروست کردن ٠

هەروەك بریتییە لە تەرخان کردنی چەند کورسیەك بۆ خوێندنی سەرەتایی زانکۆو خوێندنی بەرز لە دەزگاکانی فیرگردنی یۆگوسلافیادا بۆ قوتابییە عیراقیکان ، سەرەڕای مەشق کردن بە کادیرە عیراقیکان لە پیشەتەکنیکیکاندا ٠٠

ئەو بەرنامەیە لە لایەن نوێنەری عیراقەوە بەڕێز اسماعیل علوان راوەژکاری پەرەوەردە لە وەزارەتی نەخشە دانانداو لە لایەن نوێنەری یوگوسلافیاوە بالۆیزی یوگوسلافیاوە لە بەغدا مۆر کراوە ٠

موحاکەمەکردنی بەشداری کەرەکانی راپەڕینەکەی ١٨ و ١٩ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ لەمیسر

قاهیرە ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ لە قاهیرە لە بەردەم دادگای ئاسایشی بەرزی دەوڵەتدا دەستکرا بە موحاکەمە کردنی ١٨٦ هاووڵاتی پیاوو ئافرەت ، بەگوناهی ئەوەی کە خەڵکیان هان داوەو بەشداریان کردوە لە راپەڕینەکەی ١٨و ١٩ی کانونی دووەمدا کە چینە زەحمەتکێشەکانی گەلی میسر بۆ نارەزایی دەربڕین بۆ سەر ئەو سیاسەتی برسیەتییە بەشداریان تێدا کرد کە رژێمی ساداتو کردەوەکانی بە مەبەسی بەرزکردنەوەی نرخی خواردەمەنی پێویست ، لە سەری دەڕوا ٠

لە دادگاکەدا گوناهی چوونە ناو رێکخراوی نهێنیو هەوڵدان کە بەهێز رژێمی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بکۆڕدرێتو دەزگا گشتییەکان تێك بدرێن ، درایە پاڵ تاوانبار کراوەکان ٠

لە لایەکی ترەوە دوێنێ سەرچاوە ئاگادارەکان رایان گەیاند ، کە پۆلیسەکانی سادات رۆژی هەینی راپوردوو ، هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی هەندێ لە وانەی لەم مەسەلەیەدا تاوانبار کراونو لەوانە ژمارەیەك قوتابی کچو کوڕیان لەگەڵدان ٠

کۆبا سەر لە نوێ داوای لابردنی بنکەی سەربازیی ئەمەریکا لە گوانتانامۆ دەکا

هافانا ـ ئا٠ د٠ ع :

سەر لە نوێ کۆبا داوای کردەوە کە دەبێ ئەمەریکا ئەو بنکە سەربازییەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە لە سەر خاکی ئەم وڵاتەلە گوانتانامۆدا دایمەزراندوە پاکی بکاتەوەو لەوێی نەهێڵێ ٠

ئەمە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە گەریدا وترا کە نوێنەری هەمیشەیی کۆباله کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (ئەلاکسۆندیکیادا) بێرێ شەو بە بۆنەی دوایی هاتنی کارەکەیەوە بەستیو تیایا ووتی ، کە کۆبا ناتوانێ چاوپۆشی لە بیرو باوەڕە بنەڕەتییەکانی خۆیدا بکا ٠

دەست پێ کردنی گفتوگۆی نێوان جێگری سەرەك وەزیرانی دەوڵەتە میرنشینەکانی عەرەبیو سەرەك وەزیرانی کۆماری یەمەن

دوێنێ گفتوگۆ لە نێوان جێگری سەرەك وەزیرانی دەوڵەتە میرنشینەکانی عەرەبشیخ حمدان بن محمدو سەرەك وەزیرانی کۆماری عەرەبی یەمەن ، دەستی پێ کردو هەردوو لا لە پەیوەندی دوو قۆلی هەردوو وڵاتو باری ئێستای عەرەبی دوان ٠

وەك زانراوە ئەو کاربەدەستەی یەمەن کە ئێستا لە ابو ظبییە بەسەردانێکی چەند ڕۆژی چۆتە ئەوێو لە پاشان سەر لە وڵاتانی کەنداوی عەرەب دەدات ٠

خۆپێشاندان دژی حکومەتی نیکاراگوا

بەسرپێرێ پەنجا هەزار کەس لەو خۆپێشاندانەدا بەشداریان کە لە شاری ماناگوا بۆ نارەزایی دەربڕین دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤو ئەو کردارو زەفتارە نارەوایانە کە حکومەتی ئەناستاسیو سۆمۆزا دژی بەندکراوە سیاسییەکان دەیکا سازکرا لە خۆپێشاندانەکەدا ، بە هۆی تەقەکردن لە خۆپێشاندەرەکان لە لایەن کاربەدەستانی نیکاراگواوە ، یەك کەس کوژراوەو چەند کەسێکیش بریندار بوون ٠

سەرچاوەکانی خاچی سوور رایانگەیاند کە پۆلیس بێجگە لەمە ، گازی فرمێسك ڕێژو داریان بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو خۆپێشاندەرانە بەکارهێناوە کە لەیەکێ لە شارەکانی خوارووی پایتەختی ئەو وڵاتەدا خۆیان پیشانداوە ٠

لیژنەیەکی فەنزویلی دەستدێژی زایۆنیەکان بۆسەرخاکی لوبنان ئاوانبار دەکات

لیژنەیەکی فەنزویلی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عەرەبی فەلەستین داوای کردووە سنووزێك بۆ زایۆنیە دەستدرێژ کەرەکان دابنرێت کە چەندەها جارە پەلامارە دەوڵەتە عەرەبەکان ئەدەن ٠٠ لیژنەکە لە پانگەوازێکدا کە پێرێ شەو بڵاوی کردۆتەوە بە ئوندبوتیژی ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر داگیرکردنی خاکی لوبنان لەلایەن هێزە زایۆنیەکانەوەو بۆمباردومان‌کردنی شارو دێهاتەکانی خوارووی لوبنان بەشێوەیەکی درندانە ٠

هەروەها دووپاتی کردەوە کە زایۆنیە دەست درێژکەرەکان بۆ سەرخاکی لوبنان ئارەزووی دوژمنانەیان فراوانکردنی قەوارەی زایۆنی دەردەخاتو لەهەمان کاتدا دەست درێژییەکە بۆ سەر هەموو هێزە پیشکەوتنخوازەکانی جیهانیش ٠

قوتابیانی زانکۆی سلێمانی ستایشی هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش دەکەن

دوێنێ لە کۆرێکی فراواندا کە یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە زانکۆی سلێمانی پێکی هێنابوو ، قوتابیان سلاوو رێزو ستایشی خۆیان پێشکەشی بیرەوەری سیو یەکەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو ئەو رێبازە شۆڕشگێڕیانەیو دەستکەوتە مەزنەکانی کردووە کە بۆ جەماوەری گەلی وەدی هێناوە ٠

بەشدارانی کۆڕەکە ستایشی هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشیان کردووە لەو پشتگیریە بێ سنوورەی لە بزوتنەوەی نیشتمانی لبنانو بەرگریی فەلەستینی دەکات لە بەرەو روو بوونەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو

بروانە ل ـ ٧

رۆشنبیرە ئاسوریەکان ستایشی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی دەکەن

رۆشنبیرە ئاسوریەکان بە ستایشەوە ئەو هەڵوێستانەیان هەڵسەنگاندوە کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش نیشانیان دەدات بەرەوەی بەردەوام چاودێری کەلەپوری رۆشنبیریی کەمەنەتەوایەتیکان دەکات ٠٠

ئەمەشیان لەو بروسکەیەدا دەربڕیوە کە بە بۆنەی بیرەوەری شەشەمین ساڵەی دامەزراندنی ساڵەی دانان بە مافی رۆشنبیریی سریانیکاندا ناردوە بۆ بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠٠ لە بروسکەکەیاندا پەیمانیان تازە کردۆتەوە کە هەوڵی بوژاندنەوەو پەرەپێدانی کەلەپوری مرۆڤایەتی بدەن ٠٠ ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠

بەناوی رۆشنبیرە ئاسوریکانەوە ٠٠ یادی بیرەوەری شەشەمین ساڵەی دامەزراندنی بە مافی رۆشنبیری سریانەکاندا بەهەل دەزانین بۆ ئەوەی ستایشو رێزو سوپاسی بێ پایانمان پێشکەش بە باوکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین بکەین بۆ چاودێری کردنی دڵسۆزانەیان سەبارەت کەلەپوری رۆشنبیریی کەمەنەتەوایەتییەکانی برا لە وڵاتدا ٠٠ پەیمان بە شۆڕشو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سەرکردە دەدەین کە بەردەوام خەریکی بوژاندنەوەو پەرەپێدانی کەلەپوری مرۆڤایەتی بین لە پێناوی خزمەتی گەلماندا ٠

دەستەی بەڕێوەبەری یانەی رۆشنبیریی ئاسوری ـ بەغدا

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دووەم خولی دەبەستێ

لە ٢٤ی ئەم مانگەدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دووەم خولی دەبەستێ کە تایبەتە بە نامیبیاوەو دە رۆژ دەخایەنێ٠ پێشتریش ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نامیبیاوە لە ماوەی ٢٠ تا ٢٥ی مانگی ئازاری رابوردوودا لە لۆساکا کۆبوونەوەیەکی بەستو تیایا ئیعلانی لۆساکا سەری هەڵدا ٠

ئیعلانەکە کە لە پایتەختی زامبیادا هاتە کایەوە ، بە مەبەستی ئامادە کردنی بەرنامەیەکی تایبەتی کە بە پێی بەرنامەکە سەربەخۆیی گورچو راستەقینە بە نامیبیا بدرێو کشانەوەی تەواوی هێزەکانی رژێمی خوارووی ئەفریقا لەم مەلبەندە بەدی بهێنرێ ٠

ئەوەی شایانی باسە خولی سیو دووهەمینی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، پێویستیی یارمەتیدانێکی چالاکی گەلی نامیبیای بۆ رای گشتی جیهان دووپات کردەوە ، بۆ ئەوەی چارەنووسو ئازادیو سەربەخۆیی خۆی لە سایەی نامیبیایەکی یەکگرتوودا بهێنێتە دیو سەرەڕای ئەمەش مەسەلەی راگەیاندن دەربارەی تێکۆشانی گەلی نامیبیا بە سەرکردایەتی بزوتنەوەی (سوابۆ) خەستتر بکرێو زیاتر بایەخی پێ بدرێ ٠

Institut kurde de Paris

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

دەقی وتارەکەی سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشیل عفلق

هاوڕێ تێکۆشەرەکان
جەماوەری نەتەوە مەزنەکەمان

ئێمە میراتگری شارستانیەتێکین لە شارستانیەتە هەرە گەورەکانی جیهانو ئیلهام دەرەکانی رابردووو مەیدانکاریەکانی ئێستا پالمان پێوە دەنێن کە ڕۆلی شارستانێتی خۆمان زیندو بکەینەوەو ، بەرەو زانستو زانیاریو دروستکردنی کۆمەڵگا بەشوەیەکی نوێ هانمان دەدەن ، بەڵام ئێمە دەزانین کە چارەنووسمان لە قۆناغی بووژانەوەدا ، ئەوەیە کە لە ڕێگای بەرگری کردنەوە لەخۆمان شارستانێتی بخوازینو کۆمەڵگایەکی نوێ لە دۆخی شۆڕشو تێکوشاندا بنیات بنێین ٠

ئێمە ناشتی مەبەستێکی دوورمو تادوژمن لانەبەینو ، زوڵمو زۆرداری رانەماڵین مافی خۆمان وەرنەگرین ناگەینێ ٠ چونکە ناشتی ئێمە شتێکی حەقیقیو چەسپاو جێگیرە بۆمانو هەموو ئەو گەلانەی کە زەبوونو چەوسێنراونو دەستدرێژیان لێکراوە ٠٠ چونکە ئەمە دەبێتە کۆتاییەك بۆ دەست بەسەراگرتنی ئیمپریالیزمو ، سەرمایەك بۆ ناشتی جیهانی ٠

بەڵام ناشتی دوژمنان ، تەنیا هەڵخەڵەتاندنمو شەرێکی بە جەورو ، دەست درێژییەکی دڕاندانەو مل کەچیو هەژاریو وێرانکاری دەشارێتەوە ٠٠ رەفزکردنی لە لای ئێمەوە ئەوە ناگەیەنێت کە ناشتی رەفزدەکەین ، یاخود دوژمنی شارستانیەتین ٠٠ بەڵکو واتای ئەوەیە کە ئێمە دەست درێژیکردن بەسەرمانو داگیرکردنی خاڵو کوشتنو ئاوارەکردنی گەلەکەمانو دابەشکردنی قەوارەی نەتەوەیمانو دواکەوتوویو خراپە لە کۆمەڵگای عەرەبمان رەفزدەکەین ٠

ناشتیو ، ژینەووکردنەوەی ڕۆڵی شارستانێتیمان، بەسەرمان دەسەپێنێت کە خۆمان بۆ بەرپەرچدانی دەستدرێژیو شەڕی رزگاریخوازی ئامادەبکەین ، شەڕەکەمان شەڕێکی بەرگریو دادگەرانەیە ، شۆڕشێکی بەجێی مرۆڤایەتیە ، ئەزموونێکی سەختی هەست کردنمانە بە مرۆڤایەتی خۆمانو بەرگری کردن لەکەرامەتو ، توانامان لە بەجێهێشتنی هۆیەکانی پاش کەوتنو رۆیشتن شانبەشانی چەرخی زانستو ٠ تێگەیشتنی ڕۆڵی شارستانیتیمانمو بەرپرسیاریمان بەرانبەر پاشەڕۆژی جیهان ٠٠ کاتێك کە رەفزیکەین بەشێوەیەکی راستو دلێرانە ڕوو بە ڕووی چارەنووسی خۆمان ببینەومو لە کۆڕی شەڕرابکەین ، لەوکاتەدا ئێمە ناشتی حەقیقی رەفزدەکەینو ڕۆڵی شارستانێتی خۆمان زیندو ئاکەینەومو ماوە بە دوژمن دەدەین کە بەشەڕی ناوخۆ خەریکمان بکاتو هێزو توانامان تێدا تەهێڵێتو ڕقو کینە لە ریزماندا بڕوێنێت ومکو ئەوەی لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە لوبنان ڕوویدا ٠

ئەگەر لە ئێو ئەو دەوڵەتە بەهێزو پێشکەوتوانەدا کە لەشەڕی مل‌ملانێ لەسەر زاڵبوونو مەلبەندی دەسەڵات ماندووبوون بۆ چوونی شارستانی‌یانە لەگەڵ دڵسۆزی بۆ ئاشتیدا پێکەوە گرێبدرێ بۆ ئەو گەلانەی کەدەستدرێژی لەسەربەخۆیی‌و خاکو سەربەستیو سامانیان کراومو هیچ ڕێگایەکی‌تریان لەبەردەمدا نی‌یە تەنیا تێکۆشانو شەڕکردن دانی ئەو نرخە نەبێ کە نەتەوە زیندووەکان لە پێناوی مانەوەیانو بەرگری‌کردن لە شەخسیەتو خورەوشتی شارستانێتیان دەیدەن ، بۆ ئەو گەلانە مەسەلەکە بەوجۆرە نیە ٠

ئێمە ناچارین لەگەڵ دوژمندا ڕووبەڕوو بینو شەر بکەین ، چونکە ئێمەی بەهۆی شەڕەوە بەرگری لە بوونو چارەنووسمان دەکەین ، لەبەر ئەوە شەڕو ئاشتیان گەلێ لە شەڕو ئاشتی ئەوان جیاوازە ٠

ئەو ئاشتیەی کە دەوڵەتە گەورەکان یاخود دەوڵەتە پێشکەوتووە بەهێزەکان داوای دەکەن ، ئاشتی ئەو کەسەیە کە بەهێزەو مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێتو ، بە هیچ شێوەیەك ئاشتی ئەو کەسە نیە کە بێ هێزەو لێرەو لەوێ داوای بەزەیی دەکا ٠

هەروەك شارستانێتی هەمیشە لەگەڵ هێز داهەیە کە بەرگری لە هەق دەکاتو لەگەڵ هەرکارێکدا کە یارمەتی هەق بدات هەیە هەرکاتێکیش کە ئەم ئەدگارانە لاواز بوون یاخوود نەمان شارستانیەتی بەرەو بۆگەنیو توانەوە دەچێت ٠

ئەتەوەی عەرەب بارو دۆخێکی تایبەتیو جیاوازی هەیەو ئەمە هەڵو مەرجێکی بۆ دەرەخسێنێت کە بەدەگمەن لەلای ئەتەوەیەکی تر پەیدا دەبێت ، لەئەتەوەی عەرەب لە کاتێکدا لە شەڕی رزگارکردنی خاکەکەیو وەرگرتنەوەی سامانەکانیو یەکخستنی بەشەکانی دایە ، ئەوە لەلایەکی ترەوە چمکی نوێ بۆ هێزو ئاشتیو داد وەکو بناغەیەك بۆ شارستانیەکی تازە دادەنێتو بنیات دەنێت ٠

بەڵام ئایا ئەو بەرەنگاربوونەوە ئاشکراو ڕوونە بۆ حەقیقەتی بارو دۆخو چارەنووسمانو ، ئەوەی لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا چاوەڕوانمان دەکات مانای ئەوەیە کە ئێمە هەڵبچینو پەلە لە کارو بار بکەینو بێ بیرکردنەوە خێرا ئەخشە بۆ مەسەلەی چارەنووسماندا بنێین ؟ گەلی عەرەب دەمێکە ئەو شێوەیەی بەجێ هێشتبوومو لەهەموو لایەکەوە سەرنجی شەڕ دەدات ٠٠ هەروەها دەزانێت کە شەڕ بینا کردنێکی بەشێنەیی‌و پێشکەوتنە لە زانستو ڕۆشنبیریو هونەرداو ، پێشبرکێ کردنە لە مەیانی پیشەسازیو بەرهەمهێنانو راهێنانداو هەر لەو کاتەدا کە کوشتنو خۆبەخت کردنو فیداکاریە ٠

پێویستە لەسەرمان کە بزانین کێ دوژمنمانەو بزانین چیمان بۆ دەنێنەوە ، ئێمە ئامادە دەبینو بەرگری لە مانەومان دەکەین ، بەڵام ئێمە دۆستی هەموو میللەتانین دڵمان بۆ هەموو ئادەمیزاد خستۆتە سەرپشت دەست ئەخەینە ناودەستیان ئێمە لەومدا دڵنیاین کە سوودی ئێمەی ئێذایەوە مافی خۆمان بەو خەڵکە رادەگەیەنینو سەرکەوتنمان خێراتردەکات ، گێژدەبوونی مانمانو پاراستنی خاکمانو سەربەخۆبوونو بەجێهێنانی راپەڕینمانو ، ئامادەبوونمان بۆ شەر بەهیچ شێوەیەك دژی ئامادەبوونی دڵسۆزانەمان نی‌یە بۆ یەك ناسینو هاوکاری‌کردن لەگەڵ گەلانی تردا ٠ گەلی عەرەب عەشقێکی قووڵو بنەڕەتی برایەتی مرۆڤانەی تێدایە ، بەڵام لە شوێنێکی قایمو سەربەرزیو کەرامەتەوە ٠

ئەوروپای ڕۆژئاوا هەقمان ئەزانی ئەشزانی دەستدرێژیمان ئەکرێتە سەر ، هەر ئەو بوو ئەم بارو دۆخە دەستدرێژکەرانەی خولقاند ئەوە کە تا ئێستا بە ئاشکراو بە ئەنێنی پشتگیری دەکات ٠ شارستانێتی ئەوروپای ڕۆژئاوا گەیشتۆتە ئەوپەری شەکەتی کە بەچاوی خۆی مافی ڕەوای خەڵك دەبینێت بەڵام ناتوانێت دانی پیا بنێتو پشتگیری بکات ، بەڵکو بەرژەوندی ماددی بەسەریا زاڵ دەبێتو ئیسراحەتو ئاسانی لەلایدا خۆشەویست دەکات ٠ لە ئێوان باری سەرنجی ئێمەو ڕۆژئاوادا جیاوازییەکی گەورە هەیە ناتوانرێت لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا بەئاسانی پڕ بکرێتەوە ٠ بەڵام ئەوە ڕێگامان لێ ناگرێت کە مامەڵە بکەین تێکەڵاوببین لەگەڵ گەلانی ڕۆژئاوا چونکە ، لە ئێوان ئێمەو ئەواندا لە مێژە ساڵەوە بەدرێژایی مێژوو زیاتر لە پەیوەندییەك لە بەینماندا دروستبووە ٠

بەڵام وەکو عەرەب پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتو میللەتانی سۆشیالیستدا سەرەڕای تازەیی پتەوترە ، هەرچەندە جیاوازی لە ئێوان باری سەرنجی ئێمەو باری سەرنجی ئەواندا هەیە دەربارەی مەسەلەی چارەنووسمان مەسەلەی فەلەستین ، بەڵام زیاتر بەهەڵوێستیان شادمانین چونکە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەو هەموو گەلان لە پاشەڕۆژدا سیاسەتی مەبدەئیان بەرەو ئەوە دەروات کە بەسەر سیاسەتی واقیعدا زاڵبێت ، هەروەها ئێمە شادمانینو لەو باوەڕەداین کە پاشە ڕۆژ بۆ بیری سۆشیالیستو ئەو گەلانەی کە باوەڕیان پێوە هەیە دەبێت ، سەرەڕای ئەو بەندو باوەی کە زایۆنیزمو رووناکبیرانی ڕژێمی سەرمایەداری دژی ڕژێمە سۆشیالیستەکان بڵاوی دەکەنەوە ، ئێمە هەست بە هاوکاری‌کردن لەگەڵ ئەو گەلانەو گەلانی جیهانی سێهەمو ئەمەریکای لاتین دەکەین کە لەگەڵمانە شەڕی پاکژدانی دواسەنگەری ڕژێمی سەرمایەداری بۆ گەنو ڕۆردار دەکەنو ، تاقیکردنەوەو ئازاری شۆڕشگێڕانەی هاوکۆ بەیەکەومان دەبەستێتو ، ئێمە دڵنیاین کە مرۆڤایەتی نوێی پێشکەوتنخوازانە لەو هاوکاریە چارەنووسەیە لە دایك دەبێت ٠

هاوڕێ تێکۆشەرەکان
جەماوەری تێکۆشەرانی نەوەکەمان

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ هەموو عەرەبەکانە ، هەر لەو کاتەی کە وەکو فیکرەیەك هەبوو ئەمەنە خشەکەی بووە ، بەڵام ئەو لەیەك پچراندنەی کە ئەمە ئەخشەکەی بووە ، بەڵام ئەو لەیەك پچراندنەی کە کاری شۆڕشگێڕانەی یەك بوون لە هەندێ لەو وڵاتیدا سەرهەڵبدات کە زیاتر لەوانی تردا بۆ ئەو جۆرە کارە ئامادەن ٠

سوریاش لە هەموو وڵاتەکانی تر ئامادەتربوو تاوەکو حزبی بەعس لە ناویدا دروستبێتو هەنگاوی فراوان لە ڕێگای تێکۆشانی فیکریو سیاسی‌دا بەرەو پێشەوە بنێت ، تەنانەت یەکێتی ئێوان سوریاو میسر لە دوا ساڵانی پەنجاکاندا دەسکەوتێکی مێژوویی ئەو هەنگاوە فراوانانەبوو ، بەڵام ئەو دەسکەوتەی کە سەرکەوتنێکی گەورەی حزبی بەعسو بیرو باوەڕەکانیبوو ، لەهەمان کاتیشدا کۆتایی بەرەو پێشچوونی ڕەوتی حزببوو لە سوریاو ، سەرەتایەك‌بوو بۆ ترازانو دواڕبوونی ٠ چونکە تاقیکردنەوەی یەکێتی سەری نەگرت لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە ، لەمانە ، نەیانهێشت کە حزب بەشداری بکات لە ئاراستە کردنو سەرپەرشتی‌کردن لە ڕاپەراندنی کاروباردا و ، لەگەڵ لەیەك جیابوونەومدا پیلانی ئیمپریالیزمی زایۆنیزمی کۆنەپەرست زیاتر ڕووی لە سوریاو حزبی بەعس کرد لەو کاتەی کە لەو پەری لاوازی هەرەس هێناندا دابوون ، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە چەند ساڵێکە تا ئەمڕۆش ئەو شتە سەیرانە دەبینین‌و ، چەندەها شت بەناوی سوریاو بەناوی حزبی بەعس دەبیستین کە سوریاو حزبی بەعسی لەو شتانە بەری‌یە ٠

فیکری ئەتەوایەتی حزب پاڵپشتێکبوو کە زیاتر لە وڵاتێکی عەرەبدا پلاوببێتەوە ، ئەوەبووە هۆی پاراستنو بەهێزبوونیەوە ٠ لە عیراقیشدا حزب بەشێوەیەکی راستو بەهێز کە تۆوی راستکۆیی‌و دڵسۆزی‌و گیانی تێکۆشانی بەرزوەرگرتبوو سەری هەڵدایەوە ٠ هێشتا چەند ساڵێك بەسەر پەیدابوونیدا تێپەر نەکردبوو ، دەبینین قورساییەکی تایبەتیو ڕایەکی بەجێی لەپەرەپێدانی حزبی ئەتەوەیی بۆ خۆی پەیداکردو ، گەلێ سەرکەوتنی وەدەس‌هێناو گەلێ تەنگوچەڵەمەی بەرەنگاربوو ٠٠ هەروەها هەمیشە لەگەڵ هێڵی مێژووی حزبدا هێڵی بیروباوەڕی ئەتەوەیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ هەڵوێستی مەبدەئیانەی شۆڕشگێڕانە کە پێویستی‌بە لێبوردنو پشووی درێژ هەیە لەبەرەنگار بوونی‌هەستو ئەستی چارەسەری‌و هەڵپەرستی داو ئەرمزووی هەرئیمایەتی‌و خۆبردنەپێشەوە وەستاوە ٠ هەموو کاتێك لەگەڵ بیروباوەڕی یەکێتی بووە دژی ئەوانەی لێی کشاونەتەوە ، یاخود گومانیان پەیداکردوە لە ئەنجامی یەکێتی شێواوی ساڵی ١٩٥٨دا ٠٠ لەگەڵ بیروباوەڕی ئەتەوەیی بووە دژی ئەوانەی هەولیاندا دابڕێشنو وونی بکەنو جۆرە ناکۆکیەك لەنێوانیداو لەنێوان سۆشیالیستدا دروستبکەن ، بەو شێوەیە دەیانویست ئەو شتە بەنرخەی کە حزب پێوە ناسرابوو ، کاتێك ئەتەوەی بە سۆشیالیست بەستەوە لەناوی ببەن ٠

بەم جۆرە حزب لە عیراقدا بەنەبەردیو زیرەکی ئەو ئەمانەتەی وەرگرتوو ، لە ١٧ـ٣٠ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ دوای تێپەربوونی پێنج ساڵ بەسەر پاشەکەزبوونە ڕەشەکەی ١٨ تشرینی ساڵی ١٩٦٣داو دوای تێپەربوونی دووساڵ بەسەر پیلانەکەی ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٦٦ توانی سەر لەنوێ دەسەڵات بگرێتە دەستی خۆی ٠

ئەمە کردەوەیەکی پڕ لە جور ئەتو لێزانینو ئاستێکی پێگەیشتووی نوێ تێدایەو ، بەعسیەکانو دۆستەکانیان هەستێکی تێکەڵاوی پڕ لە هیوایەکی گەورەو وریایی لە تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی حزب دەیبزواندن ، لە دوای ئەو ئازارانەی کە لەئەنجامی هەڵەکانی شۆڕشی گەورەی ڕەمەزان چەشتیانو ، لەبەر تاڵی‌تاقیکردنەوەی حوکمی حزب لەسوریا کە ناوبانگی حزب لەوێدا بەرەو تێکچوون دەڕوێشتو ئەوەڕادەیەك جەماوەرە خەڵك بەهیچ جۆرێك سیای حزبی بەعسی لەحوکمدا بەدی نەدەکردو ، بەعسیەکانیش خۆیان ئینکاریان کرد کە ئەمە حزبەکەیان بێ ٠٠ شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز لەڕێگا سەختەکە یدا بەڕاستو لەسەرخۆ بەردەوام‌بوو ، هیواکانی حزبو گەلو مەترسیەکانی تاکو جارێکی تر دووبارە نەبێتەوەو تووشی هەڵەوشکستی نەبێت لەخۆیدا هەڵدابوو ، بەڵام لەهەمان کاتدا مەبدەئەکانی بەعسی هەڵگرتبوو کە هێزو توانای بێدەبەخشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیاری نەتەوەیی لەکاتێکی پڕ مەترسی کە نەتەوەی عەرەب پێدا تێدەپەڕێت ، هەموو ڕۆژێکیش کە بەسەر تاقیکردنەوەکەدا دەڕوا لایەنێکی لە دڵسۆزیو ڕاستگۆیی پا بەند بوونی‌بە حزبی بەعسو مەبدەئەکانی دەردەخاتو زیاتر بەرە بەرە لە دڵی تێکۆشەرانو جەماوەری عەرەبی نزیك دەکاتەوە ٠

مێژووی حزب بە درێژایی ڕەوتی بەردەوام بوونی گەلێ سەرکەوتنو دەسکەوتی وەدەست هێناوەو ، تووشی کۆسپو شکستیش بووە ، هەمیشە ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆیو مەسەلەکەیدا هەڵگرتووە ٠ چونکە بەردەوام ملی لە بەردەم مێژووی نەتەوەی دانەواندووەو سروشتی لەو مێژووە وەرگرتووەو داوای حوکمی بریاردانی لەو کردووەو ، لە کەسی تر داوا ناکات ٠

لەبەر ئەوە حزب لە ماوەی ئاسکی مێژووی تێکۆشانیدا ئەوەی بە باش زانیوە کە تێکۆشەرانی حزبەکەی بخرێتە بەندیخانەکانو دەربەدەر بکرێت لەوەی کە ئەوەی بنوێنێتو دەست لە بیرو باوەڕەکانی هەڵبگرێت ، یاخود ئەشقی حوکم کردن بەرەو کردەوەیەکی پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی ببات ٠ ئەمەیە ئەو میراتیە ئیجابیەی کە تاقیکردنەوەی حزبەکەمان لە عیراقدا پەیڕەوی دەکاتو زیاتر دەوڵەمەندی دەکاتو بەرەو ئاستێکی گەشەدار دەیبات ٠

٣٠ ساڵ خەبات بۆ حزب شتێکی زۆر نی‌یە مادام گەیشتۆتە ئەو تاقیکردنەوەیە پڕ خواستو پتەوە ٠ کە ئەمە سەرەتایەکە لە سەر ڕێگایەکی درێژ یەکخستنی ئەتەوەی عەرەبو ڕزگار کردنی خاڵو ئیرادەو وزەی جەماوەرە ڕەنجدەرە داهێنەرەکەی ، چونکە هەر سەرەتای ڕاستو دروستە کە بە تەنیا دەتوانێت بگاتە مەبەستەکەی ٠

ئێمە هەمیشە پێویستیمان بە سەرنجدانێکی شۆڕشگێڕانە کە باوەڕی بە مافی ژیانی ئەتەوەی عەرەبو توانای گەلی عەرەبەوە هەبێت لە جێبەجێ هێنانی ئامانجەکانی ئەتەوەدا ئێمە پێویستیان بە ئەفەسێکی درێژ هەیە ، چونکە مەسەلەی ئەتەوایەتیمان پێویستی بە چەند ئەوەیەك هەیە بە دوای یەکدا بێت بۆ تەواو کردنی (رسالە) کەی ٠ بەڵام ئەرکی ئێمەشە کە میراتێکی ئیجابی لە خۆراگرتنو دڵسۆزیو دەسگەوتو سەرکەوتن بەجی بێلین بۆیان ٠

هاوڕێیانی تێکۆشەر
ئەی جەماوەرانی ئەتەوەی مەزنی عەرەبمان :

ئەوەی باوەڕمان بەوە پتەو ئەکات کە جەماوەرانی میللی عەرەب توانای ئەوەیان هەیە ئەرکو فرمانە مێژووییەکانی شۆڕشی عەرەب بکرنە ئەستۆ ، ئەو گیانی خۆ ڕاگرتنو ئازایەتیەیە کە بەرگری‌ی فەلەستین و ڕۆڵەکانی گەلی چەوساوە ئەینوێنن لە بەرەنگار بوونی داگیرکاری‌ی زایۆنی‌و چەکە وێرانکەرو شێوە درندانەکانی کاتێك کە سەدەها بەرگرو جەنگاوەر ، سەرەڕای ئابلوقەدانی بەرگری‌و بزوتنەوەی نیشتیمانی لوبنان لە لایەن هێزی دژو دەست تێکەڵەوە ، توانیان ئامانجەکانی هێرشەکەی دوژمن پووچەڵ بکەنەوەو سەر لە سوپاکەی بشێوێنن ٠٠ هاتنی عیراق بە هاواری شەڕکەرانەوەو بازدانی بەسەر چەندین کۆسپو تەگەرەدا ، تروسکە ڕووناکیەکی ڕۆشن بوو لە ناو تاریکستانی، پیلانو سەر شۆڕ کردندا ٠

ئەوەی کە دیسانەوە باوەڕمان بە گیانی نەتەوەو جەماوەرانی چەوساوەی پتەو ئەکات ، ئەو ڕاپەڕینە میللیە سەرتاپا گیرەیە کە بەر لە چەند مانگێك لە تونس‌دا ڕوویدا و پڕ بوو لە مانای نیلهام دەری ئاوات‌و عیبرەت ٠٠ ئەو ڕاپەڕینەی کە ناتوانین بڵێین مانای هۆدانەوەو هاوکاری لەگەڵ تێکوشانی جەماوەرانی میللی لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەب دژی سازاندنو دۆڕاندنی مەسەلەی فەلەستینی تێدا نەبوو ، وکە مەیدانخوازیەك بوو لە بەرامبەر ڕژێمە کۆنەپەرستو لیبرالی‌یە ئیقلیمی‌یەکان کە بەم شێوەیان بەو شێوە لە گەل هێزە ئیمپریالی و زایۆنیەکاندا دەست تێکەڵنو هیچ بایەخێك نادەن بە کارو باری ڕۆژهەڵاتی عەرەب ، تەنها لەو ڕووەوە نەبێت کە ببێتە مایەی ئاسان کردنی کاری دوژمنانی نەتەوە بۆ ئەوەی پیلانی سازاندنو ئاشت بوونەوە لەگەڵ زایۆنی دوژمندا سەر بگرێ ، لە کاتێکدا ناهێڵێ هیچ پەیوەندی‌و کارتێککردنێکی جەماوەری لە ئێوان وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا هەبێو لە ئێوان هەردوو باڵی نەتەوەی عەرەبدا سەنگەری جیاکردنەوە هەڵدەکەنن ٠

هەروەها ئەو ڕاپەڕینە سەرتاپاگیرە ڕاماڵ هێنەی سالی ڕابردووی جەماوەری میللی میسر دژی حوکمی سادات‌و ئەو چینە چەوسێنەرە بۆگەنەی کە لە پشت ئەوەوە حوکم ئەکەن نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو فەرمانڕەوایەی گەل بەم توندی و بەڕینیەوە دژی ڕائەپەڕێ ، مافی ئەوەی نیە بە ناوی میسر و گەلەکەیەوە بدوێ ، بە تایبەتی لە کاتێکی گرنگی وەکو مەسەلەی ئاشت بوونەوە لەگەڵ دوژمنداو لە دەستدانی مەسەلەی فەلەستین ٠

ئەو دەرسە باشەی کە ئەم دیاردانەوە دێتە دەست بریتیە لەوەی کە جەماوەری چەوساوەی عەرەب لە هیچ جیگایەکدا درێغی ناکاتو هیچ بەخششێکی بەلاوە گرنگ نیە لە پێناوی پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانەی کە دژی چارە نووسی نەتەوەو ئامانجە مەزنەکەی ئەکرێ ، بەڵام پەندێکی نا لەباریش هەیە کە ئابێ بیخەینە پشت گوێ ئەویش ئەوەیە ، ئەم ڕاپەڕینە میللی‌یانە بەتەنها لە مەیداندا لە بەردەم هێزی درندەی لەلایەن ئیمپریالیزمەوە پشتگیری کراودا ئەهێڵرێنەوە ، بۆیە یەکێتی تێکۆشان لە ئێوان جەماوەری عەرەب لە هەموو وڵاتەکانیدا بۆتە یەکەم داخوازی شۆڕشگێڕانەی ٠

هاوڕێیانی تێکۆشەر
ئەی جەماوەرانی نەتەوەی مەزنی عەرەبمان ٠٠

ناکۆکیە گەورەکە هەر بەردەوامەو لە ئارادایەو چارەسەرکردن ئەکات ٠

هێشتا بەشێکی زۆری تواناکانی نەتەوەو وزەی جەماوەرەکانی خنکاوە یان لە کارخراومو خراونەتە پشت گوێ ، بەڵام ئەوەی لێی هاتۆتە دی ، هەمووی ئارژێتە ناو ڕوباری پێشکەوتنی نەتەوەو ڕزگاربوونیەوە ، چونکە پەرشو پەرتو بڵاوەو هەندێ جار دژ بە یەکو خۆخۆرە ٠

ئەو ڕووداوانەی کە وڵاتەکەنمانو جەماوەرە تێکۆشەرەکانی‌ی پیادا تێپەڕدەبێ ، هەموویان پەنجە بۆ چارەسەرکردن ڕادەکێشن ٠ ئێمە ، لە قۆناغی زیندووبوونەوەدا تێکۆشانمان لە چارە نووسراوە ، با بە خۆشی‌و شەوقەوە بەرەو ئەم چارەنووسەمان بچین ، ئەوە خۆی نەتەوە ئەهێنێتە سەر باری راست کە تێیدا لە گەل خۆیدا دەگونجێو لەگەڵ چاخەکەیدا یەك دەگرێتەوە ٠ وزەکان دەتەقێنێتەومو لێهاتوییەکان دەردەخاو گزیکاری‌و ساختە لە ئارادا ناهێڵێ ٠

نەتەوە ئارەزومەندی بەخششەو هەر بەرگرتنێك لە تەکانەدانی بەرەوپێش مانای پیلانگێڕانە دژی ڕاپەڕینی ٠٠٠ نەتەوەکەمان لە بڵندبوونەوەدایەو دوژمنانی لە شۆڕبوونەومدان ٠

تێکۆشان جەوهەری ئینسانی‌ی نەتەوەی عەرەب دەردەخا ، لەکاتێکدا ، پەردە لەسەر سروشتی دوژمنایەتی‌و تاوانباری‌ی دوژمنانی هەڵدەماڵێ ٠٠٠ ئێمە یەکدەخاو ئەوان لێك دەکاتەوە ئێمە دەوڵەمەند دەکاو ئەوان هەژار ، ئێمە بەرێکای پێشکەوتنو شارستانی‌دا دەباو باڵ بەوانەوە دەنێ بکەونە کاری درندانەو پەردە لەسەر ڕەگەز پەرستی‌یان هەڵدەماڵێ ، ئێمە دەخاتە ناوجەرگەی تازەیی‌و هاوچاخی‌یەوەو ئەوان دەخاتە ئافەرۆژخانەی بیروڕای وشکەڵەوە ٠

دروشمی پاشە ڕۆژمان دەبێ ئەمانەبن :

لابردنی ناکۆکی نێوان ڕاستی‌ی نەتەوەو و ئەو واقیعەی کە ئێستا تێیدایە ، نێوان مەسەلەی نەتەوەو پیلانی سازاندن ٠

یەکخستنی وزەکانی نەتەوەو ئازادکردنی‌و گەڕاندنەوەی یەکیەتی تێکۆشانی عەرەب بۆ ڕێگای بەرەو ژوورو تەقیوەوە ٠

قوولکردنەوەی ڕوخساری ئینسانی شارستانیانەی ڕاپەڕینی هاوچاخی ٠

با شۆڕشی عەرەب ببێتە شۆڕشی مرۆڤایەتی نوێ ٠

ـــ سڵاو لە شەهیدانی حزبمانو لە شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەی عەرەب ٠

ـــ سڵاو بۆ ئەو تێکۆشەرە عەرەبانەی کە لە بەندیخانەو

بروانە ل ٧

Institut kurde de Paris

چەند سەرنجێك دەربارەی زمانی بۆشایی

تۆتەو هەستێکی ناڕەسەن

لە ژمارە (٤١٠)ی ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستدا بەو ناونیشانەی سەرەوە چیرۆکێکی زۆر کورتی کاك حمە کریم عارف بڵاوکرابۆوە ٠٠ خوێندمەوەو یەکەمجار خۆی نەدا بەدەستەوە پێتایا چوومەوە ، ووشەو دەربڕینە ناسکەکانی هاواری ڕامانیان لێ کردم ٠٠ ڕامام ٠٠ چیرۆکەکانی تریم ـ هەر چەند چیرۆکی بڵاو کراوەی کەمە ـ هێناوە بەرچاوی خەیاڵ ٠٠ کاکە حمە لەو چیرۆکە کەمانەیدا بەوەی ڕاهێناوس هەندێ باری دەروونی لەوپەڕی شێواویو تێك ترنجاویدا بخاتە ڕوو ، ئەبینین هەندێ هەڵوێستی وا دروست دەکات کە پرپەتی لەدوو دڵێو ڕارایی بۆ ئەوەی پیکات بە پردێك بۆ جیهانی ئەو سۆزە دژوارانەی کە پاڵە وانەکانی داوە تە بەردەم گەرداوی خۆی ٠٠

لەم چیرۆکەشیا هەمان شت ، هاتووە سێ هەستی خستۆتە ڕوو ، بێ تێگەیشتن هیچیان لەوی تر بچێتو هەر یەکەیان خاوەنی خودی خۆیەتیو لەڕوانگەی بۆ چوونی خۆیانەوە بارێکی دەروونی سەیری خستۆتە ڕوو کە لە هەمان کاتدا خۆشو ناخۆشی گرتۆتە ئامێز ٠٠ چیرۆکەکەش بریتیە لەژنو پیاوێك ، لەگەڵ حەز لێکردەیەکی ئەو ژنەدا ٠٠ پیاوی یەکەم بەزەبری پارە دەگانە ژنەکە بەڵام کە دەیگاتێ ئیتر دڵی لێ پیس دەکات ، هەر چەند دەکات لە واهیمەو مەراتو لێکدانەوە دوور ناکەوێتەوە ٠ ژنەش بۆتۆ لە سەندنەوە لە مێردو کۆمەڵو هەموو شتێك بەرەو باوەشی خۆ دۆڕاندن دەخزێو بە چاکترین چەکی تۆ لە سەندنەوەی دەزانێ ٠٠ دۆستی ژنەکەش لە هەمان دوودڵیو ڕاڕایی ئەوانا دەژیت ، هەر چەند دەشگات بەژنەکە بەڵام دڵی هەر لە ناڕەحەتی دایەو ویژدانی بواری لێدەسەنێ ٠٠ ئەنجامیش بەجوانی دراوەتە دەستەوە کە ئەویش ئەوەیە هەرگیز تەلاری بەختەوەری دروست ناکات ٠ کاکە حمە کریم لایەنە هونەریەکەی بەلاوەگرنگ بووەو فەرامۆشی نەکردووە ٠٠ لە ڕووی زمانیشەوە ، لە هەندێ شوێنا شان لەشانی شیعر ئەدات ، ئەگەر هەر وابڕوات لەوانەیە بەهیچ نەناسرێ ، بەزمانەکەی بناسرێت ٠٠ لەکۆ تایبەدا هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەر دەخوازم ٠٠

احمد زاهدار



دکتۆر کوردستان موکریانی لە ژمارە (٤) کانوونی دووەمی ١٩٧٨ی هۆقاری ئاسۆی زانکۆیی دا نووسینێکی بە ناونیشانی « بۆشایی » بڵاوکردبۆوە ، ئەمن لەو چەند دێڕەدا دەمەوێ لە بارەی سەرنجی خۆمەوە بە زمانی نووسینەکەیدا بچمەوە ، دیارە کە ڕەخنە لە بەرهەمێکی ئەدەبی دەگیرێ دروستوایە لە دوو سەرموە هەم شێوەو هەم ناوەڕۆکەوە بێ ، لێرەدا بە ئەقەست گوێ بە ناوەڕۆکو زۆر لایەنی شێوە ئەدراوە ، وەك مەبەستو ئامانجێ بەتەنێ زمانەکەی باس دەکرێ ، ئەلبەتە ئەویش لە بەر هێندێیە کە گەلێك هەڵەی زەق و نەشیاوی تێدایە ٠

نووسینەکە هەمووی لاپەڕە (٨٠) و سێ یەکی لاپەڕە (٨١)ی گرتۆتەوە ، بۆیە بە پێویست نەزانداوە کە هەڵەبە دیاری بکرێ ، چا کەسێکی گەرەکی بێ بەراوردی ئەم لاپەڕەکە بکرێ ، نووسینەو نووسینی گۆڤارەکەبکا دەتوانێ لەو دوو لاپەڕەی لای سەرێدا کە ناومان هێنا بیخوێنێتەوە ٠

دکتۆر دەنووسێ « شەپۆل هۆشو بیرو هەستی هەژاندم » لە بارەی ڕێزمانییەوە ڕستەیەکی ڕاستە ، وەکی دی بە باری لۆجێکدا « منطق » نا ڕاستە ، چونکە لە وشەی « شەپۆل »دا بزوتنەومو هەڵچونی تێدایەو پێویست بە وشەی « هەژاند » ناکا کە ئەمیش هەر بزوتنەومو ڕاچەنینو شلەقانی تێدایە ، چاك وابوو بڵێ « مەنگی هۆشو بیرو هەستی هەژاندم » هۆشو بیرو هەستی مەنگ پێویستیان بە هەژاندنو ڕاوەشاندن هەیە نەك بیرو هەستی شەپۆلدار ٠

ڕستەی « ئەو ڕۆژەی هێنیوە یادم ، کە لە باژێرە چووکەکەمدا پیشانگای چەند هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتووی لاف کرایەوە » ئەوە چەند هەڵەیەکی تێدایە ، یەکەم ـ وشەی « هێنیوە » چ مانایە نابەخشێو وشەیەکی ئەدەبی نییە ، بەڵکو وشەی « هێنایەوە » یە ، دووەمیان « باژێر » نەبیستراوە یە مانای « شار » بێ وەك دکتۆر کوردستان لە فەرهەنگی نووسینەکەیدا بە « شار » مانای لێك داوەتەوە ، هەموو یەکێك لە مێژە ئەوە فێر بووە کە « باژێر » مانای « بازاڕ » دەگەیەنێ ، خۆ ئەوە لە وشەی لێکدراوی « شارباژێر »ی کن خۆمان ئاشکراتر وە دیار دەکەوێ ، ئەمە لە لایەکو لە لایەکی دیکەوە کوردەکانی ئەو دیویشمان لە زۆر جاراندا « باژێر » وەك هاو واتای « بازاڕ » ڕەعەمەڵ دێنن ، سێیەمیان ـ دوا کرداری ئەو ڕستانە کە « کرایەوە » یە هەڵەیەو دەبێ « کرابۆوە » بێ چونکی لە زابوردوویەکی دوور دەدوێ ٠ چوارەم ـ بەومدا کە چەند هونەرمەندێکی بەکارهێناوە ، ئاشکرایە کە پیشانگاکە بۆ کۆمەڵێك لاو بووە دەبێ بڵێ « لاڤان ـ لاوان » و هەموو پێکەوە بە چاك کراوەیی ئاوایان لێدێ « ئەو ڕۆژەی هێنایەوە یادم ، کە لە شارە چووکەکەمدا پیشانگای چەند هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتووی لاڤانی تێدا کرابۆوە » ئەمە جگە لەوەی کە ئەو فاریزەی بەکاری هێناوە پێویست ناکاو زیادەیە ، لەبەر ئەوە ڕستەکە ڕستەیەکی ئاڵۆزمو ئامرازی « کە » پێکییەوە بەستوونو چ ئەو فاریزەی پێناوێ ٠

لەم ڕستەیەدا « خۆی بەم جۆرە بە من ناسیندا » ، بۆ یەکتر ناسینو خۆ پێشکەش کردن دەگوترێ « خۆی بەم جۆرە پێشکەش کردم ، یا خۆی پێ ناساندم » ، پێویستیشی بە ڕاناوی « من » نییەو دەتوانێ بە ڕاناوی لکاو ڕستەکە بە پوختر دابڕێژێ ، ڕستەی « نووسەری ئەم تابلۆیە » هەڵەیەو کورد دەڵێ « وێنەکێشی ئەم تابلۆیە » دیارە دکتۆر کوردستان بە هەڵە ئەو وشەیەی بە نووکی قەڵەمدا هاتووە دەنا دەزانێ نووسەر بی کێ بەکار دێ ٠

دکتۆر لەو ڕستەیەدا « لەبەر ئەوەی سروشتو خۆرسکم پڕ لا جووانەو ڕەنگینە » تووشی یەك دوو هەڵە بووە ، وشەی « پڕ » بە مانای « زۆر » بەکار نایە ، چونکە « پڕ » یانی « لێوانلێو » بۆ نموونە پیاڵەیەکی پڕ لە ئاو ، ئاوەکە زۆر نییە بەڵام « پڕە » ، دکتۆر کوردستان وشەکەی بە هەڵە بەکار هێناوە ، لە وشەی « جوانە »دا دوو چەوتی تێدایە یەکەم « جوان » بە یەك واو دەنووسرێ ، دووەم کە لە گەڵ وشەیەکی دوای خۆی بەهۆی « و » « واوە »موە لێکیان دەدا پێویستی ئەو ڕستەش بەم جۆرەیە « لەبەر ئەوەی سروشتو خۆرسکم زۆر لا جوانو ڕەنگینە » ٠

دیارە زمانی نووسینی ئەدەبیات خۆی لە خۆیدا زمانێکی تایبەتییەو زیاتر بە ڕستەی چڕو پڕو سوكو سۆل ئاوێتە بووە ، لە وشەی زیادەو کەم پەیوەندی خۆی دەبارێزێو پاشوپێش کردنی وشە جوانی نووسینەکە پتر دەکا ، لە نووسینەکەی دکتۆر کوردستاندا مزە وشەی وای تێدایە کە پێویست بە نووسینیان ناکا بۆ نموونە دەڵێ « ڕادەی خۆشەویستیم بۆی گەیشتۆتە پەرستن » ئەوی ڕاستیو ئەدەبیاتە تر بێ دەبوایە بیگوتایە « ڕادەی خۆشەویستیم گەیشتۆتە پەرستنی » ، یا کە دەڵێ « دەتوانم پرسیارێك بکەم ؟ وابزانم لێم زویر نابیو وەڕامی ڕاستیم پێ دەبەخشی ٠٠٠ » ٠٠ « فەرموو بیکە » ٠

پێویستی بە وشەی « بیکە » نییەو زۆر زیادە دەبوایە بگوترایە : فەرموو ٠

دکتۆر دەنووسێ « تا گەڕامە ماڵەوە وشەی تابلۆ ٠٠ مونالیزا ٠٠ ئامۆژگا ٠٠ لە کەلکەلەو خەیاڵمدا هاتووچۆیان دەکرد ٠٠ ئەوە دوو ڕستەن ، دیارە ڕستەی دووەم بە یەکەمەوە بەستراوە ، لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دادەڕێژرێ ، « بکەر » لە ڕستەی یەکەمدا نووسەرەو دەیەوێ سەرسامیو جێژی خۆی لە بەرامبەر ئەو وشانەدا دەربڕێ ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بکەر کە دەبێ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك بێ دیارە وجودی نییە ، بەوە مەرجی هەرە سەرەکی ڕستەیەکی بزرگردووە ، کە ڕەنگە دکتۆر کوردستان خۆشی ئەوە چاك بزانێ ڕستەی بێ « بکەر » لە زمانی کوردیدا چنگ ناکەوێ ، کەواتە پێویستە بەم شێوە « تا گەڕامە ماڵەوە وشەی تابلۆ ٠٠ مونالیزا ٠٠ ئامۆژگا ٠٠ لە کەلکەلەو خەیاڵمدا هاتووچۆیان دەکرد ٠٠ بنووسرایە ٠

لەو ڕستە ئاڵۆزەدا کە دەڵێ « وەکو چەند دانە مرواریەك ، کە لە تاڵە دەزوویەکی درێژ هۆنرابنەوە وا بوون » ، فاریزەی پێش « کە »ی ئامرازی بەستنەوەکەی ناوێو دەبێ فاریزەکە هەڵبگیری ، لە کۆتایی ڕستەکەدا فاریزە نییە دەبێ بۆی دابنرێ ٠

دکتۆر کوردستان دەنووسێ « ڕۆژی یەکەمو دووەم باسی هیچی لەگەڵما نەگرد » ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە « ڕۆژی یەکەمو دووەم باسی هیچی لەگەڵدا نەکردم » ٠

دکتۆر لە نووسینەکەیدا بە مەبەستی پەیوەندی « وە »ی زۆر دووبارەو چەند بارە کردۆتەوە ، ئەمن پێم وایە ئەوە ڕواڵەتێکی زمانی عەرەبییە دەتا لەزمانی کوردیدا لە بری ئەوە « و » واوی پەیوەندیمان هەیە ٠

لە ڕستەی « ئایا لە ژیانی تۆدا کەس هەیە » ڕاستییەکەی ئایا لە ژیانتدا کەس هەیە ، یا ئایا لەژیانتا کەس هەیە ٠

کە ڕستەی « ها دایكو باوكو نیشتمانو کتێبم خۆش دەوێ» دایكو باوكو نیشتمانو کتێب ـ چوار شتن ، لە کوردیدا لە یەك پتر دەبێتە « کۆ » دیارە دەبێ کارەکەی بە دواشیاندا دێ « کۆ » بێ ، بۆیە ڕاست وایە بنووسرێ « ها دایكو باوكو نیشتمانو کتێبم خۆش دەوێن » ٠

زۆر نووسەر هەندێ شتی جەوهەری لە نووسینەکانیاندا بە جێدێڵن ، یەکێك لەوانە « دا »ی وەرامی « لە »یە ، دکتۆر کوردستانیش یەکێکە لەو نووسەرانە بۆ نمونە دەنووسێ « لەبەر تیشکی بەتینی چافەکانی » ڕاستی ئەو ڕستەیە بەم جۆرەیە « لە بەر تیشکی بەتینی چافەکانیدا »

دوا سەرنجم ئەوەیە کە دکتۆر کوردستان لە کۆتایی نووسینەکەیدا چەند وشەیەکی لێك داوەتەومو ناوی ناون « فەرهەنگی وشە » ، لێرەدا ئێمە ئەم چەند پرسیارە لە دکتۆر ئەکەین : ئەو (١٤) وشەی تۆ لێکت داونەتەوە کامەیان قورسنو خوێنەری کورد نایانزانێ ؟ یا کە لێکدانەوەی (١٤) وشە فەرهەنگی ناوبنرێ ، ئەدی فەرهەنگی خاڵ کە سێ بەرگی قەبەیە یا قاموسی زمانی کوردی ، وەك دەڵێن (١٠) بەرگە چییان ناو دەنێن ؟٠ چکە لەمە لە لێکدانەوەی ئەو جوارده وشەیەدا چەند هەڵەیان تێدایە ؟

لە بەرامبەر ئەو چەوتیو تا دروستیانەی لە دەستوری زمانی کوردیدا دەکرێن ئەمن خۆم بە بەرپرسیار دەزانم ، دەدەمو چاو پۆشییان لێ ناکەم ٠٠

من پوختیو پێشکەوتنی زمانی کوردی بە ئاواتێکی پیرۆز دەزانمو دەخوازم ٠

هەستوورەی ئەردەڵان

نوسینی : ئازاد بابان

هوما شەرەف خانمی ئەردەڵانی ئەو دەنگە ناسکەیە کە هەستی هەموو مرۆڤێکی هەونەر دۆست دەبزوێنێ و دەبێتە مایەی شانازی هەموو ئەوانەی کە بەهاوبەشی ئافرەت لەژیانی مرۆڤ لەهەموو بوارێکدا سەر گەرمنو لایەنگری مافە ژێر پێخراوەکانیان دەکەن ٠

هوما شەرەف خانم ـ مەستوورەی ئەردەڵانییە ـ شاعیرێکی کوردەو لە ناوچەی ئەردەڵانی هاتۆتە دنیاومو لەسەردەمی ئاڵیداژیاوەو دەنگی لەسینەی نیهانەوە بەرزکردۆتەوەو وەك کچە کوردێکی سەربەست گوێی نەداوەتە تیروتوانجو هاتۆتە مەیدانی ئەدەبەوەو لە شیعردا دەستی باڵای هەبووە ٠ ئەگەرچی بەدەستووری ئەو کاتە لەلایەن شاعیری پایەبەرزو نەمر مەلاخدری شارەزوورییەوە بە شیعر هێزشی کراوەتە سەر ، بەڵام ئەوەش لە پایەی هوما خانمی کەم نەکردۆتەوەو پێی وابووە کە چۆن تاك ڕەوی ئافرەت شتێکی ناشایستەیە لەژیانیدا لەگەڵ مرۆڤ ـ هەروا ئەوەش مەیدانی شیعرو هونەر دەگرێتەوە بۆیە دەڵێ :

کە لە گۆشەو درزی چارشێوەکەیەوە بزەوزەردە دەیگرتو دەتریقایەوە ، دەنگووت پێکەنینی هەناوە کە لە پاش ڕێژنەو تاوی باوو بۆران لە پەنجەرەی هەورەوە سەری شۆرکردۆتەوەو دەنوارێتە خوارو سەیری بریسکەی دڵۆپەی ئاوی بارانا و دەکا لەسەر پەردی پانو تاتە شاخی بەرزو پەیامی خۆی بەنوێنەری پەلکە زێرینە دەنێرێتە خزمەت گیاوگوڵو سەوزایی و بەگوێیاندا دەچرپێنێو پێیان دەڵێ : (سەر بێننە دەرێ ـ پێبکەنن ٠٠ بەهارم پێیەو پەیمان بۆ دڵداراونو شەیدایانی ئەوینی ڕاستەقینە تازە دەکاتەوە) ٠٠ نا٠٠ نا٠٠ گیانەکەم ٠٠ شەوی تاریكو گرمەی هەوری بەهارو لێزمەی باران و ترس و لەرز تۆم لەبیر نایەنەوە ٠٠ عیشق پیرۆزە ٠٠ بەڵام عیشق بەئازارەوە پیرۆزترەو عیشق جوامێریو لەخۆبوردنی پێدەوێو نەپەژینی گەرەکە ٠٠ عاشق تاوڵی نەسووتێ شیعری ئاگراوی لە دەروون ناپاتەدەر ٠٠ دایك کۆرپەی لە باوەش بفرێنرێ ناڵەو نرکەی گەردوونەکەی یەزدان دەلەرزێنێ ٠٠٠ تا دل لەناوموە بسووتێ قسە لەدەمدا کاریگەرترو بەتام تر دەبێت وەك سووتانی مژمەکەوایە تاگری بەرزتربێت ڕووناکی زیاتر دەبەخشێو دەوروبشت ڕووناکتر دەکاتو تاریکایی دەپەوێنێ هوما شەرەف خانم کە نازناوی مەستوورەی ئەردەڵانییە لەم شیعرە بڵاونەکراوەیەیدا ڕوو دەکاتە هاوسەرەکەی کە ناوی خەسرەو خانی والی بووەو بەم چەشنە ڕازی دڵە ناسکەکەی بۆ هەڵدەڕێژێ ٠٠٠

ئەمەش شیعرەکەی هوما شەرەف خانمە :

★ ★ ★

ڕووتە کە ڕووتە پاشەبەحی مانگی ئاسمان
قەدوو قەوامی تۆیە یاسەرووی بۆستان
نەم دیوە مانگ کاڵوی لە سەر دابێ تۆ نەبێ
سەرووپش کە بێ دەوانە وەکو تۆ نیە ڕەوان
فەسڵی بەهار لەدەوڵەتی تاسەر عەزیز ترە
مەعشوقو نەو جوانیو ناوباخو گوڵ ـ ستان
پاشێخ ئەوەندە ئاوی بەهەشتم لەلا مەبە
من دی نیگاری خۆم بەسە وادام بەتۆ جینان
گیانە لەوانە نیم کە لەبەر گیان لەلات بڕۆم
گەر تیر بباری حازرە دڵ دەیکەمە نیشان
ڕێگەم بدەی کە خاکی بەری پێت ماچ بکەم
پێی خۆم بەفەخرەوە دەخەمە فەرقی فەرقەدان
« مەستوورە » لەو ڕووە دەمێ یار پێم کەرەم بکا
شەهدی حەیاتو ئاوی بە قاوعومری جاویدان

پەخشانە شیعر

جەزا عەلی ئەمین

پێرارەبوو ٠٠
بەڵە هەور بڵند دەبوون
نەرم ٠٠ نەرم ٠٠ بەفر دەوەری
بژۆڵەکان بە ڕەتوانیش نەدەنەوین
لە نیۆیانەوە ٠٠ (کەو دەر)دەهاتن
قاسپەی دەنگیان خەنی دەکردم
شەرم لە ڕووتا دەمەیی ٠٠٠!
هێشوی ئەرخەوانم دەدی
دیدەکانیان دەئایساندی

★ ★ ★

لە بەفرەوە دەپێچرام
شانەکانتم گران دەکرد
دەت تەکاندم !
کزەبای شمشاڵێکی خەو لێ خەر
نیۆاغانی دەتەنی
(بێوران) دەبووە کۆتری سپی
منو تۆش دەبووینە پەڕو بە باڵەکانیدا
دەهاتینە خواری
دەگەیشتینە یەکو نەدەگەیشتین

★ ★ ★

پێڵوو کەی لە چاو دەتۆرێ ؟
سوێسکە چۆن باڵەکانی جێدێڵێ ؟
یان زەوی ڕەگ دادەماڵێ ٠٠؟
ئاسمان ئەستێرەی دەردەکا ٠٠؟
کەی باخەوان
گوڵ لەژێر بێدا ڕادەخا !؟

★ ★ ★

ئەگەر بڵێم خۆشم دەوێی
یان تۆ چەپکە هەناوی
بە پشت ئاوایی تاریکە شەوما دێی
جیم ووتووە ؟
شێتی نەبێ وەك مار دەچێ
دەمی بۆ تەنیاییم کردۆتەوەو
کاژی ڕۆژەکانی مەرگ چێدەهێڵێ ٠٠
ـ ئەی مەرگ لێمان گەڕێ با بمێنینەوە(١)
لمینو خۆر هەڵیخستوین
دەممان بگاتە پلوسکێ
لەگەڵ قولپیا تێکەڵ ئەبین !

★ ★ ★

شەو گەلای بێدەنگی ئەگرێ
ئێرە شارێکی ترە ٠٠
نا هەر ناوەکەی جیایە ٠٠
بێ ووردەکان دەتهێنن
بەرەو گەشتی « پێت » دەبەن
بەدوای ڕوانینەوە دەبی
نابەی !
دەترسێی پردی تەماشاکان نەتتوانن ٠٠٠!
لە گوڵە هەناری بینینت دەگرن
گواستنەوە لە پێت دادەماڵن !
ـ وەرە لە ناو پەڵە وێنجەی حەزەکانما وەرکەوە
ون دەبی
وەك ڕۆژەکانی پار خەونکیشم بۆ ناهێنی !

★ ★ ★

ئەوە (ئیلزایە)
دەستی چەپی لە سەر خۆڵەمێشەکەیە
لێدەدا !
ئەوە (سیامەندۆکە)ی لەمەڕ خۆمانە
یەلی دارەبەنێی بە پشتێندی داکردووەو
لە پێش سپیدەوەیە
ئەوە « زینۆکەیە »
بۆتە شمشاڵ بە هەموو بانان ڕادەگا
ـ مەم کوا مەم کوا ؟؟٠٠
ئەوە حەوزە گەورەی (بۆکانێیە)
کچۆلە گوپنەکان کە زیەیەی لێ دەدەن
تا زمانی ئاوەکە نە پشکوێ هەوا نادەن !
ئەوە منم ٠٠ ئەوەش تۆی
بەسەر بژۆڵەکانما دێی
بە ناو هەناسەکانما دێی
ڕادەبووی

(١) دێڕە شیعرێکی بۆدلێرە لە (ازهار الشر) وەرگیراوە بڕوانە (اتجاهات جدیدة فی الادب والفن) البیریس لاپەڕە ٨٠ ٠

ڕەنوو : خزینی تاشە بەفر
کەودەر : مەلی بەفرێیە
ئیلزا : خشەویستو خێزانی ئاراگۆنی مەزن بوو
گەشتی پێت : قوتابخانە !
کاژ : کیف
بێوران : ناوی دێیە

Institut kurde de Paris

سەرۆکی فەرمانده بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ «مارگریت» ی شای دانیمارك ناردووە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونی «مارگریت»ی شاژنی دانیمارکەوە ، بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ ناردووە ٠٠ ئەمەش تەواوی ئەو بروسکەیەیە ٠٠

خاوەن شکۆ مارگریت شاژنی دانیمارك ـ کۆپنهاگن

بە بۆنی بیرەوەری جەژنی لەدایك بوونتانەوە پێخۆشحالم کە جوانترین پیرۆزبایتان بکەمو داواکارم کە شکۆتان بێ‌وەی‌و گەلی دانیمارك لە خۆشگوزەرانیدا بژی ٠

احمد حسن البكر
سەرەك کۆماری عیراق

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەڕێز موقەدەم روکن عماد حسین شبیب بەڕێوەبەری گشتی‌ی بەرگری مەدەنی‌و دکتۆر محی یاسین خضیر عەمیدی کۆلیجی کشتوکال لە کوفە چۆنەتە کۆشکی کۆماری‌و بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بە دانانیان لەو پلە نوێیەیاندا ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردووە ٠

هەروەها بەڕێز ناصیف جاسم دبدب بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای گشتی‌ی پیشەسازی کوتی کیمیاوی‌و بەڕێز هاشم عبدالله طه بەڕێوەبەری گشتی‌ی دارایی‌و دکتۆر عبدالاله یوسف الخشاب سەرۆکی زانکۆی بەسراو دکتۆر حمید محمد سعید بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای تەجهیزاتی کشتوکال‌و بەڕێز صبحی علی الخلف پارێزگاری ذی‌قار چۆنەتە کۆشکی کۆماری‌و بۆ دوعا خوازی سەفەر کردن بۆ دەرەوەی ولات ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردووە ٠

هەروەها دکتۆر عبدالکریم محی‌الدین سەرۆکی دەستەی نەخشە سازیی دووربر ـ لە وەزارەتی نەخشە سازیی‌و بەڕێز ریاض غالب طالب بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای پەخش کردنی بەرهەمە نەوتیکان چۆنەتە کۆشکی کۆماری‌و بە بۆنەی گەڕانەوەیان بۆ ولات ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردووە ٠

بڕیاریکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رۆژی ١١ـ٤ـ١٩٧٨دا بڕیاری ژمارە ٤٨٨ی دەرکردو ئەمە دەقی بڕیارەکەیە :

بەپێی ئەحکامی بڕگە (١)ی بەندی چل‌و دووەمی دەستووری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی رۆژی ١١ـ٤ـ١٩٧٨ی خۆیدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم سزای مەرگ دەدرێ بەسەر :

١ ـ هەرکەسێکدا کە لاقەی مێینەیەکی خزمی خۆی بکات کە خزمایە تی‌یەکەیان تا پلەی سێیەم بێت ، بەبێ رەزامەندی خۆی ، ئەگەر تەمەنی گەیشتبێتە پازدە ساڵ‌و ئەو کارە ببێ بە هۆی مردنی یان تۆڵ‌پڕ بوونی یاخود کچێنی بردنی ٠

٢ ـ هەر کەسێکدا کە لاقەی مێینەیەکی خزمی خۆی بکات کە خزمایە تی‌یەکەیان تا پلەی سێیەم بێت‌و بە رەزامەندی خۆی بێ ، وتەمەنی نەگەیشتبێتە پازدە ساڵ ٠

٣ ـ هەر کە سێکدا کە لاقەی مێینەیەکی خزمی خۆی بکات کە خزمایە تی‌یەکەیان تا پلەی سێیەم بێت‌و بە رەزامەندی خۆی بێ ، وتەمەنی نەگەیشتبێتە پازدە ساڵ‌و ئەو کارە ببێ بە هۆی مردنی یان تۆڵ‌پڕبوونی یاخود کچێنی بردنی ٠

دووەم بە حەپسی تا مردن سزا دەدرێن ئەوکەسانەی کە لاقەی مێینەیەك دەکەن ، یان نێر بازانە لاقەی کۆرێك یان کچێك دەکەن کە خزمی خۆیانن‌و لاقەکردنەکە بەرەزامەندی خۆیان بووو هەردووکیان هەژدە ساڵی تەمەنی‌یان تەواوکردبوو وخزمایەتی یەکەیان تا پلەی سێیەم بوو ٠

سێیەم ـ ئەم بڕیارە لەو رۆژەوە کە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە جێ‌بەجێ دەکرێ ٠

احمد حسن البكر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەواڵەکانی کوردستان

● دوێنێ ئەنجومەنی گەلی لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوانی کردووە لە کۆبوونەوەیەدا هاوڕێ علی حسین ئەندامی لقی باکوورو سکرتیری لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێر ئامادەبوو کە وتاریکی‌دا تیایدا باسی بنەڕەتە مەزرۆعیەکانی دامەزراندنی ئەنجومەنی گەلی کردو دەستی بۆ ئەوە کێشا کە پێویستە لە کاروباری ئەنجومەنەدا متمانە بە هەڵس‌و کەوتی دیموکراتی میللی بکرێ‌و بایەخی دلسۆزانە بە چارەسەری گیروگرفتەکانی جەماوەر بدرێ لەبەر رووناکی باوەری شۆڕش و حزبە سەرکردەکەیدا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ٠

● بەڕێز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی‌ی پەروەردەو فێرکردنی بەرز لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ئەمڕۆ لە هەولێر میهرەجانی مۆسیقاو سروودی بەڕێوەبەرایەتیکانی پەروەردەی پارێزگاکانی ولات دەکاتەوە ٠

ئەم میهرەجانەدا کە چوار رۆژ دەخایەنێت تیپەکانی ئۆپەرێت‌و کۆزاڵ‌و مۆسیقای منداڵان‌و تیپەکانی مۆسیقای قوتابیانی قوتابخانە ئامادەیەکانی سەرانسەری ولاتی تیابەشدار دەبێت ٠٠٠ ئەم میهرەجانەدا تابلۆی مۆسیقاو گەلێ جۆر سروودی نیشتمانی تیادا پێشکەش دەکرێت ٠

● بەڕێوەبەرایەتی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری‌و گەورەفێرکردن لە پارێزگای هەولێر پرۆگرامێکی مەشقی بۆ پێنج دەورە داناوە ، ماوەی هەر دەورەیەك مانگێ دەخایەنێت ئەویش بۆ هێنانی (١٠٠٠) کادیر لە مامۆستایان‌و فەرمانبەران ، ئەمەش بەشێکە بۆ خۆئامادەکردن‌و بەشداربوون لەو هەرەوەزە نیشتمانی‌یەدا کە لەولاتدا بۆ ئەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی داهاتوودا دەکرێت ٠٠

لە چەند رۆژێکی کەمی داهاتوودا ئەو لیژنە تایبەتی‌یەی کە بەڕێوەبەرایەتی بەروەردەی پارێزگای هەولێر لەو ناوچانەدا پێکی‌هێناوە کە قوناغی‌یەکەمی هەرەوەزەکە دەبڕێتەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێی دەکات بۆ دیاری‌کردنی ژمارەی نەخوێندەوارەکانی ئەو ناوچانەو

بەڕێز عزة ابراهیم دەگاتە هەولێر و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانان‌دا ئاماده دەبێت

بە تەلەفون لە پ٠ هاوکاری‌یەوە

دوێنێ بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌ووەزیری ناوخۆ گەیشتە هەولێرو لەلایەن هەموو کاربەدەستانی پارێزگاکەو جەماوەرەوە پێشوازی‌یەکی گەرمی لێکرا ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکرادیەتی شۆڕش لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری کرد کە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بەستی ٠

کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز شاکر فتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەستراو بەڕێز محمد امین محمد احمد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن‌و ئەمینداره گشتی‌یەکان بەشداریان تیاکرد ٠

لە سەرەتادا جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆی کرد کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری‌کرد ٠

دوای ئەوە ئەنجومەن کەوتە باس‌کردن‌و لێکۆڵینەوەی کاروباری بەرنامەی خۆی‌و ئەمەش کۆبوونەوەی نۆهەمی ئەنجومەنە لە دەورەی دووەمیداو لە دوایشدا بڕیاردرا کۆبوونەوەی داهاتوو لە رۆژی ٦ی مانگی داهاتودا بەبەستێ ٠

تەرخان کردنی یەك ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لە سلێمانی

رۆژی شەممەی رابوردووبەڕێز سعاد حبیب ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بەڕێز جعفر عبدالکریم جێگری پارێزگاری‌سلێمانیدا کۆبۆتەوەو باسی چۆنی‌یەتی بەڕێوەچونی ئیشوکاری پرۆژە خزمەت گوزارێکانی پارێزگاکەیان‌کردووە ، لەگەڵ ئەو کۆسپانەی رێگای جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو پرۆژانە دەگرێتو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان ٠

لەو کۆبونەوەیەدا کە بەڕێز جێگری ئەمینداری گشتی‌و کاربەدەستانی بەڕێوەبردن‌و تەکنیکیکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی‌و شارەوانیکانی پارێزگاکەی تیادا بەشدار بوون گفتوگۆ دەربارەی ئەو شتانە کراوە کە بۆ دەستکردن بە جێ‌بەجێ کردنی پرۆژە خزمەت گوزارێکان دەستیان دراوەتی وەك قیرتاوکردنی شەقامەکان‌و هەڵکەندنی رێرەو دروستکردنی سەرانکاو پارکیکی منداڵان‌و دروستکردنی گۆڕینەوو بازاڕی تازەی هاو چەرخ ئەمەش لە چوارچێوەی نەخشەی سالانەی ١٩٧٨دا کە ملیونێك دیناری بۆ تەرخان کراوە ، ئەویش بە مەبەستی زۆرکردنی باشترین خزمەت‌گوزاری بۆ هاووڵاتیانی سەرانسەری پارێزگاکە ٠

هەر لە کۆبوونەکەدا باسی ئامادە کردنی هاوینە هەوارەکانی پارێزگاکە کراوە بە شێوەیەك کە ژمارەیەکی زۆری سەیران کەران لەم هاوینەدا رووبان تێ‌بکەن‌و هەوڵیش بدرێت کە سەیرانگای نوێ دروست بکرێت ٠ دوای ئەوە بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی سەری لە قەزای هەڵبجە داو لەگەڵ بەڕێز قایمقامی قەزاکەدا باسی ئەو رێگایانەیان کرد کە بە هۆیەوە دەتوانرێت لە هەموو رووبەکەوە قەزاکەی پێ بێشخرێتو دایەرەکانی شارەوانی باشترین خزمەت پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن ٠

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە کۆمەڵەی رۆشنبیری‌ی کوردی

سبەینێ رێکەوتی ١٨ـ٤و لە سەعات شەشی سەر لە ئێوارەدا ، لە کۆمەڵەی رۆشنبیری‌ی کوردی کۆڕێك بۆ خوێندنەوەی شیعر پێکدەهێنرێ کە دەستەیەك لە شاعیرە لاوەکان لە قوتابیانی زانکۆی بەغدا شیعری تیدا دەخوێننەوە ٠ هەر شیعرو ئەدەب دۆستێك بۆی هەیە لە کۆڕەکەدا بەشداربێ ٠

لیژنەی رۆشنبیری‌ی کۆمەڵەی رۆشنبیری‌ی کوردی

کشتوکاڵ لە هەڵەبجە

لە ئەنجامی هەرەوەزی نیشتمانی‌ی بە دوادا چونو لێکۆڵینەوەی جێ‌بەجێ کردنی نەخشەی کشتوکالی پارێزگای دهۆك‌دا ئەوە دەرکەوتووە ، کە لەوانەیە هەردۆنمێك لە زەوی‌و زارە کشتوکالیکانی پارێزگاکە (٢٢٥) کیلۆ گەنم بداتو (٢١٥) کیلۆ جۆ ٠

لەم هەڵسەنگانەدا پشت بە شارەزایی جوتیاران‌و پسپۆڕەکانی کشتوکال بەستراوە ، ئەوزەوی‌و زارانەی لە وەرزی ٧٧ـ١٩٧٨دا بەگەنم چەندراوە خویداوە لە ١٢٩ هەزارو ٦٠٧ دۆنم زەوی لە ١٤٤ هەزارو ٩٩١ دۆنم زەوی کە بەگوێرەی نەخشەکە دەبوو بچێندرایە بە گەنم ، وە (٣١) هەزارو (٢٧٣) دۆنم جۆ لەو (٤٣) هەزارو (٢٦٠) دۆنم زەوی‌و زارەی کە لە نەخشەکەدا بڕیار درابوو بکرێت بە جۆ وە سێ هەزارو ٢٥٧ دۆنم نیسك لەو پێنج هەزارو ٤٢٤ دۆنم زەویەی کە لە نەخشەکەدا بڕیار بوو بکرێت بە نیسك وە حەوت هەزار و ٥٢٢ دۆنم زەوی لەو حەوت هەزارو ٩٩١ دۆنمە کراوە بەنۆك ٠

ئەو زەوی‌و زارەی کە بۆ تەماتە چاندن ئامادە کراوە خۆی دەدات لە ١٥ هەزارو٣٦٣ دۆنم بەرامبەر ئەو ٢٠ هەزار دۆنمەی کە لە نەخشەکەدا بڕیار وابووە کە بۆ تەماتە ئامادە بکرێت ٠

لە ئەنجامی هەرەوەزەکەدا ئەوە دەرکەوتوە کە لە سەرجەمی پارێزگاکەدا (١٦٨) هەزار سەر مەڕو ٢٦٧ هەزارو ٨٢٠ سەر بزن‌و ١٨ هەزارو ٩٣٩ سەر وڵاغی بەرزەو ٧٦ هەزارو ٢٥٧ پەلەوەری هەمە جۆر هەیە ٠

ئێستاکە لە پارێزگای دهۆك‌دا ٨٢ کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران هەیە لەگەڵ هەشتی هاوبەش‌و کۆمەڵەیەك کە تایبەتی‌یە بۆ بەرێکردن‌و فرۆشتنی میوەجات وسەوزە ٠٠ ئەم کۆمەڵانە ملیونێك‌و ٤١٩ هەزارو ٩٠٢ دۆنم زەوی لەوەرگای گرتۆتەوە ٠

«هاوکاری» و کۆمەڵانی خەڵك

● نامەیەك بۆ بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی هاوینە هەوارەکان

چەند قوتابی‌یەك لەمەولێرەوە نامەیەکیان بۆ ناردووین کە بیخەینە پێش‌چاوی بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی هاوینە هەوارەکان ٠٠ ئەو قوتابیانە لەنامەکەیاندا دەڵێن٠٠ تاقی‌کردنەوەی سەری ساڵ نزیك بۆتەوەو پێویستە کە زیاتر خۆمان بەدەرسەکانمانەوە ماندووبکەین ، لەبەر گەرماش ناتوانین لەماڵەوە سەعی بکەین ، لەبەر ئەوە ناچارین کە بچینە باخچەو دەرو دەشت ، زمارەیەکی زۆرمان لە دارستانەکەی بەرامبەر خەستەخانەی جمهوری سەعی دەکەین ، بەڵام ئەو دارستانە گلوپی تیانی‌یە لەبەر ئەوە ناتوانین بەشەو سەعی لێ بکەین ٠ ئێجا تکایە ئەمر بە لیپرسراوانی ئەو کارە بفەرموون بۆ ئەوەی رونا کی بخەنە ئەو دارستانە تا بتوانین شەوان سەعی لێ‌بکەین ٠٠ لەگەڵ رێزو سوپاسماندا ٠

کۆمەڵێك قوتابی
لە هەولێر

● وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی دابەش‌کردنی کارەبا لە قەلادزە بۆ رۆژنامەی هاوکاری

هاووڵاتی عبدالقادر عزیز سعید لەژمارەی (٤٢٠) رۆژی ٣ ـ نیسان ـ ١٩٧٨ی رۆژنامەی هاوکاری بەڕێزدا لە بەشی (هاوکاری‌و کۆمەڵانی خەڵك) بەناوی قەلادزێ‌و گیروگرفتی کارەبا نووسیوی‌یەتی ، لە نووسینەکەیدا دەرخستووە کە قەلادزێ هەر بەدووشەو جارێك کارەبای هەیە ، بەڵام لەراستی‌دا هەر شەوە ئاشەوێك یەك گەڕەك کارەبای هەیە ئەمەش هۆیەکەیەتی ٠

پرۆژەی کارەبا لە (٣) سێ مەکینە پێك هاتووە بە هەر سێ مەکینەکە تۆانایان بڕیتیە لە (٦٠٠) شەش سەد کیلو وات ، ئەو مەکینە تازەیەی بۆمان هاتووە ماوەیەك لەماوینەهەواری سەرسەنگ ئیشی‌کردووە ، توانا کەی (٥٠٠) پێنج سەد کیلوواتە بەڵام نا وەکو ئێستا ئەکەوتۆتەکار لەبەر ئەوەی هەندێك کەلوپەلی تەواو نی‌یەو نیزراوە بۆ چاککردن ،توانای هەر چوار مەکینەکە پێکەوە (١١٠٠) هەزارو سەد کیلوواتە ئەگەر مەکینە تازەکەیان لەگەڵ بکەوێتە ٠ بەڵام بەشدارانی کارەبای قەلادزێ بڕێتی‌یە لە (٢٠٠٠) دوو هەزار بەشدار ئەمەش جگە لەرووناکی شەقامەکان و کارەبای زۆرجێگای‌تر ، کە پێویستی بەپرۆژەیەکی کارەبا هەیە کە توانا کەی بریتی بێت لە (٣٠٠٠) سێ هەزار کیلووات تابتوانین کارەبای هەموو شارەکەو دەوروپشتی پێ‌بدەین ئێمەش ناچارین بۆ ئەوەی شارەکە یەك جاری تاریك نەبێت‌و پارێزگاری مەکینەکان بکرێت واتا لەگەڵ توانای مەکینەکان کارەبای شار دەدرێت ٠

کارگێرانی کارەبا ئەم گیروگرفتەیان زۆر لە دەمێکەوە خستۆتە بەرچاو بۆ چارەسەرکردنی‌و لێ‌پرسراوانی قەلادزەش درێغیان نەکرد دوەو لەم بارەیەوە هەولێکی زۆری بۆ دراوە ٠

بە رێوەبەری دابەش‌کردنی کارەبای ● قەلادزە ●

● گوندی (سەرگەلو) ناوڕدانەوەی پێ‌دەوێت ٠٠

هاووڵاتی‌یەك نامەیەکی بۆ رۆژنامەکەمان ناردوو لە نامەکەیدا دەڵێت ٠٠

من یەکێکم لە دانیشتوانی گوندی (سەرگەلو)ی ناحی‌یەی سوورداشی سەر بەقەزای دووکان ، گوندەکەمان پتر لە (٥٠٠) مال دەبێت ، دواکەوتوویی باڵی بەسەر هەموو لایەکی ژیانی ئەو گوندەدا کێشاوە ٠٠

١ ـ کارەبای نی‌یە

٢ ـ رێگای ئۆتۆمبیلی نی‌یە

٣ ـ وەك دەوری زۆر کۆن تا ئێستاش بەهۆی گوێ درێژو وڵاغەوە هاتوو چۆ دەکەن‌و کە لوپەلیان دەگوێزنەوە ٠

● هاو وڵاتیەك ●

● گوندی قرگە چی دەوێت ؟

لە گوندی قرگەی نزیك شاری سلیمانی‌یەوە ، هاووڵاتی صلاح الدین محی الدین رشید نامەیەکی بۆ ناردوین لە نامەکەیدا دەڵێت : شارەوانی سلێمانی هەرچی زبڵی شاری سلیمانی هەیە لەسەر رێگای قرگە فڕێ‌دەدات ، ئێمەش خەلکی ئەو گونده بە بیکابە شرەکەمان رۆژی زیاد لە جارێك دەبێت بۆجێ‌بەجێ کردنی ئیش‌و کارمان بەو رێگایەدا بێین‌و بچین ، ئێجا وەرە لە گەل میش‌و مەگەزو میکروبی ئەو سەرەنوێلکانەدا دەربە ٠٠ لە کۆتایی نامەکەیدا تکا لە کاربەدەستانی شارەوانی شاری سلێمانی دەکات کە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوەو ئەو خۆڵ‌و زبڵە لە شوێنێکی دوور لە ناوایی لە ناوببەن یافرێ‌بدەن ٠٠

● بۆ پێش چاوی کاربەدەستانی کتیبخانەکانی ئەم شارانە !!

لە شاری هەولێرو سلیمانی‌و لە قەزای هەڵەبجەو کۆیەوە لە چەند براەدەرێکەوە چەند نامەیەکمان پێ‌گەیشتووە ٠٠ ئەو هاوڕێیانە گلەیی لە هەندێ لەو کتیبخانانە دەکەن کە لەو جێگایانەدا کتیب دەفرۆشن ٠

ئەو خوێنەرانە دەڵێن ٠٠ ئەو کتیبخانانە کە کتیبی نوێی کوردی‌یان بۆدێت وەیا هەندێ لە گۆڤارە کوردی‌یەکان کە دەگاتە لایان ، وە ئەبێ بە ئینساف ئەو کەسەی لە پێشەوە گەیشت چاپ‌کراوەکەی بێ بفرۆشن !

بەڵکو ئەوان ئەو کتیبانە بەسەر دۆست‌و ناسیاوو مامیلەکانی خۆیاندا دابەش‌دەکەن‌و بۆ ئەوانی هەڵدەگرن٠ یا دەبێت لەگەڵ کتیبێك لەو کتیبە نوێیانەدا کتیبی‌کەش بکرێت دەنا نایفرۆشن !

رابۆرت

زنجیرە کۆرەکانی یەکێتی ئافرەتانی عیراق و زانکۆی سلێمانی

● فریا عبداله پ٠ هاوکاری‌لە سلیمانیەوە نووسیویەتی‌ئەڵێ :

بەڕێز خالد عبد عثمان‌وەزیری دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروبار لەگەڵ‌دەزگای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا رۆژی دووشەمەڕێکەوتی ١٠ ـ ١٢ـ٤ـ١٩٧٨ دەستی کرد بە کردنەوەی‌زنجیرە لێکۆڵینەوەیەك لە ژێر دروشمی (زانستەنەخشەی رێبازی پێشکەوتنی ئافرەتی عێراق لە ناوچەی‌ئۆتۆنۆمیدا ئەکێشێ) ٠

ئەوەی شایانی باسە ئەم زەنجیرە لێکۆڵینەوەیە کەسێ رۆژی خایاند لە لایەن یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراقەوە بە هاریکاری زانکۆی سلێمانی سازکرا ٠ لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا کە (٣٧) باس ئامادەکرابوون بۆ لێکۆڵینەوە توانرا (١٥) باسیان بە شێوەیەکی زانستیانە چ لەرووی پێشکەش کردنی باسەکانەوە یان لەرووی ئامادەکردنیانەوە بە قووڵی دەربارەی واقیعی ئافرەت لە ناوچەی کوردستانا بکۆڵێتەوە ٠

هەروەها دەربارەی هەڵسەنگاندی باسەکانی ئەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە شەش لیژنە پێك هێنرا کە لە ئەنجاما گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە :

پێشەکی وەك سەرەتایەك بە گشتی بڕیاردرا :

١ ـ هەوڵدان بەشێوەیەکی زانستیانە بۆ پێشخستنی ئافرەتی کورد لە ناوچەی کوردستانا ٠

٢ ـ یەکێتی ئافرەتانی عێراق لەم رووەوە دەبێ ئەرکی سەرشانی خۆی جێ‌بەجێ‌بکات ٠

٣ ـ هەروەها زانکۆی سلێمانی دەبێ دەربارەی مەسەلەی ئافرەت کەم تەرخەمی نەکات ٠

٤ ـ ئامادە کردنی چەندەها نموونەو کادێری لێ‌هاتوو بۆ خزمەت کردنی مەسەلەی ئافرەت ٠

ئەوەی شایانی باسە لە کۆتاییدا تێکڕا بڕیاریان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا :

آ ـ ئافرەتو گەشەسەندن

١ ـ هۆشیار کردنی ئافرەتان دەربارەی خەوشەکانی خێزانی گەورە ٠

٢ ـ دووپات‌کردنی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی لە ناو ئافرەتانی عێراقدا بە گشتی‌و لە ناو ئافرەتانی ناوچەی کوردستاندا بە تایبەتی ٠

ب ـ ئافرەتو کۆمەڵ :

١ ـ یارمەتی‌دانی ئەو ئافرەتانەی کە لە کەسوو کوورپەکانی کۆمەڵ ئەکۆڵنەوە لەگەڵ زیادکردنی سەردانەکانیان بۆ ناو ئافرەتانی لادێ لە پێناوی چارەسەرکردنی تەنگ‌و چەلەمەکانیانا ٠

٢ ـ هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی واقیعی ئیش‌وکار لە هەموو رویەکەوە لە پێناوی بەرژەوەندی ئافرەتانا ٠

٣ ـ بایەخ‌دان بە کردنەوەی خوێندگاو پەیمانگای زانستی لە زانکۆکانی وولاتدا لە پارێزگای سلێمانیدا ٠

٤ ـ زیادکردنی دەرفەتی ئیش‌وکار بۆ ئافرەتانی کرێکار لەرێگای کۆمەڵە هەرەوەزیەکانەوە ٠

ج ـ ئافرەتو تەندروستی :

١ ـ چاودێری‌کردنی لایەنەکانی خۆ پاراستنی ئافرەتان لە نەخۆشی ٠

٢ ـ زیادکردنی کردنەوەی مەلبەندی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی ئافرەتانی کرێکار لە نەخۆشی ٠

٣ ـ رێکخستنی بەرنامەیەکی رێك‌وپێك بۆ سەردانی دێهاتەکان ٠

٤ ـ بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی ئەو نەخۆشیانەی تووشی ئافرەت دەبن دە دوێن ٠

٥ ـ فراوان کردنی ئاسۆی رۆشنبیری تەندروستی ٠

د ـ ئافرەتو فکر :

١ ـ بانگ‌کردنی دەزگا رۆشنبیریەکان لە ناوچەی کوردستانا بۆ بایەخ‌دان بە کاروباری هۆش‌و بیری ئافرەتان ٠

٢ ـ کۆڕ سازکردن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئافرەت لەرێگای یەکێتی ئافرەتانەوە ٠

٣ ـ لەناوبردنی ئەو بیروڕایانەی کە بۆرژواکان‌و کۆنەپەرستان بۆ مانی بەجێ‌هێشتوە لەگەڵ بەرەوڕوو چوونی ئاسۆی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دیمکراتی یەکگرتوو ٠

٤ ـ وەرگێرانی ئەو بەرهەمە کوردیانەی دەربارەی ئافرەتی کورد نوسراون بۆ زمانی عەرەبی‌و بە پێچەوانەشەوە ئەویش لە پێناوی ئاڵ‌وگۆڕ کردنی بیروڕای رۆشنبیریدا لە نێوان ئافرەتانی کوردو عەرەبدا ٠

هـ ـ ئافرەتو کۆمەڵ :

١ ـ دووپات‌کردنەوە لەسەر دەزگاکانی رۆشنبیریی‌و راگەیاندن دەربارەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری‌و زانیاری لەرووی ئەو نەریتە بو دەڵانەی چینایەتی سەرمایەداری‌و ئیمپریالیزم بۆ مانی بەجێ‌هێشتوە ٠

٢ ـ بایەخ‌دان بە منداڵان لە پێناوی دۆزینەوەی ئاواتو خواستو ئارەزوەکانیانا بۆ زامن‌کردنی نەوەیەکی رۆشنبیرو شۆڕشگێڕی لێ‌هاتوو لە پاشە رۆژدا ٠

٣ ـ زیادکردنی باغچەی ساوایان لە پێناوی ساوایانا بە شێوەیەکی زانستیانە ٠

٤ ـ هان‌دانی ئافرەتی نووسەرو ئەدیبی کورد بۆ بایەخ دانیان بە خزمەت‌کردنی مەسەلەی ئافرەت ٠

٥ ـ تەرخان‌کردنی راگەیاندن بۆ خزمەتی ئافرەت ٠

Institut Kurde de Paris

هاوینەهەواری سەلاحەدین

کاتێك خواستی شۆڕش وجوانی‌ی دڵڕفێن یەکدگیردەبن

ئامادە کردنی صباح عبدالرحمن

منیش ، وەکوو گەلێك خەلکی تر ، ویستم دەمی خۆم بگرمو تەکەومە باسی ئەم مەوزوعەوە ، نەوەك قسەکانی منیش دووبات کردنەوەی ئەو هەموو قسە زۆرەبن بیت کە لە بارەی هاوینە هەوارەکانمانەوە کراون • بەڵام کاتێك لەسەردانێکی کورتدا ئەو هەموو بنیاکاری‌و بەرەسەندنەم بەر چاو کەوت کە لە هاوینەهەوارەکاندا دەکرێن‌و ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەو کارم دیت کە کاربەدەستان‌و هاوولاتیان لەوێ خەریکین ، بەراستی خۆم بۆ زانەگیراو کەوتمە نوسین دەربارەی ئەوەی کە دیم •

هەموو ئەو پرۆژانەی بەدەستەوەن ، بەبەڵە کاریان تیدا دەکرێ‌و دەبێ بەر لەدەست پێ‌کردنی وەرزی هاوینە هەواری ئەم ساڵ بکەونەکار • کاتێکیش چاوت بەیەکێك لەکار بەدەستان دەکەوێ ولێ ، دەپرسی : تۆ بڵێی ئەم پرۆژانە لەکاتی دیاری‌کراوی خۆیاندا تەواوبکرێن ، زۆر بەبڕواوە وەڵامت دەداتەوە کە لەوانەیە بەر لەو کاتە دیاری‌کراوانە بدرێنە دەستەوە •• هەر ئەو کاتە لەناخی دەروونەوە هەست بەوە ئەکەیت کە ئەو بایەخەی بە هاوینە هەوارەکان دەدرێ‌و ئەو چاوەدێریەی لێیان ئەکرێ ، نموونەی هەنگاوێکن لە چوارچێوەی ئەو جوڵانەوەی پەرەسەندنەدا کە هەموو وڵاتی گرتۆتەوە ، ئەمیش لە ژێرسایەی نەخشەی باش‌و ووردی پەرەسەندندا • ئەمە بەڵگەی ئەو بایەخەیە کە سەرکردایەتی سیاسی دەیدا بە دابین کردنی پێداویستەکانی ژیانی نوێ لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا • سروشتی دڵڕفێن ئاوی سازگارو شاخی بڵند ، هەموو لەگەڵ خواستی شۆڕشدا یەکدگیردەبن ، بۆ ئەوەی ناوچەکە ببێتە گولزارێکی رەنگین •• کاتێکیش کە ئەم پرۆژانە تەواو دەبن‌و ناوچەکە بەرگی نوێ‌ی‌رەنگاو رەنگ دەکاتە بەر ، جوانی‌و دڵڕفێنی‌ی یەکجار زیاتر ئەبێ •

ئۆتۆمۆبیل لە هەولێرەوە بەرەو هاوینە هەواری صلاح‌الدین ئەکەوێتەرێ ، هەر لەڕێوە ، بەم لاو بەو لای‌ـ رێگادا ، وێنەو نیشانەی ئەم بزوتنەوە یەت دێتە بەرچاو ، هەرگیز رێ‌وشوێن‌و نیشانەی ئەو رێگا کۆنانەت نایەتە بەرچاو کەیربوون لە تاسەو کۆسپە • لەجیاتی ئەمانە رێگای خۆش‌و بێ تاسەو کۆسپ دروست‌کراوە ، هەر بەم شێوەیەش لەوێوە بەرەو لوتکەی پیرمام ئەکەوێتە رێ • درێژایی رێگەی نێوان هەولێرو هاوینە هەواری صلاح‌الدین (٣٣) کیلۆمەترو هەمووی‌گردوتە پۆلکەو شیوی بەگۆل‌و سەوزایی داپۆشراوە ، رێگا بەگوڵاڵە سوورەو نێرگزو شەوبۆ داپۆشراوە •• هەر کە لە پردی (بەستۆرە) کە ئەکەوێتە شیوی خانزادەوە دەبێ ، ئیتر هەر خێزانەو لەم بەرو لەو بەری پردەکە رایەخی خۆیان لێ‌راخستوەو سەماوەریان لێ ئاگرداوە • ئیتر جگە لە سەیرانی هەفتانەی خەلکی ئەو ناوچەیە • هەر کە گەیشتیتە نزیك قەلای خانزاد ، کە یەکێکە لەو شوێنەوارە کۆنانەی کە چەندین جێرۆك‌و ئەفسانەی لێ‌ئەگێڕنەوە ، ئیتر ئەوە مانای ئەوەیە کەوا خەریکی بگەیتە ئەو رێ پیچاوپێچەی کە بۆ هاوینە هەواری صلاح‌الدین ئەچێت‌و چوارده لۆفەی تیدایە • ئەم رێگایە بە جۆرێك کراوە کە جێگەی تێبەڕبوونی سێ ئۆتۆمۆبیلی تیدا هەبێ ، جگە لەو شوورە بەردوچیمە نتۆیانە کە لە سەررۆخی شێوەکە کراون نە وەك ئۆتۆمۆبیلی هاتووچۆکەران بەرەو شیوەکە بخلیسکێن • یەکەم مەیدان کە تووشی ئەبێت ، هەندێ رات ئەوەستێنێ ، چونکە بڕە لە رێ نوماو هەر یەکە نیشانەیەکی لەسەر دانراوە یان تیرێکی لە سەرکراوە کە جێ‌و دەزگا جۆر بەجۆرەکانی هاوینە هەوارەکەت نیشانە ئەدەن ، چونکە جگە لە ئوتێلەکانی صلاح‌الدین ، بیخاڵ ، پیرمام کە بە خۆشی‌و مێوان پەزێری بەناوبانگن‌و هەموو پێویستیەکی رابواردن‌و کات بردنە سەری تیدایە ، بەمساڵ دەس‌کرا بە دروست‌کردنی ئوتێلی شیرین کە تازەترین ساڵۆنی نان خواردن‌و ژووری تووستنی تیدایە‌و کۆمەڵە بازارێکی پڕ لەشتی پیویستی خراوەتە باڵ •• هەروەها سێ‌دەها خانووی بەردین ، کە لە ئەوەرەو بچوکیدا جیاوازیان هەیەو هەموو پێویستیەکی ئەو خێزانانەی تیدا دەست دەکەوێ کە بۆ هاوینە هەوارەکان دێن ، لەم لاو لەولای هاوینە هەوارەکە دروست‌کراون • ئەمینداریەتی کشتی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان راستەوخۆ سەربەرشتی خانوانە ئەکات‌و بۆ هەرخانوویەك پێداویستی لەاری دروست کردوە وەکو باخچەیەکی بچوك لەبەردەم خانوەکەداو پێکەوە بەستانی خانوەکان بە کۆمەڵە رێگایەکی قیرتاوکراو ، جگە لە شوێنی راگرتنی ئۆتۆمۆبیل • لە قەراغی رێگای صلاح‌الدین رێ نومایەك دێتە بەرچاو کە لێ‌ی تووسراوە « هەوارەدێ » • ئەم هەوارەدێیە بریتیە لە (٣٩) خانووی پلاستیك کە کۆمپانیای (توریزم ئێ هوتێلری)ی فەرەنسایی دروستی‌کردوون • ئەم خانوانە لەقەوارەدا لێك‌جیاوازن‌و شوێنەکانیان ، بەرامبەر بە ئاوایی جوانی کۆرێ ، بەشێوەیەکی رێك‌وپێك دانراون • بۆ ئەوەی شتێك لەبارەی ئەم خانوانەوە بزانیت ، هەژدەیان چوار قەرەوێلەن‌و حەوتیان پێنج قەرەوێلەن‌و یانزەیان شەش قەرەوێلەن‌و سێ‌یەکەی تریان نۆ قەرەوێلەن • هەریەکەیان هەموو شتێکی پێویستی مالیان تیدایە‌و چێشتخانە یەکی ئەوتۆکە هەموو پێویستیەکی چێشتیان تیدایە جگە لەئاوی ساردو گەرم‌و گەرماوفێنکی بەگوێرەی وەرزو دۆڵابی جل هەڵگرتن‌و سەلاجەیەك • هەروەها لەبەردەمی هەر خانوویەکدا پارچە زوەیەك کە کورسی وچەتری بۆ دانراوە • دێیەکە سەیرانگەیەکی منداڵانی تیدایە کە بابەتی یاری‌کردنی منداڵانی بۆ دابین‌کراوە • بەڵام بەشی خزمەتگوزاری ، سەرەکی دێیە ساردەمەنی پێشکەش دەکات ، بریتیە لە بارێك کە خواردنەوەو وجێگایەکی شتومەکی ناومال‌و ئۆتۆخانەیەك کە بە نوێترین شێوەی خێرا جل‌و بەرگ ئەشوات‌و لە ئوتوویان ئەدات ، و کۆگایەکی فرۆشتنی کۆشتی خۆماڵی‌و پێگانە ، سەرەڕای مەلبەندێکی تایبەتی شیرمەمەنی‌و قوتوبەندی • هەر لە نزیکی دێیەوە کە ، ساڵۆنێکی یاری‌کردن هەیە ، کە بە تەنها بۆ هاوینە هەوارکەرەکان تەرخان‌کراوەو دوو مێزی تەنس‌و چوار مێزی فیشەی تۆپ‌پێ‌و دوو مێزی بلیاردی تیدایە • لەناوەڕاستی ساڵونەکەدا ، بارێك‌و بوفێیەکی خواردن هەیە • ئەم ساڵۆنە هەموو رۆژی دوو تاق ئەکرێتەوە لە سەعات نۆی بەیانیەوە ناسەعات دوانزەی نیوەڕۆ لەسەعات سێ‌ی‌پاش نیوەڕۆوە تا سەعات یانزەی

بروانە ل ـ ٧

چی لەناوچەکەدا رویداو

کتێبی هاوکاری

لەمۆناغی ئێستاداو چی پێویستە؟

ـ ١ ـ

سەردانەکەی سادات لە خاکی داگیرکراوو گفتوگۆ کردنی راستەوخۆی لەگەڵ زایۆنی دوژمن‌و دان‌پیادانانی‌و ئامادەبوونی بۆ پێشکەش‌کردنی « تنازلات »ی پڕ شورەیی بە دوژمن ، شەپۆلێکی نارەزایی‌و پێزاری لەناو جەماوەری عەرەب‌و هێزە نیشتمانیەکانیا خولقاند • ئەم کردارانە بە خیانەتێکی نەتەوایەتی‌و مەترسی‌یەکی گەورە دانرا کە هەڕەشە لە چارەنووسی نەتەوەی عەرەب ئەکات • جەماوەری عەرەب دوای ئەم سەردانە داوای هەڵوێستو پەرپەرجدانەوەیەکیان کرد کە لەگەڵ مەترسی‌یەکانی ئەم سەردانە خیانەتکارانەیەدا رێك بکەوێ • بۆ ئەوەی بە تەواوی‌و بە راشکاوی قسە بکەین ئەو هێزانەی کە بە شێوەی گشتی لەسەر ریزی نیشتمانی‌ی عەرەبی دانەنرێن ، هەر لە سەرەتاوە دوو هەڵوێستی لەیەك جیایان بەرامبەر سەردانەکەی سادات‌و ئەنجامەکانی گرتە پێش ، یەکەمیان ئەوەیە کە سەردانەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو لەگەڵ ئەوەشدا کەتەنیا هی خۆی‌بووە ، ئەلقەیەکی سامناك‌بوو ، بەڵام جیانەکراو لەو سیاسەتی چارەسەرکردنی خۆ بەدەسنەوەدەرانەیەی کە چەند ساڵێکە دەستی پێکردوەو بە تایبەتی لە دوای شەڕی تشرینەوە مەودای تەواوی خۆی وەرگرتوە ، بنچینەی ئەو سیاسەتەش ئامادە بوونە بۆ قبول کردنی قەوارەی زایۆنی‌و لەگەڵیا ژیانی بەومەرجەی لەو خاکەی کە لە ساڵی ١٩٦٧دا داگیری کردوە بکشێتەوەو لە چوارچێوەی بەری رۆژئاواو ناوچەی غەززەدا چەشنە چارەسەرێك بۆ گیروگرفتی فەلەستین قبول بکات ، هەروەها رازی‌بوونە بەوەی کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە کاروباری ئەم چارەسەرکردنە خۆ بەدەستەوەدەرانەیەدا دەورێکی بەرچاوو کاریگەرانە بگێڕێ ، پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵدا دابمەزرێنێ ، سادات ئەمەی بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرپلاو کرد ، رژێمی میسر لەم سیاسەتەدا تەنیا نەبوو بەلکوو بۆ ماوەی چەند ساڵ رژێمی سوریاو ئەردەن‌و هەندێك سەرکردە لەناو رێکخراوی رزگاری فەلەستینا سەرەڕای جیاوازی‌ی پلەو ئاست‌و کردارەکانی هەریەکە لەم لایەنانە ، ئەو ئاکۆکی‌و پەرپەرەکانی‌یانەی کە جار جار لە نێوانیانا رووی ئەدا ، لەگەڵی بەشدار بون •

هەڵوێستی دووەم بەرامبەر سەردانەکەی سادات ئەوە ئەگرێتەوە کە گوایە مەترسی‌یەکەی تەنها لەوەدایە کە کردارێکی تەنیا کەسی‌یەو ناپێتە هۆی سازاندنێکی تەواو هەروەکو چاوەڕوان ئەکرا کە لە جێئەدا ببێ •• سادات بەمسەردانەی زیاتر لە پێویست ملی بۆ زایۆنی دوژمندا ، ئەویش بە زویی‌و بە بێ پاداش‌و بە شێوەیەکی پڕ شورەیی بوو کە زۆر لەوە ئەچێ ئەمسەردانەی ببێتە هۆی چارەسەرکردنێکی تەنیایی لە نێوان رژێمی میسرو قەوارەی زایۆنی‌دا •

لە نێوان ئەمدو هەڵوێستەدا هەندێك لایەن لەبەر چەند هۆیەك کە ماوەی باسکردنیان نیە دووچاری دوودلی بون‌و لە جێ‌یەك لەگەڵ خاوەنەکانی هەڵوێستی یەکەمدا یەکدەگرنەوەو لە جێ‌یەکی‌تر لەگەڵ خاوەنەکانی هەڵوێستی دووەمدا ، بە بێ ئەوەی بە وردی‌و بە کردار ئەونانەبابیەی لە نێوان ئەو دو هەڵوێستەدا هەیە رەچاو بکەن‌و سەرنجی ئەو ئەنجامە دوورە بدەن کە لە هەریەك لەم هەڵوێستانەوە پەیدا ئەبێ •

بۆ دابین‌کردنی پێویستیەکانی بەرپەرجدانەوەی راستەقینە لەسەر سەردانەکەی سادات‌و لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی قوول لە بارەی وەزعی عەرەبەوە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بریاری‌دا کە جەزایرو لیبیاو یەمەنی دیموکرات‌و رێکخراوی رزگاری فەلەستین‌و سوریا بانگ بکات کە کۆنفرانسێکی سەرۆکان لە بەغدا ببەستن • لەگەڵ ئەم بانگ کردنەشدا نوسراوێکی سەرۆك احمد حسن البکر بو بۆ سەرۆکەکانی ئەولایەنانە نێردرا ، کە باری سەرنجی عیراقی دەربارەی وەزعی عەرەب بەگشتی تیدا روون‌کردبۆوەو ئەو رێگایانەی خستبوە بەرچاو کە پێویستە بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو هەڵوێستەی کە لە دوای سەردانەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو خولقاوە بیگرنە پێش ، لەسەر سوربونی برایانمان لە لیبیا کە دوو رۆژ لەوەبەر بانگی عیراقیان کردیبو ، عیراق بەشداری کۆنفرانسەکەی طرابلسی کردو ئەم پێشنیارە باسکراوانەی لەگەڵ خۆی برد •

● ماوێتی ●

خوێندنی میللی‌ی سەربەست رێگایەکی چاکە بۆ ئەهێشتنی ئەخوێندەواری

شەرمین جەوودەت

ئامادە کردنی نوری حەیران

لەنیوان ١٠ـ١٢ی ئەم‌مانگەدا یەکێتی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق بە هاوکاری‌لەگەڵ زانکۆی سلێمانیدا کۆڕێکی فراوانی پێکهێنا بۆلێکۆڵینەوەی بارو زروفی ئافرەتی کورد لە ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی‌دا ، بەم بۆنەیەوە ئەوەمان بە هەڵ زانی کە بەبۆنەی ئەم کۆڕەوە گفتوگۆیەك لەگەڵ (خاتووشەرمین جەودەت) ئەندامی لیژنەی ئامادەکردن لە یەکێتی‌گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق‌داو سەرۆکی مەکتەبی ئافرەتانی‌ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا بکەین • لە گفتوگۆکەدا ئەم چەندپرسیارەمان لێ‌کرد ، کە بەدڵ فراوانی‌یەوە وڵامی‌دانەوەو جێگای سوپاس‌و رێزمانە ••

پ : پێکهێنانی ئەم کۆڕەتان بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی سلێمانیدا دەست پێشکەریەکی چاکە ، ئایا نیاز هەیە لەمەو دواش لەم جۆرە کۆڕە پێك بهێنن ؟

و : بیروڕای هاوکاری کردن‌و حەز بەهاوکاری کردن لای ئێمە بەردەوامە • زۆرکەسانی وا هەن لە یەکێتی‌دا کە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن زانستی بۆ خزمەتی کۆمەڵ‌و ئافرەتان بخەنەکارەوە ، یەکێتی‌ی نیازی ئەوەی هەیە کە لە دوارۆژدا لەگەڵ هەموو زانکۆکانی وڵاتدا لەم جۆرە کۆڕە پێك بهێنێت‌و هەوڵی ئەوەش دەدات کە ئەو کۆڕانە لێکۆڵینەوەکانیان فراوان‌تر ببێت‌و پسپۆڕو مامۆستایانی زیاتری تیادا بەشدار بن •

پ : ئێوە وەك لێپرسراوێك لەیەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق‌دا ، بەرای ئێوە گەورەترین کەبیانۆکان بەشێکی زۆریان لەزانستی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی دواکەوتوون‌و پێویستیان بەوریاکردنەوە هەیە لەم بارەیەشەوە یەکێتی‌ی بەبێ‌وچان لەتەقەللادایە • ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە یەکێتی‌ی ئافرەتان وەك رێکخراوێکی جەماوەری وزەو توانای سنوورێکی خۆی هەیە کەلام وایە ئەم قسەیە پێویستی بە ئەوە نی‌یە زیاتر رونی‌بکەمەوە •

پ : ئێوە وەك یەکێتی‌یەك ئامانجە سەرەکیکانتان چی‌یە ؟

و : ئەو ئامانجانەی یەکێتی‌یەکەمان بۆی دەکۆشێت ، زۆرن ، لەوانەی کە لەئەمڕۆکەدا زۆرگرنگن ، قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری‌یە چونکە ئافرەتی خوێندەوارو هۆشمەند زیاتر دەتوانێ دەوری خۆی لەکۆمەڵدا ببینێت‌و ببێتە دایکی ئەوەیەك کە نێرومێ بەچاوی رێزو مرۆڤایەتی‌یەوە تەماشای یەکتر بکەن‌و لایەك مرۆڤایەتی لاکەی‌کەیان نەشێوێنێ ، ئەم ئەرکەش بەوە چاکتر دێتەدی کەیەکێتی لقی خۆی لە هەموو قەزاو ناحی‌یەو گوندێکی وڵاتدا بکاتەوە ، بۆ ئەوەی ئەو مەلبەندانە ببنە قوتابخانەو مەعهەدێك بۆ پێشخستنی رادەی رۆشنبیری‌و زانستی ئافرەتان‌و بۆ هاندانیان کە وەك مرۆڤێکی راستەقینە شان‌بەشانی پیاو لەبنیات نانی کۆمەڵدا بەشداری بکەن •

پ : لە گفتوگۆکانی کۆڕەکەدا ئەوەت خستە روو کە خوێندنی (میللی سەربەست) رێگایەکی چاکە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناوکەیبانوەکاندا ، بەرای ئێوە ئەم جۆرە خوێندنە لای ئێمە سەر دەگرێت ؟

و : پێش ئەوەی وەڵامی تەواوی پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەمەوێت شێوەی ئەم جۆرە خوێندنە روون بکەمەوە ، شێوەی خوێندنی (میللی سەربەست) ئەوەیە کە لەبری ئەوەی کەیبانۆکانی ماڵی بچنە قوتابخانەو مەلبەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریەوە کادیرە رۆشنبیری‌یەکان دەچن بۆ ماڵانو لەوێ دەرس بەقوتابیکان دەڵێن ، واتە خوێندنەکە وەك دەرس‌وتنەوەی تایبەتی وایە کە مامۆستا دەچێت بۆلای قوتابی ، مەرجیش نی‌یە کە یەك یەك دەرس بەو کەیبانۆانە بڵێت بەلکو چەند کەیبانۆیەك لەماڵێکی نزیك خۆیاندا کۆدەکاتەوەو دەرسیان پێدەڵێت •• ئەم جۆرە خوێندنە لە هەندێ لەوڵاتە سۆشیالیستیکاندا خراوەتەکارو سەری گرتووە •

دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر ئەم جۆرە خوێندنە لەلای ئێمە سەربگرێت بەر لەماوەیەك لەبەغداد ئەم جۆرە خوێندنە پەیڕەوی‌کرا ، بەڵام بەهۆی کەمی کادیرەوە هەندێك گیروگرفت هاتە سەرڕێگای‌و ماوەی ئەوەی نەدا کە سەرکەوتنێکی تەواو وەربگرێت ، بەڕای من ئەگەر مەسەلەی کەمی کادیر چارەسەر بکرێت ئەم جۆرە دەرس وتنەوەیە لەوڵاتی ئێمەدا ئەنجامی دلخوشکەری لێ‌دەست دەکەوێت ، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەم جۆرە تاقی کردنەوانە لەوانەیە لەوڵاتێکا سەربگرێت بەڵام لە وڵاتێکی‌کەدا ئەو سەرکەوتنە وەدی نەهێنێت ، بەبێ گومان ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە هەر وڵاتەو هەر کۆمەڵە جۆرە سیفاتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لە کۆمەڵێکی کەی جیادەکاتەوە •

پ : گۆڤاری ئافرەتان دەنگی یەکێتی‌یەکەتانە ، بەرای ئێوە ئەو باسانەی گۆڤارەکەتان دەیخاتە روو دەگاتە رادەی خواستو ئامانجەکانی یەکێتی ؟ وە ئەگەر بەشێکی بەکوردی بۆ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخان بکرێت پێشکەوتنێکی زیاتر نادات بەگۆڤارەکە ؟

و : ئەگەر سەیری ژمارەکانی گۆڤاری ئافرەتان بکەین ، دەبینین گیروگرفتی ئافرەتی کرێکارو جوتیارو کەیبانووی ماڵ دەخاتە روو • لە گۆڤارەکەدا گۆشەیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئافرەتانی کرێکار ، گۆشەیەکی تایبەتی بۆڕێنمایی تەندروستی ئافرەتان‌و پەروەردەی منداڵان • وە گۆشەیەکی تایبەتی هەیە بۆ خستنەروی ئەو گیروگرفتانەی لە دادگای شەرعیدا دەکەونەروو • بێ‌گومان ئەمانەش بەشێکی زۆری ئافرەتان دەگرنەوە • سەبارەت بەشی دووهەمی پرسیارەکەش یەکێتی‌ی وای نیازە کە باشکۆیەکی کوردی بۆ گۆڤارەکە دەربکات ، ئەگەر ئەم تاقی‌کردنەوەیە سەری گرت ئەو کاتە بەشێکی گۆڤارەکە تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی بەکوردی بۆ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بنووسێت •

پ : ئێمە چەند پرسیارێکمان کرد لەبارەی ئەو شتانەوە کە بەپێویستمان زانی ئێیان بکەین ، خۆت دەزدەکەیت چی‌بڵێیت ؟

و : باوەڕێکی ئێجگار گەورەم بە ئافرەتان هەیە ، باوەڕم بەوەیش زۆرە کە دوارۆژی ئافرەت بەردەوام بەرەو چاکتر دەڕوات‌و بۆیە هەمیشە لەم مەسەلەیەدا بە چاوێکی گەش بینەوە دەنوارم ، خواستەکانی ئافرەتان زۆرن ، چالاکانە بۆ هێنانەدیان خەبات دەکات ، ئەوەش خۆی لەخۆیدا شتێکی پڕ شاناگویە کە مرۆڤ ئامانجێکی هەبێت‌و بۆ وەدی هێنانی تێکوشێت ئاواتە خوازم کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئافرەت شان‌بەشانی پیاو لە هەموو مەیدانێکی کۆمەڵدا رابوەستێت‌و دەوری خۆی لەبنیاتناندا ببینێت •• ئەو بایەخە گەورەیەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش بەمەلەی رزگارکردنی ئافرەتی دەدات بەبێ گومان لە ئامانجەکانمان زیاتر نزیك دەکاتەوە •

Institut kurde de Paris

تەشنە ئالوز دهوزانا

نامەیەك بو یارا من دا

صدیق شرۆ

ئەگەر هاتو مە پچەك گوهداسەر ئیشو کەسەرێن خۆ دێ بۆ مە دیاربیت کو ئەم پێدڤی روندکاینە بەردەین ژ سکرێ خەما • ئەگەر مە دیت کو شەرمە دێ خۆ ب کراسێ هۆزانڤانین ئینینەمێرێ یان ستران‌بێژێو مە یازانی کو هەر مرۆڤەك هۆزان بەرەف ـ زکماکی ـ چنکو هۆزان هەولدانا هەستو هوشو ئیشو ژانو دلخۆشیو دل‌نەخۆشیە ••

هەموو کەسا دڤێت ئەفانەدارێژیت • ئەڤجا دیاردبیت لسەر خۆدیکا ژیانێ ـ ب دوورەنگا • رەنگێ وەکی‌خۆ ـ الطبیعی ـ و رەنگێ ئەوەکی‌خۆ ئانکو بڕەنگێ هۆزان‌و هۆنەریو کاری هۆزانڤانی ئەوە خزمەتا مازنترین ژمارە بکەتن ژ تاف‌و دەردەسەریو ئالۆزیا دڕێکا جەماوەریدا ب کراسەکی رەنگانەو پرسقیو دڤیا بیرێ جهێ خۆو پێڤەندی هەبیت دکەل دڤێت رۆژێو بزافا میلێت دەمژمێرێ • ئەڤجا دڤیاهۆزانڤان بزانیت کا دێ چاوا هزرا خۆ دەرئێخیت‌و چاوانژنیت ل شێوەیەکێ بەرکڤەهاتی •

ئو لبەر سیبەرا فێ پێڤەچوونێ دیتنا خۆ بەرددەمە سەر هندە کونجێن لناف وێ‌هزرا برادەر محفوظ مانی ڤەهاندی کو ب ناف‌و نیشانیت •• نامەیەك بۆ یارا من • هاتیە بەلافکرن ل‌رۆژنامە هاوکاری ژمارە تایبەتی (٤٠٨)دا •

برادەر دبێژیت :

« وەرە یارێ

تۆ بخودێ‌کەی بینە جارێ‌وێ بو هاری » •

ئەوی بخۆ هزرەی‌بەرنیاسی‌و گشتی یاهافێژتی ئەم لهیڤێ کو وی داهێنانەك‌تێدا کربا کراسەکێ تۆرەیێ کربا بەر • لێ شوینا هندێ‌کەتە چەپ‌و چیراو بێ‌سود • هاتنا پەیڤا « جارێ » ئەیاپێدڤێ بوو لوێرێو رستا وی داخازا هندێ نەدکر • و ئەزدبێژم ئەو بخۆ دزانیت یاقەرکرێیە وی دڤیا کێشاخۆ دروستکەت ئەڤا هە دبیتە رەڤین‌و ڤەجوین • ئەگەرگوتبا : وەرە یارێ •• دگەل خۆ بینە وێ بوهارێ باشتربووچنکو ئەو سویندا دایە بەر یارا خۆ نەیاهاتی‌یە ل جهێ‌خۆو ئەو بخۆ لدیماهیێ تێدگەهینیت کو شەیدایێ دیتناوئیەو هەرومسا یار هەمی حەزدکەن یکەهنە دۆستێت خۆڤێجا وی دڤیت بهێت پێدڤی سویندێ نەبوو ل وێ دەلیڤێ •

یا دووێ ئەوە : زمانێ مەپرە ژ پەیت نافاو بەمرا پتتر تشتا گەلەك نافێن هەین‌دڤیا ئەم بزانین چاوا دێ‌بەکارهێنین نەمازە دتورێ‌کوردی‌دا دا نەبیتە قاچك‌و ڤەکیانا مەشکێ هەروەکو (زەری‌و پەری ، دیلان‌و شامی‌و دموات ، قۆچالیك‌و بچیك) هەرومسا خولپ‌و تراشی‌و داربەڕوی « ئەڤ‌دووبارەکرنا پەیڤا • هوزانێ لەنگ‌دکەت‌و دویردکەت ژ مەلامەستی ب داڕێتنا کول‌و کەسەراو ڕێڤەچوونا ڕژێمازیانێ دیمەنێ پائیزو بوهارا •

گەلەك جوانە دەمێ دبێژیت:

« ئەزێ ڕەبەن •• هێشتاگرێدایی تەمە »

چونکی ڕەبەن « رهبان »گرێدایێ بەڕێسیا خۆدێ‌یەو ئەڤ پەیڤە ل جهێ‌خۆیەوهیڤیداری تشتەکێ گەشە ل ڕێکا ڕەبەنی ل هیڤیا دلوڤانیاخۆدێ خۆ هەروەسا دلدار یێ لهیڤیا گۆلا گەهشتنێ‌وهۆزانڤان ژڤانا خۆ سەرژێ ناکەت ب چەقوکادویریو ئاوازێ بلیلا کوفاندار دەکەتە سرودا خاکی‌و ڕەنجابالەی‌و جوتیاری •

وەلێ هزرا خۆ لەنگ‌دکەت‌ل دەمێ هیڤیێ پیردکەت چونکە ئەو نامریت‌و پیرنابیت‌و ئەڤینی تشتەکێ « دانوزیە » ـ معطاء ـ دچرمسیت‌و گەش‌دبیت لەوا ووشا ـ پیریێ ـ نە ل جهێ خۆیە •

ئو دبێژیت :

« دێ تە کەمە ددلێ خودا
ناف هزار سرتو زنارا •• ئو ڤەشێرم
ژ بەر بەکرۆکا •• ژ بەرنەیارا
دا تە نەبینن چ جارا »

باشە هەڤال ئەگەر تۆ بەندەواریێ وێ یی ئاکو یا دولێ تەدا • ما دێ بوچی

بروانە ل ٧

مەولەوی و چنار

● عەلی شێخ عومەر قەرەداغی ●

هەستی شاعیر وتینەی گەلای‌دارو سەوزە گیای بەهارە چ لە ڕووی ناسکی‌و تەڕوبڕ یا وچ لەهۆو باری جوولانەوەیا گەلاو سەوزەگیا بەشەمالو سروەنەجوولینەومو کە رویشکە نەکەن بەو شێوە جوان‌و دلگیرەکە سەرنجی شاعیرو هەموو مرۆڤێکی هەستیار رانەکێشن• هەستی شاعیریش پێویستی بە بزوتنەر هەیە ، جۆرو باری‌هەستەکەش دیارە بە نەندازەی تینی بزوتنەرەکەیەو بەشداری‌خوتنەریش بە پێی شێوەی دەربڕینەکەو نام سادەیی‌خۆیەتی • کە ئەلێم شاعیر مەبەستم شاعیری ڕاستی‌یە ،ئەو شاعیریە کە سۆزی دەروون دەربڕی‌و ویستی دلی‌خۆی بینێتەدی •

بێ‌گومان مەولەوی یەکێکەلەو شاعیرانە نەگەر پێشەنگیان نەبێ ، چونکە بەبۆنەی ئەو ڕووداوانەوە کە بەرەنگاری‌بوون ، وردودرشتیان هەستی ناسکی جوولاوەو لەسەر چاوەی‌باکی هەلبەستیەوە بە ناسانی‌و بێ خۆ هیلاك‌کردن ،شیعری رەوان هەلقولاوە •

جارێکیان شۆخێکی بالابەرزو نازدارێکی وەك تووڵی تەڕ لەلای چنارێکی بەرزی‌ڕێکی بێ‌گرێ‌دا ئەوەستێ ، بە ڕێکەوت با هەلئەکاوگەلایێکی زۆر لە چنارەکە ئەورێنێ • مەولەویش هەستی‌ئەجوولێ‌و ئەم لاقرتی‌یەی لە گەلا ئەکاو پێی ئەلێ :

نەواتم عەرعەر سەهەندپەروەردە
باخەوانان داخ وەتۆی گل‌بەردە
خود نومایی لای بالا ئەمامان
خۆت لادەر ئامان پەرێ تۆنامان
دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم‌خێزا
وەلگەکەی سەر شاخ‌ڕێندەگێت ڕێزا
خاس بێ دەرگای خەم پەی‌وێت کەردەوە
دوو لەتیمان بۆ هەرچیت بەردەوە(١)

واتە :

● بێم ئەووتی ئەی چناری‌بەروەردەی سێبەر ، کە باخەوانەکانت بەداخەوەکوشتووەو ئەیان‌توانیوە وێنەی تۆ جوان‌و ڕێك‌و بەرز بەروەردەکەن

● خۆز نواندنی لای‌شۆخانی بالا ئەمامان بۆ تۆ ئەهاتووە ، تکات لێ ئەکەم‌خۆت لادەو واز لەم کارە بێنە • ● ها ئەوا بەچاوی خۆت‌دیت چۆن شەنەی غیرەتی چاوەکەم جوولاو هەلی‌کردوگەلای سەرچلی ژیانتی وەراند •

● باش‌بوو ئەهەت بەخۆت‌کردوو دەرگای خەمو خەفەتت لەخۆت کردەوە :(خەمی ڕووت بوونی) ، باشە هەرچیت بردەوە دووکەتیمان‌بێت !!

مەولەوی لەسەر شێوەی‌خۆی هەستو ئەستی ناسکی لە دەروونی پڕ جۆشیەوەهەلئەقولێ‌و سەر ئەکاو ئەڕژێ بەسەر سروشتاوڕەنگی ئەکاو هەمان هەستو ئەستی مرۆڤایەتی ئەداتێ • بەلێ چنار خۆی ئەنوینێ‌و ئەیەوێ بەربەرکانێی کچەشۆخەکە بکا ، ئەویش غیرەتی ئەجوولێ‌و کزەبای دەروونی‌هەلئەکاو گەلای ژیانی سەرلقەکانی ئەورێنێ •

مەولەویش بۆ خودانەکەوێنە بەینەوەو دەست ئەکا بە ئامۆژگاری چنارەکە • کەئەزانێ سوودی نی‌یەو واز لەم کارە ئەگونجاوە ناهێنێ دەست‌ئەکا بەتوانج هاویشتن‌و لاقرتی‌کردن‌و بێی ئەلێ :باش‌بوو وات بەخۆت‌کرد ، دەبڕۆ هەرچیت بردەوەدولەتیمان بێ !!

لێرەدا ووشەی بردەوەبەکار دێنری وەکو ئەو کەسە گرەو یاقوماری کردبێ‌وبەتەمای بردنەوەبێت بەلام لە ڕاستیشدا جگە لە دۆڕان‌وزەرەر هیچی لێ گومان نەکرێ •

(١) بڕاونە دیوانی مەولەوی‌مەلا عبدالکریمی مدرس• چاپی بەغدا ل ٤٤٥ـ٤٤٦ •

ژبەرزاروکێت بێ گوندە

چیرۆکەکا کولکلۆری :

رمضان درویش

رۆژەکێ ژ رۆژا دوو برا هەبوون ئەمێ بێژین نافێ ئێکی ژ وانا (ڕوبیار) بوو یێ دووێ (گوهدار) بوو •

ڕوبیار بێ ب ژنو مال بوو زارۆکێت وی دەویربوون ، گوهدار یێ نۆلاز بوو بێ ژنو مال بوو هەر دوو دگەل ئێك دژین بخوشی‌و دەست‌فرەهی رۆژێت خۆ دبوورەاندن •

پشتی فان خۆشی‌یا دەمەك بسەر واندا هات رۆژ لوانا گوهری باران نەبارین دەخل‌ودان نەهاتن هۆسا نەردو ناسمان لوانا تێك چوون چیێ هەی ئێندی نەزانین چ بکەن‌و چ نەکەن زارۆکێت بچویك کەتن‌و گێژبوون چافێت وانا ژ برسادا تاری بوون •

● براین گەنج گوتە ڕوبیاری : برا نابیت ئەم هۆسا بمینین ئەڤ بچویکێت مە دێ مرن ، هلۆ ڕابە دا بچینە بازێری بازارەك یێ لوێرێ هەی دەرەبەگ مرۆڤا دکرن • من لوێرێ بفرۆشەو ببهاین من زارۆکێت خۆ یێ بژینە تا کو دنیا دێ چ لێ هێتن •

● ڕوبیاری کرە گری‌و گوت : برا دێ تە چەوا فرۆشم ؟!

دێ چەوا نە ژ خۆ دویرکەم ؟ ئاخ برا فەلەك لە نەیارە بلا پێکڤە بمرین بوومە خۆشترە ژ وان پارا •

● گوهدارێ گەنج گوت : برا چ خەما نەخۆ ، نەخۆشی‌و تەنگاڤی دێ هەر بوورن ، بەلێ ئەڤرۆ هۆسا دخازێتن هیڤی ژ تەدکەم ڕابە دا بچین •

● ڕوبیار نەچار بوو ، ئینا ڕابوو ، بدلەکێ گران‌و شکەستی قەستا وی بازارێ کرن ، گوهدارێ خۆکرە ددەستێ دەلالی داو گوتی :

دەلال من بفرۆشە •

دەلالی کرە گازی بۆ فروتنا گوهدارێ لاو تا کو دەرەبەگەك لێ دەرکەت‌و بهایەك پێداو ئەو پارە کرنە ددەست کوڕێ لاودا •

● دەرەبەگی گوتێ : کوڕێ لاو بزانە ژ نۆکە پێڤە تۆ کەتی بن دەستێ من ، چ کارێ ئەز بدەمە تە دڤێت تۆ بکەی

● گوهدارێ گوتێ : بەلێ ئەربەنی

پاشی گوهدارێ لاو ئەو پارە کرنە ددەست براین خۆ داو گوتێ :

برا بەختێ تە مە ئەکە کری ، هەرە زوی فان پارا بزارۆکێت خۆ ڕابکەهینەو چ خەما نەخۆ هەر دێ بوورتین ژ هەر دوو یان سەرو ستۆیێت ئێك ماچیکرن‌و بەردانە گرین‌و خاترا خۆ ژ ئێك خازتن •

ڕوبیاری هندەك تشتێت خارنێ کرین‌و قەستا مالی کرو خارن دانا بەر وانا‌و هەمی پێکڤە ڕوینشتن دا کو بخۆن ، زارۆکا دەما بەرێ خۆ داینە ئێك‌و مامێ خۆ نەدیتین هەمیا پسیار ژ بابێ خۆ کر : مامێ مە کانێ یە ؟

بابێ ڕەبەن بەردا گریێ‌و گوت . ئەلی زارۆکا ئەڤ نانەو ئەڤ پارە بهایێ مامێ وەیە •

ئینا هەمیا پێکڤە کرنە گری‌و دەستێت خۆ لبەر خودێ ڕاکرن‌و هیڤی ژ خودێ خازتن کو مامێ وانا لوانا بزفریت‌و ژ تەنگاڤێ ڕزگار ببیت •

پشتی چەند دەمەك بوورین کەلا خەریبێ خۆ لسینگێ ڕوبیاری داو سۆت بۆ دیتنا براین خۆ ئینا ڕابوو خۆ بەیت‌کرو گازی ژنا خۆ کرو گوتێ : چافێ تە لڤان زارۆکا بیت تا کو ئەز بزفرم •

ڕوبیاری جل‌وبەرگێت خۆ کرنە بەر خۆو کالك‌و گورێت خۆ گرێدان‌و قەستا ڕێکێ کر • دبێژن ب پرس‌و پیارا گەهشتە گوندێ وی دەرەبەگی • چوو مالا وی‌و پسیارا گوهدارێ کر ، گوتێ : گوهدار یێ جووتی دکەت ، خۆ بکرە تا بێتن •

لێ ڕوبیار نەشیا خۆ بگریتن‌و ڕابوو چوو سەر جووتی چ دبینیت ؟!!

براین وی گوهدار یێ دگەل گایەکی گینی دکشیت ، دەما دیتی چاف لێ تاری بوون ئینا کرە هەوار و گوت : هەی هەوار ما زوردارێ هەتا فێ پەیسێ ما ئەڤە کارێ مرۆڤایە ؟!

گوهدارێ لاو گوتێ : برا ڕاوەستە ، ئەگە هەوار ، ئەز دێ نوکە هێمە دەف تە •

تا کو بوویە نیڤرۆ خۆ ژ هنجاری قەکرو هاتە دەف ڕوبیاری‌و گوهداری هەر دوو کا ئێك‌ودوو ماچی کرن‌و دەست بگرین کرو گوتن : ئەڤە چ بسەری مە هات ؟

گوهدارێ لاو گوت : برا دێ بوورین ، هەرە بزفرە •

ئینا خاترا خۆ ژ ئێك خاستن‌و بوان سەرو دلا ڕوبیار زڤری قە • پشتی چەند ڕۆژەکا گوهدار یێ لناف جووتی بوو ، خەزمەتکارەکێ دەرەبەگی گازی کرێ : گوهدار وەرە خاتوینێ یا گوتی بلا بێتن گوهداری گوت : ئەز نەشێم بهێم برا هەتا نەبیتە نیڤرۆ •

خەزمتکاری گوتێ : کوڕۆ وەرە دەربەگ یێ مری ! خۆ قەکە ، دا زوی ئەم دگەل خەلکی بکۆڕبکەین •

دەما گوهداری گولێ بووی ، جووت هێلاو قەستا مالا دەرەبەگی کر بەرێ خۆ ددەمت تازیەکا سەرقەسەرقەیە گوهدارێ لاو ژی هاری وانا کر هەتا کو دەربەگ بن ئاخ کری •

پشتی دوو ڕۆژا خاتوینێ گازی گوهداری کرو گوتێ : هندی تۆ هاتیە نك مە تە خزمەتەکا ساخلەم یا کری نۆکە دەربەگەمرو من ژی چ کار بتە نەما یە ژ ئەفرۆ پێڤە تۆ یێ سەربەستی تە کیری دڤێت هەرە وێری •

دەما گوهداری ئەڤ گوتنە گولێ بووی دلێ وی گەش بوو ، چافێت وێ ڕوهن بوون ، هەر دوێ گافێدا کارێ خۆ کرو خاترا خۆ ژوان خازت‌و قەستا ڕێکێ کر • پشتی چەند قۆناغەکا باژێرەك کەتە دڕێکا وی‌دا ، چوو دناف وی باژێری‌دا بەرێ خۆ ددەت گزیرەك یێ گازی دکەت‌و دبێژیت : هەچی کەسێ بڤێت خۆ بۆ سەربازی‌یا دەولەتێ بنڤیسیت بلا بێتن‌و دێ گەلەك فایدەکەت •

گوهدارێ لاو گوتە خۆ : ما ئەز بۆچی دێ دەست فالا چمە ڤە بخودێ ئەڤە کارەکێ باشە •

گوهداری نافێ خۆ تۆمار کر بۆ سەرباز • پشتی چەند دەمەك بوورین ، ڕوبیاری دیسا هزرا براین خۆکرو ڕابەرو قەستا ڕێکێ کر ، دڕێکێدا هندەك مرۆڤ دیتن پیارا براین خۆکر گوتنێ : براین تە یێ بوویە سەرباز •

ب پسیارا گەهشتە براین خۆ ، بەرێ خۆ دایێ یێ پێشکەفتی‌و حالێ وی یێ خۆشە ئینا بدلەکێ خۆش خۆ دسەرو ستویێ ئێك وەرکرن‌و ئێك‌و دوو ماچی‌کرن •

گوهدارێ لاو گوتێ برا من نەگوتە تە دێ بووریتن ؟ تە دیت چەوا بوورى بەلێ برا ئەڤەژی دێ بوورێت ، ئەڤە چەند پارەیەکن من یێ دلێگداین هانێ دگەل خۆ بیەو لزارۆکێت خۆ خەرج‌کەو هەر هەیام •• هەیام وەرە نك من پارا بۆ خۆ بیەو شیرەتامن ئەوە تۆ گوهدارێ وان زارۆکا بی‌و چ قوسیریا لێ نەهێلی • دەم بوورین‌و ڕۆژ بۆ ڕۆژێ گوهدارێ لاو پێشکەفت‌و بەردەوام هاریکاریا براین خۆ کرو وەلێ هات بۆ سەردارەك ژ سەردارێت دەولەتێ وەلێ رۆژەکێ تایەکا گران گیانی وی گرت‌و ژ خۆ بێ هیڤی بوو ئەڤجا بەرسڤا براین خۆ هنارت دا بەری بمریت ببینیت • براین وی ڕابوو هاتە دەڤ‌و گوتێ تە خێربیت برا •

گوهداری گوت : برا مە گەلەك ڕەنگێت زیانێ دیتن‌و گەلەك نەخۆشی‌و تەنگاڤی بسەر مەدا هاتن‌و من هەمی دەما دگوتە تە دێ بووریتن‌و ئەزێ ب هیڤی بووم وەلێ فێ جارێ ئەڤ تەنگاڤیە نابووریتن‌و گەردەنا من نازاکەو ئەز دبێژم هندی ژ من هاتی من کر دا ڕێ بۆ وان زارۆکێت بێ گونەهە ڤەکەم‌و نوکە دەستێ مە بەرفرەهە بوو چ خەما نەخۆو ئەز خاترا خۆ یادیماهیێ ژ تە دخازم • چاف ل ڕوبیاری تاڕی بوون‌و ڕوندك وەکی تافێیت بارانا ژ چافا هاتنە خارو گوتی : برا بەختێ تە مە وە نەبێژە دێ چەوا مری •

دوان ناخفتنا دا گوهدارێ لاو جارا دیماهیکی چافێت خۆ دانانا سەرئێك‌و مر •••!!

سلاڤ، لسەر تەبن ئەی خەتیرا خۆ سوونی‌و ڕێك بۆ هندەکێت دی ڕوهن کری •

ژ خوینەڤانێت مە یێت خۆشتڤی :

داخازەك

د ژمارەکا پێشی‌دا مە هندەك داخاز ژ هەڤالێت ڤی بەربەری کربوون ، د ڤێ ژمارێدا دێ دووبارەکەینەڤە هیڤیا مە ئەوە هاریکارێ دگەل مەدا بکەن داکو ئەمو هوین پێکڤە بشێین ڤی بەربەری ژبێشەبەین ، دگەل سوپاسیا مەدا بۆ هەوە هەمیا •

١ ـ نڤیسینا هەوە بلا یا ناشکرابیت‌و دوستنڤیسا هەوە یا خۆش‌بیت •

٢ ـ پەیڤێت خۆ ژێك‌ڤە بنڤیسن •

٣ ـ هەر ڕیزەکێ بنڤیسن ئێکێ پێلن •

٤ ـ ل لایەکێ پەرەی بنڤیسن‌و لایێ دی پێلن •

هەلبەت ئەو گۆتارا فان خالا پتر بجهبینیت زویتر دێ هێتە بەلافکرن •

هەروەسا مە دڤێت خوینەڤانێت خۆ یێت خۆشتڤی ئا هەدارکەین کو ژ ئەو پاشڤەو ب هاریکاریا هەوە همیا دێ ئەڤ بەربەرە بەردەوام هەر دوو حەفتا جارەکێ دەرکەڤیتو •• مە هیڤی‌هەیە ئەم بشێین هەمی حەفتەکێ دەربێخین •• دیسا ئەڤەژی لسەر هاریکاریا هەوە رادوەستیت •

ـ هاوکاری ـ

بەرهەمەك ژ ژوژ ئەحمەی یالدینی

● مصدق تووڵی ●

جوانترین ناخفتن ئەون یێت مرۆڤ بەحسێ زارۆکینیا خو بێ دکەت‌و بیرێت کەفن دەمێنە بیرا مرۆڤی ، ئەو بیرێت خۆش •• یێت هەمی کەنی‌و یاری‌و پەیڤێت شرین‌و خۆش‌و ڕاست‌و بێ درەوو بێ کەرب‌و کوینی •

وەلێ مخابن ئەڤ دەمە ـ دەمێ زارۆکینێ ـ ناهێتەڤە ، ئەبەس ناهێتەڤە ، زڤرینا وی تشتەکە بوویەو نابیت هەروەکی هەزانڤانەك دبێژیت :

یا دهی دگەل دهی وە چوو
چبکەین ئێدی نا هێتەڤە
یا ئەڤروژی هەکە ژ مە چوو
ئێدی ئەم نا بینینەڤە

بەلێ با مرۆڤ دشێت دەمەکێ کورت د وی وەختی‌دا بژیت بڕێکا فەکولانا مزرو بیرێت کەڤن ، یان دەمێ مرۆڤ هندەك زارۆکێت جوان دبینیت بدلخۆشی‌و شادی • یاریا دگەل ئێك دکەن •

جوانە مرۆڤ بچیتە ناڤ جیهانا زارۆکا ئەو جیهانا باقژو بژین ، ئەو جیهانا کو قەهرو خەما (پەسەبژرت) نینە لێ بگەڕێین •

نابیت مرۆڤ زارۆکینیا خۆ بەرزەکەت چ یا خۆش‌بیت چ یا نەخوش‌بیت چنکی وەکی دبێژن : ئەڤرۆکە یا ژ دهی بوی‌و سبەهی دێ ئەڤرۆ بیت ، ئەڤجا دهی •• ئەڤرۆ •• سبەهی پەیوەندی‌یەکا موکم یا دگەل ئێك هەی •

یێ (دهی) بەرزەکەت دێ (ئەڤرۆ) لێ نالۆزبیت

یێ (ئەڤرۆ) بەرزەکەت دێ (سبەهی) لێ ڕەش‌و تاری بیت •

کت •• کت
هەمی سپێدا زوی
ڕێڤنگەکێ مەلویل‌و مت
بەرف وارگەها ڕێنجبەرو هەمی پالا
وارەکێ تەفشی‌و قەزمە لێ بووینە ئالا
قادا ڕەنج‌و ماندی‌بوینێ
زار لێ دڕێژن خوهەو خوینێ
خوهەو خوینێ
ژ بۆ نانی
نان ، بۆ زارۆکێت هێشتا کەنی نەزانی
نانێ ترسی ،
بۆ یێت برسی •• بۆ یێت برسی !
هێژ دار لبەر بایێ سپێدا نەهژیایی
خو ناف ژ بەلگا نەوەریایی
خەو ژ چافێت وان خەوشیرینا نەڤتیایی
رادمویسم لێڤێت قەزمەو مەرو تەفشی‌یا
خوها نەنیێ
ژ سەر تا بەحنیێ
چپ •• چپ دوەرینم
بەلکی خەوێ بێ برەڤینم
ژ چافێت برسی یا
ڕویس‌و تێهنی یا
بدەست‌و زەندێت کەلاشتی
ئاخ‌و بەرا
دارو کەڤرا
دکەم پشتی
ئاڤادکەم
کوچکێت تەخ •• تەخ
باخچەو گۆل لێ بن هەر چار ڕەخ

★ ★ ★

نیڤا ڕۆژێ هەرا گەرمە
تیشکا ڕۆژێ ژ خوها نەنیا من شەرمە
لێ لجانێ من ،
وەستیان شەرمە
تێهنا قەزمەی
لناف چەنگ‌و لەپا نەخەمە
فەرهادەکم ،
لکێرینێت چیایێ بێستونی
نە ژ بۆ چافێت شرینێ
نەبۆ بسکێت ڕەشێت زینێ
بۆ بەژنا گولیێت گەنمی

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی « پاشماوە »

زیندانەکاندا وەکو شیر خۆیان لەپێناوی بیروباوەڕوو بەهای تێکۆشاندا راگرتوە ٠

ـــ سلاو لەو پالەوانیەتە بێ هاوتایانەی کە لەخاکی داگیرکـــــراوو و لەمەیدانی عەرەبدا بەدێدین و دەرگای دوارۆژی روونناك دەخەنە سەرپەشت ٠

ـــ سلاو بۆ ئەو هێزانەی لـــــە رووی پێلانەکانی خۆبەدەستەوەداندا خۆیان‌راگرتوەو لەپێناوی یەکیـــــەتی تێکۆشانی ئەتەوەیی وتەقاندنەوەیو زەکانی گـــــەلی عەرەبماندا کار دەکەن ٠

ـــ سلاو بۆ گەلە دۆستاکانو ئەو هێزانەی لایـــەنی مافی عەرەب دەگرنو لە پشتگیری مەسەلەی عەرەبدا لەگەلماندا بەشدارن ٠

هاوینە هەواری « پاشماوە »

شەو ٠ لە هەردوو لایـــەوە ، پاناییەکی گەورە تەرخان کراوە بۆ باخچەو کورسیو چەتری لی دانراوە ٠ هەر لەتەنیشت ئەم سالۆنەوە ، سالۆنێکی تـــری پلەیەکی خواردن دروست‌کراوە بەلام نرخی خواردنەکانی هی پلە دوە ، ئەمەیش بەگوێـــرەی ئەخشەی حکوومەتی شۆڕش لە بـــــواری زیندوکردنەوەی جولانـــــەوەی هاوینـــــە هەوارکردندا ٠٠ ئـــــەوەی شایانی‌باسە ، دەزگای گشتی‌ی هاوینە هەوارەکان راستەوخۆ سەرپەرشتی‌ی ئەم دێیەو ئەو بەشانەی سەر بە ئەون ئەکات‌و بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی زۆر فەرمانبەرو کرێکار دامەزراون بـــۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ئەم دەزگا نوێیانە ، ئەمـــە جگە لە دەرچوانی « قوتابخانەی ئۆتێلکاری » کە لەم دواییەدا کۆمـــــەڵێکی دەرچـــوانو دیاردەیـــەکی شارستانیانەی ساخی جیهانی هاوینـــــــە هەواریە ٠

هیچ جێی سەر ســـووڕمان نیە ، ئەگەر بڵێین ، بەهیـــچ جۆرێك پارچە زەویەکی بەکار نەهێنراو دەستناکەوێ پاش ئەوەی ئەخشـــــەکانی گەشتو گوزار گرتیەوەو و ئەخشـــەی ووردو زانیارانەی بۆ دانرا تا شوێنە دڵگیرەکانی ناوچەکـــە دەربخرێ ٠ سەرەڕای هەموو ئەو پرۆژانەی کە لە ســـــالانی ڕابردوودا ئەواو کراون وەکو یانەی شـــەوانەو چێشتخانەو جێگای سەر بە کەرتی گشتی ، کاك کـــــــال عبدالمجید ، بەڕێوەبەری مەکتەبی پـــرۆژە پەلەکانی گەشتو گوزار لـــــە هەولێر لەبارەی گەڵێ شـــتی ترەوە ئاگاداری کردین ٠ کاك کمال ، بۆی دەرخستین کەوا کۆمەلە پرۆژەیەکی گەورە لـــە لایەن دەزگای گشتی‌ی گەشتو گوزارەوە دەستی پێ کراوەو دەبێ بەر لە پانزەی مانـــگی حوزەیران ئەواو بکرێ ٠ لـــــە ناوچەی هاوینـــــە هـــەواری صلاح‌الدین کار لـــە دروست کردنی پینج عیمارەی گەشت و گوزار لە ســـــەری ڕەش دەستی پێ کردوەو هەریەکەیان بریتیە لە ژمـــارەیەکی زۆری ئەپارتمان کە گەرم کـــــردنو فێنك کردنی ناوەندی تێدایەو لە لایـــــــەن کۆمپانیایەکی ئیتالیەوە رایەخو پێویستی بۆ دابین ئەکرێ ٠ هەر ئـــــەم کۆمپانیایە هەمـــوو پرۆژەکانی تری سەر بەم پرۆژەیـــــــە جێبەجێ دەکات وەکو بازاڕی گەشتو گوزار کـــە بەشێکی تایبەتی‌ی بووکە شووشـــەی منداڵانو کوگای گۆشـــــت فرۆشـــتنو بارێـــــــكو چێشتخانەیەکی تێدایە ، جگە لـــــــە ساڵونی یاری‌کردنو نانخواردن ٠ ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی ئێستا هۆلێك لـــــە دروستکردندایە کە بـــــۆ چەنـــدین مەبەست بەکاردێت وەکو هۆلی شانۆو ســـینەماو هۆلێکی کۆبوونەوە ٠ هەروەها سی‌ی مالی دوو نهۆم کە بـــــە (دلتا) ناسراونو لە لایـــەن کۆمپانیایەکی بەلجیکیـــــەوە کراون دروست‌کراوە ٠ ئـــەم ماڵانە لەسەر شـــێوەی لادێ دروست‌کراونو گەرمـــــاو فێنکی‌ی تێـــــدا ڕێك‌خراوەو هەریـــــــەکەی دوو ژووری نووستنو هۆلێکی دانیشتنی‌و گەرمـــــاوێك‌و توالێت‌و چێشتخانەیەکی پرکەرەســـتەو دولابێکی جـــڵو باخچەیەکی تایبەتی هەیە ٠

(٣٦) خانووی یەك نهۆمی تر کە بە (ریکو) ناسراون لە لایەن هەمان کۆمپانیـــــاوە دروست‌کراوە ٠ ئەم ماڵانەش وەکو ئەوانـــــــەی سەرەوە ، پێداویستیەکیان تێدا دابیـــن کراوە ، تەنها لەبـــــــارەی ئەخشەکەیانەوە لەوانی تـــــر جیان ٠ ئەم دێیە کە لـــــــە ناوچەی سەری ڕەشە ، لـــــە لایەن پێنج فەرمانبەری سەر بە دەزگای گشتی‌ی گەشـــــتو گوزارەوە سەرپەرشتی ئەکرێو چواردە کرێکاری ژن بـــــۆ پاك‌کردنەوەو چوار یاساوڵو چـــوار کرێکاری کشتوکاڵو چاودێری‌کەرێکی کشتوکاڵی بۆ دامەزراوە ٠

هەروەها بۆمان دەرکـــەوت کە بڕیار وایە ڕێگایەك لـــــە سەری ڕەشەوە بۆ دێی گراو کە ئەکەوێتە نـــاو دۆڵەکەوەو خۆشترین ناوچەی ئـــــــەو مەلبەندەیە ، ببرێو بـــــــە درێژی‌ی ڕێگاکە چـــــــەندین گازینۆ دروست بکرێ ٠

دەزگای گشتی‌ی گەشـــتو گوزار بۆ ئەم وەرزە شـــەش باسی (نۆ ئێم)ی بـــــۆ گواستنەوەی هاوینـــــــە هەوارکەرو گەڕیدەکان تەرخان کردوە کە دوانیان لە ســـــەر ڕێگای ســـــــەری ڕەش ـ صلاح‌الدین‌و چواریان لە سەر ڕێی صلاح‌الدین ـ حـــــاجی ئۆمەران کاردەکەن ٠ ئەمـــــە جگە لەو ئۆتۆمۆبیلانەی کـــــە دەزگای گشـــتی گواستنەوەی پارێزگای هەولێر بۆ هەمـــــان مەبەست تەرخانی کردوون ٠

بەڕێز بەڕێوەبەری مەکتەبی پرۆژە پەلـــــــەکانی گەشتو گوزاری هەولێر ، پاش هەموو ئـــــەم قـــــــانە ووتی ، چێشتخانەیەکو گۆمی مەلەی صلاح‌الدین تەواو کراون جگە لەو گۆمی مەلەیەی کە جاران هەبوو لە سەرەتای مانـــــگی داهاتووشەوە دوست ئـــەکرێ بە داکوتانی خێوەتە گەشـــتو گوزاریەکان ٠

لە کوتاییدا ووتم ، کـــــــە هاوینە هەوارەکانمان ئـــــەم هەموو چاودێریە ئـــەکرێن ، ئەمە بەشێکە لەو کارەی کـــە بـــۆ بیناکاری وڵات جێبەجێ ئەکرێ کە ئێستا پاش بەیانی ئازار لـــــــە باوەشی ئاشتی‌و هێمنیدا ئەژەلێتەوە ٠ بـــــا هاوینە هەوارەکانمان ببینـــــە ماچی ســـــــەر لێـــــوی‌ـ خۆشەویستی‌و جـــــوانی سروشتی دڵڕفێنو گورانی بۆ برایەتی ٠

هوزانا « پاشماوە »

جارەکادی کەیە ددڵێ خۆدا ما تە ب دروستی بەرێ نەدفیا ؟

ئەگەر تە فەشارت سوودا هنـــــدێ بۆچی‌یە ؟ لپێشێ دبێژی ب شاهی‌و دیلان وەرە ، لپاشێ دبێژی دێ تـــــــە فەشێرم دا تە نەبینن پـــادێ چەوا سەرێ خـــــۆ بلندکەی ئەگەر یا فەشـــارتی بیت ؟ لهێرە دیاردبیت کـــو دەزین هزرا هوزانفانی یێ پچیایـــەو ئەزانـــــــی‌یە چـــــــەوا دەستپێکری‌یە ٠

یا ڕاستی‌و ژ هەمی دڵـــــی خۆ دبێـــــــژم سەرکەفتنا هوزانفانی یا دیارە ئو ئـــــەز حەژدکەم خـــۆ قورتال‌کەت ژ فەجوینا گۆتناو ژ نەگرێدانـــــا هزرێ ٠

هەرمجارەی « پاشماوە »

راستەکەی ئەوەیە بنووسرێ (لە ساڵی ١٩٧٤ دا دامەزراوە) ٠

★ (مستشفی اربیل الجمهوری) کراوە بـــــە (نەخۆشخانەی هەولێری کۆماری) کە لە مەشـــدا راستر وایە بنووسرێ (نەخۆشخانەی کۆماری لـــــە هەولێر) چونکە نەخۆشخانەکە (کۆماری) یە نـــــەك (هەولێر) !!

★ زۆر جار دەنووسرێ (شـــــەڕی جیهانی دووەم) ئەمە ڕاست نی‌یە چونکە جەنگەکە یاخـــود شەڕەکـــــە ، شـــــەڕی دووەمە ، نـــــەك جیهانەکە !! ڕاستیەکەی دەبێ بنووسرێ (شەڕی دووەمی جیهانی) کە مانای (الحرب العالمیة الثانیة) دەدات ، یـــــا (دووەەم شەڕی جیهان) ٠

★ گەلێ جار لە ڕۆژنامەو گۆڤـــــارە کانماندا رستەو عیبارەتی سەیر سەیر دەبینین ، بۆ نموونە جارێکیان لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانماندا سەیر دەکەم نووسراوە : (هونەرمەندو مۆسیقیەکانی کورد بانگ کراون بۆ سوود وەرگرتن لە هونەری ٠٠ تاد) ٠ کە ئەمە دەقی وەرگێڕانی حـــەرفی عەرەبیە : (فنانوو موسیقی الکرد مدعوون للاستفادة من ٠٠٠) ڕاستە وشەکان کوردین ، بەڵام لە بیرکردنەوەدا هیـــچ پەیوەندی بە کوردی‌یەوە نیەو کوردیش ەئمە ناڵێت ٠

من وای تێ دەگەم بـــــە کوردی بیرکردنەوە نووسینەکانمان بە پێزتر دەکات‌و بـــەرەو ئاسۆیەکی تریشی دەبات ، کە لە ئاکامیشدا تەماشـــا دەکەی نووسینەکەت بە پاك‌و پاراوی دێتە پێش چاو ، ئەمەش بەڕای من هەنگاوێکە بۆ خۆی لە بەرەو پێش بردنی زمانەکەمان ٠

قوتابیانی « پاشماوە »

زایونیزمدا ٠ لە هەمان کاتدانارەزایی خۆیان بەرامبـــەر ئەو ڕێبازە خیانەتکاریـــــەنیشان داوە کە ڕژێمی سادات گرتویەتە بەرو ئەو ئـــازاروسزاو لێدانو کوشـــــتو بڕی‌یەی بەرامبـــــــــەرتێکۆشەرانی میسر نیشـــانی دەدات ٠

بۆزانـــین

لەپرۆژەکانی نەخشـــــەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی ڕەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی کارو خانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٧٨/٦ی دروست‌کردنی ئەخۆشخانەیەك لە ڕەواندوز ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەو قۆنتەراتە نهێنیەی ســـەرەوەمان بەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵـــــــە ئیستارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە باخودلـــــە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای هەولێر بە (٣٠) سی دینار وەربگیرێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجـــە گشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکڕێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوا ماوە بۆ پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان پێش ســــــــەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٩ـ٤ـ١٩٧٨ ئەبێتو ئەدرێت بە ســــــکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا ٠

٣ ـ پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ تەندەرەکاندا هەبن :

آ ـ یارمەتی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی ١٥/٠٠٠ دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شـــەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠

ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوەبێت‌و بۆ ئەم سال تازە کرابێتەوە ٠

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەم قۆنتەراتە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە بەوەوە پابەندی‌یە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (٥٠) پەنجا دینار جەزا ئەدرێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگـــــەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئـــەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بە تەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ ـ ئەو تەندەرانەی لەناو ژەرفێکی داخراودا نەبن ، پشت‌گوێ دەخرێن ٠

١١ ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێك ٠

١٢ ـ هەر سل‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنووسرێت بەهیچ ئەژمێردرێت‌و پشـــت گوێ ئەخرێت ٠

١٣ ـ پێویستە قۆنتەراتچی ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر بۆ ئیشەکە دابنێت‌و بەدەوامێکی تەواو کاربکات ٠

ئەمینداری گشتی کارو خانەسازی
شیروان علی امین

بۆزانـــین

قورعەکێشانی یەکەمـــــی‌ساڵی ١٩٧٨دا یانەســـــیبی‌قەرزی عیراقی ســـــــاڵی١٩٧٠دا لە سفەعاتی پێنجی ئێوارە ڕۆژی شەممـــــــــەرێکەوتی ١ـ٤ـ١٩٧٨ لـــــەبارەگای بانقی مەرکـــــەزی‌عیراقی لە بەغدا جێ بەجێ کراوە ، ئەویش بە ئامـــــادەبوونی لێژنەیەك کـــــــــەسەرپەرشتی کـــــــــەری‌قورعەکێشانی خەڵاتەکان بووە لە ئەنجامدا (١٦٦) ســـــەندبردیانەوەو مەجموعی ئـــەوخەڵاتانـــــە ٢٥٫٠٠٠ دینـــــاربوو بەپێی ئەم تەفسیلاتانەی خوارەوە ٠

پێویستە ئەو کەســـــانەی‌قازانجیان کـــــــــــردووەسەنەندەکانیان پێشانی بانقی‌مەرکەزی عیراقی بدەن لـــــە بەغدا یا لە لقەکانی لـــــــە پارێزگاکان یاپـــــــاش ١٦ـ٤ـ١٩٧٨ بۆ وەرگرتنی‌خەڵاتەکان بەپێی بەندی (ج) لە مادەی شەشـــــــــەمی‌بەیاننامەی بەرێز وەزیـــــری‌دارایی ژمارە ٥٣ ســـــــاڵی١٩٦٩داو ڕێکخستنی ژمـــارە (٨) ساڵی ١٩٧٠ ٠

سەنەدەکانی قەرزی عیراقی‌ساڵی ١٩٧٠ بە قازانـــــــچو خەڵاتەکانی ئەنجامـــــــی‌قورعەکێشانی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ کەوا لە ڕێکەوتـــــی١ـ٤ـ١٩٧٨ جێبەجێ کراوە

دیارێك بە ٥٠٠٠ دینار

١٤٦٣٩١

پێنج خەڵات هەر یەکەیان١٠٠٠ دینار قازانج دەکات

٧٣١٠٦ ، ١٤٤٩٢٣ ، ١٥٧١٠٦ ، ٢٨٤٧٧٠ ، ٢٩٨٤٧٧

دە خەڵات هەر یەکەیـــان٥٠٠ دینار قازانج دەکات

٦٤٤٣٥ ، ٦٥٧٢٦ ، ١٨٦٦٦٣ ، ٢٢١٣٦٠ ، ٢٢٢٠٧٣ ، ٣٥٠٨٥٦ ، ٤٠٨٩٥٦ ، ٤٠٩٥٣٤ ، ٤٨٣٩٢٨ ، ٤٩٧٠٦٥ ،

پەنجا خەڵات هەر یەکەیان ١٠٠ دینار قازانج دەکات

٣٢١٨	١٥٢٠٨	١٨٣٠١	٢٨٣٥٥	٤٤١٥١	٥١٩٤٦	٥٦٢٥٧	٦٦٦٨٥	
٩١٥٢٢	٩٣٧٦١	١٠٤٦٤٥	١٣٣٢٦٧	١٤٣٥٤٦	١٥٢٣٣٨	١٥٧٥٣٦	١٦١٧٨٧	
١٧٧٩٥٠	١٨١٦٥٤	١٨٦٧٨٧	١٨٦٨١٥	١٩٤٣١٤	١٩٤٩٩٩	٢١٧٩٦٩	٢٤٢٥٦٠	
٢٤٩٢٧٢	٢٦٠٩٧٤	٢٩١٤٠١	٣١٠٥٦٢	٣١٢٠٧٣	٣٢٠٣٢٢	٣٢٨٠٩٧	٣٢٩٧١٣	
٣٣٤٣٧٩	٣٦٢٥٤٥	٣٦٢٥٧٣	٣٧٤٧٤١	٣٧٨٣٢٢	٣٧٩٧٦٨	٣٩٣١٠٥	٣٩٤١٩٦	
٣٩٩٣٣٢	٣٩٩٧٦٤	٤٠٧٧١٤	٤٠٩٩٢٩	٤٢٦٧٧٣	٤٣٧٢٠٣	٤٦٧٠٦٣	٤٦٩٤٢١	
			٤٧٢٠٣٩	٤٩٢٨٩٥				

سەد خەڵات هەر یەکەیان ٥٠دینار قازانج دەکـــــات

٣٧٥	٨٦٧	٨٤٨٤	٩١٤٢	٩٢٩٢	١٠٥٩٧	١٢٣٧٢	٢٢٩٣٧	
٢٧٨١٠	٢٧٨١٨	٢٨٨٨٧	٢٩٤٦٧	٣١٣٣٧	٣٤٠٦٠	٣٤٦٠٨	٥١١٥٠	
٥١٣٥٠	٦٦٢٦٢	٦٧٨٢١	٧٠٠٣٠	٨٣٠٣٨	٩٠٦٠٧	١٠٢٥٣٦	١٠٣١٤١	
١٠٣٥٠٦	١٤١٥٠٥	١٤٦٧٨٥	١٤٨٣٠٧	١٤٩١٠٠	١٦٠٨٣٩	١٦٥١٠٢	١٦٧٥٠٣	
١٦٩٠٩٨	١٧٧٢٧٦	١٨١٩٠٨	١٩٦١٩١	١٩٧٧٦٣	٢٠٣٥٥٢	٢١٠١٠٦	٢١٦٨٦٣	
٢٢١٥٢٢	٢٢٦١٨٦	٢٣٠٣٣٧	٢٣٥٨٩٦	٢٤٠٠٦٩	٢٦٣٠٣٢	٢٦٤٧٥٥	٢٧٤٩٠٥	
٢٨٢٤١٠	٢٨٣٣٤٦	٣٠٥٦٩٩	٣٠٦٠٢٦	٣٠٨٨٧١	٣١١٣٩٢	٣٢٤٣٣٤	٣٢٥٥٦١	
٣٣٥٨١١	٣٣٨٠٣٣	٣٥٢٠٨٢	٣٥٩٦٠٤	٣٦٠٩٤٤	٣٦٤٧٣٧	٣٧٠٥٥٥	٣٧٧٤٩٦	
٣٨٠٠٥٥	٣٨٢٧٢٦	٣٨٨٣٨٣	٣٨٩٦٠١	٣٩٠٢٣٢	٣٩٣٤٠٦	٣٩٥٩٧٠	٣٩٧٥١٥	
٣٩٨٨٤٠	٤٠٨٥٤١	٤١١٠٢٩	٤١٢٥٥٢	٤١٢٥٦٥	٤١٣٨٩٠	٤٢٩٨٥٩	٤٣٧١٦٣	
٤٣٩٨٩٥	٤٤١٨٣٩	٤٤٦٧٩٨	٤٥١١٢٦	٤٥٦٤٤٥	٤٥٦٦٢٥	٤٥٦٧٩٠	٤٦٠٨٠٩	
٤٦٢٦٧١	٤٧٥٤٠١	٤٨٠٣٤٠	٤٨٦٥٨٣	٤٩٢٩٢٢	٤٩٦١٩٥	٤٩٦٢٢٣		

Institut Kurde de Paris

چۆنەرۆژی جیهانی شانۆ

لە سلێمانی بەرێکرا؟

● بە بۆنەی رۆژی جیهانی شانۆوە بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی میهرەجانێکی تایبەتی سازکرد کە یەکەم جار بوو لە پارێزگای سلێمانیدا بەم شێوەیە بایەخ بەم رۆژە بدرێتو هەموو تیپە شانۆیی یەکانی پارێزگای سلێمانی هاوبەشیان تیا کردو، هەریەکیان بەرهەمێکی جوانی خۆیان تیا پێشکەش کرد ٠

● ئەم میهرەجانە لەرلەئێوارەی رۆژی چوارشەممەی رابوردوو لە هۆلی چالاکی‌ی قوتابخانەکانو بە چاودێری بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی کرایەوە ٠

● لە سەرەتادا بەڕێز محمد امین پێنجوێنی بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی وتارێکی خوێندەوەو باسی دەوری هونەرمەندانی شانۆی شارەکەی کرد لە خزمەتکردنو پێشخستنی هونەری شانۆگەریدا ، هەروەها دەستنیشانی هاوبەشی کۆمەڵانی هونەری کرد لە گۆڕان کاریەکانی وولاتداو ئامادەیی دەزگاکەی بۆ پشتگیری کردنی هونەر لە هەموو کاتدا پیشاندا ٠

هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە تیپە هونەری‌و هونەرمەندەکانی شاری سلێمانی کردو داوای ئەوەی لێ کردن کە هەموان بەگیانی یارمەتی‌دانەوە بێنە پێشەوە بۆ بەدی‌هێنانی دوارۆژێکی رووناك بۆ هونەری کوردی

● دوای ئەوە لەلایەن خوشکێکی ئەکتەرەوە وتاری تیپە هونەریەکانی سلێمانی خوێنرایەوە ٠

ئینجا مامۆستا ئەژی گۆران وتاری یەکێتی نوسەرانی کوردی خوێندەوە ٠

● دوای ئەوە تیپە هاوبەشەکان دەستیان کرد بە پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان‌و لەسەرەتادا تیپی شانۆی چالاکی‌ی قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی شانۆگەریەکی جوانی پێشکەش کرد بەناوی شانۆگەری « گورگ » کە هەموو ئەکتەرەکانی منالانی ئازیزی قوتابخانەکان بوون ٠

● پاشان تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی شانۆگەری « گەرماو »یان پێشکەش کرد کە باسی کۆمەڵگای بۆرجوازی کۆنی ئەکرد ٠

● دوابەدوای ئەوە تیپی کۆمەڵی هونەری وێژەی کوردی مەلەندی گشتی سلێمانی بەشێکیان لە شانۆگەری « دیوار » پێشکەش کرد ٠

● هەروەها تیپی ئاوازدنی سلێمانی بەشێکی لە شانۆگەری « مالە شێت »ی پێشکەش کرد ٠

● تیپی هونەری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی بەشێکی لە شانۆگەری « نەسرین » پێشکەش کرد ، کە لەم دوای‌یەدا لە تەلەفزیونی تەئمیم تۆماریان کردوەو بەم زوانەش پێشکەشی ئەکەن ٠

● بۆ هاندانو ریزلێ‌گرتنی تیپە هونەریەکانی پارێزگای سلێمانی‌و بۆ پێشخستنی هونەری شانۆ لە شارەکەداو بە بۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ گەری‌یەوە ، بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی وەك ئەرکێکی سەرشانی لە پێشخستنی قۆناغی هونەری‌ی شارەکەدا رێزی لە تیپە هونەریەکانی شاری سلێمانی گرت‌و بەڕێز محمد امین پێنجوینی خەڵاتی بەسەر ئەم تیپانەدا دابەش کرد ٠

– تیپی ئاوازدنی سلێمانی ، کۆمەلی هونەرو وێژەی کوردی – مەلەندی گشتی ، تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی تیپی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر ، تیپی هونەری چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی ، تیپی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی ٠

● دوای ئەوە بەڕێوەبەرێتی ناوبراو بیری لەوە هونەرمەندانەش کردەوە کە لە پێشخستنو بەرەوپێشدانی هونەری شارەکەدا جێگا بەنجەیان دیارەو خزمەتێکی باشی ئەم لایەنەیان کردوە ، ئەوەی شایانی باسە بەڕێز بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر خەڵاتی پێشکەشی ئەم ئەکتەرو هونەرمەندانەکرد ٠

مامۆستا فؤاد رشید بکر ، خوشکە گولزار عمر ، خوالێ خۆشبو مامۆستا رفیق چالاك ، هونەرمەندان ، رؤوف یحیی‌و نوری وەشتی‌و عمر علی امین‌و بورهان مەسرەف‌و طه خلیل‌و احمد دەنگ‌گەورەو ئەدیب طه بابان‌و لەگەڵ یەکەم کچەقوتایی لە دەرچوانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوشکە بدیعە دارتاش‌و خوشکە گەزیزەو منداڵی هەڵکەوتو شادان فؤاد محمد امین‌و ئاشتی عەلی ٠

● دوای ئەوە کۆتایی بە میهرەجانەکە هات‌و ئاواتیان خواست کە لە ئاهەنگی تازەی هەمان جەشندا بەیەك بگەنەوە ٠

حمە سعید حمە کریم

ئەم کاتەت باش

● هاشم ژەینەل ●

هونەرمەند – هاشم ژەینەل – لە سالی ١٩٤٦ لە کەرکوك لە دایك بووەو لە سالی ١٩٦٩ لە بەشی دەرهێنانی شانۆگەری هونەرە جوانەکان دەرچووەو لە بارەی سەرەتای خولیای هونەری دواو وتی :

● هێشتا لە خوێندنگای هونەرە جوانەکان بوم . لە چەندان شانۆگەریدا بەشداریم کردوەو دوایش لە چالاکیەکانی تیپی مەلەبەندی رۆشنبیری‌و هونەر لە بەغدا بەشداریم کردوە ٠٠ ئێستاش سەرپەرشتی‌کەری بەشی شانۆم لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێردا ٠

● دەربارەی کارە هونەریەکانی وتی :

– تا ئێستا لە نزیکەی بیست شانۆگەریدا بەشداریم کردوە وەك ئەکتەرو دەرهێنەر ، دیارترین ئەو بەرهەمە هونەری‌یانە :

(ئاواتی شیرین) و (ئۆفان) و (گەنجینە) و (سێچاو) بوون ٠ لەگەڵ (هاملیت)ی شکسپیر ٠

● دەربارەی دەقی شانۆ وتی :

– ئەدیبە کوردەکان لەم رووەوە بەر پرسیارن ٠٠

● دواشت ٠٠؟

کارکردن ، کارکردنو دیسانەوە کارکردن ٠

● شێرزاد عبدالرحمن ●

پەراوێز

دوو دیاردە لە هەولێر !

● نازانم بۆ چی لە شاری هەولێر ساردی بە (٣٠) فلس ئەفرۆشن ، لە کاتێکدا لە هەموو شارەکانی تردا بە (٢٠) فلسە ؟!

● دیاردەی دووەم ، کرێی دوکانەکانی شارەوانیە بەرامبەر ئەپارتمانی شارەوانی‌و تەنیشت خوێندنگای مامۆستایان کە کرێیان لە ٥٠ دینارەوە تا ٩٠ دینارە ئەگەر شارەوانی کرێی دوکانەکانی ئەوەند گران بێ دیارە خاوەن دوکانەکانی تر کرێ بە ئارەزوی خۆیان دائەنێن ، هیوادارین لێپرسراوان دلسۆزانە چارەیەکی ئەم دیاردەیە بکەن ٠

– ب٠ م٠ لە هەولێر –

رێ رەو

لەو جۆرە مجامەلەیە دوور بکەونەوە کە لەسەر حسابی راستی ئەکرێت ، ئەگەر وابن سەرئەکەون‌و لەلای خەلك خۆشەویست دەبن ٠

هاوڕێ صدام حسین

کۆڕێکی رۆشنبیری بۆ لێکۆڵینەوەی نەخش‌و نیگاری فۆلکلۆری

دوێنێ ئێوارە لە بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی کۆڕێك بۆلیکۆڵینەوەی نەخش‌و نیگار لە فۆلکلوری کوردیدا سازکراولەم کۆڕەدا مامۆستا عمر علی امین باسێکی بە ناونیشانی (نموونەی فۆلکلوری نیگارکیشانی کوردی) پێشکەش کردو باسەکە لەلایەن هونەرمەندان اسماعیل خەیات‌ونوری اسماعیلەوە هەلسەنگێنراو خەلکێکی زوری ئەدەب‌و هونەردۆست لەم کۆڕەدا ئامادەبوون ٠ ئەوەی‌شایانی‌باسە بۆ هێنانەوەی نموونەی نەخش‌و نیگاری‌فۆلکلوری هەندێ سلایدی رەنگاو رەنگ پیشاندرا ٠

پ٠ هاوکاری

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە ژانکۆی سلێمانی

لە جوارچێوەی بەرنامەی یەکەم وەرزی رۆشنبیری‌ی مەلبەندی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکوی سلیمانیدا ئێوارەی رۆژی چوارشەممەی رابوردوو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە هولی « فارابی » سازکرا کە (٧) شاعیر شیعریان تیادا خوێندەوە ٠

کۆڕەکە بە چاودێری دوکتور طارق ئامیدی سەرۆکی زانکۆ بوو بە وتەیەك لەلایەن دوکتور کوردستان موکریانی‌یەوە دەستی‌پێ‌کرد ٠ دوای ئەوە یەکە یەکە شاعیرەکان پێشکەش‌کران‌و شیعرەکانیان خوێندەوە کە بەم جۆرە بوو :

ع٠ح٠ب – چوارپارچە هونراوەی‌کورت ، کاکەی فەللاح – لەپال کێلێکداو نەورۆزو هیوا ، ع٠ع٠ شەونم – نەورۆز ، ئەژی گۆران « سلیمانی ، پیرەمەگرون ، بەیروت » ، حسیب قەرەداغی – دەستی خۆزگە ، حمەی حمە باقی – زریان ، گریان ، رەوەند » ، دلشاد محمد امین – پارچە شیعریکی بچکۆلەی سیی ٠

کۆڕەکە نزیکەی دووسەعاتی خایاندو جەماوەرێکی زۆری ئەدەب دۆست ئامادەی بوون ٠

پ٠ هاوکاری

ع.ع.شەونم — ئەژی گۆران — حەسیب قەرەداغی — حمەی حمە باقی

هەرچارەی نووسینێك

لە نیوان زمانی نووسینی‌و بیرکردنەوەدا

نەژاد عزیز سورمێ

ئاشکرایە (زمانی کوردی)ش وەك هەموو زمانەکانی تر رێزمان وزاراوەی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆیە کە یەکێك ویستی بە کوردی بنووسێت ، بێویستە بە پێی زاراوەو رێزمانی کوردی بیر بکاتەوە ، وەکو ئەوەی کە وتارێ بە زمانی عەرەبی دەنووسێت پێویست دەکا بە عەرەبی بیر بکاتەوە ٠

(بیر کردنەوە) بەو زمانەی کە دەبەردابی پێی بنووسێ ، یاخود دەقێکی ئەدەبی پێ وەربگێڕی ، مەرجی سەرەکیە کە دەبێتە هۆی ئەشێواندنی زمانەکەو لە هەمان کاتیشدا ئەشێواندنی نووسینەکە خۆی ، چونکە هەر زمانێك رێزمان‌و زاراوی تایبەتی خۆی هەیەو بە وەرگێڕانی پیت بە پیتی ووشەو زاراوی زمانێکی دیکە ، جگە لەوەی مەبەست بە دەستەوە نادا ، لە رووی رێزمان‌و دەربڕینەوە هەڵەی تێدەکەوێ‌و ئاتەواو دەردەچێ کە ئەمەش لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر بەرەو پێشچوونی ئەو زمانە ٠

بۆ نموونە ئەگەر بە کوردی بڵێین (سبەی سەرێکتان لێ دەدەین) داخۆ وەرگێڕانی حەرفی بۆ عەرەبی چی لێ دەردەچێت کە بڵین (غدا نضربکم راسا) !! ئایا برایەکی عەرەب گوێی لەمە بێت چی لێ حالێ دەبێت ؟

لە (زمانی کوردی) شدا هەر بەو جۆرە ٠

ئەوەی راست بێت ئەم مەسەلەیە (مەسەلەی ئێوان نووسین‌و بیرکردنەوە) لەم کورتە نووسینە زیاتری پێ دەوێ ، بەڵام هەندێ هەڵەی زەق « کە لە خوارەوە پیشانیان دەدەم » پالیان پێوە نام کە ئەم چەند دێرە بنووسیم ، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا بە درێژتر بۆ ئەم باسە بگەڕێمەوە ٠

جارێ لە پێشدا ئەمە دەڵێم کە ئەم جۆرە هەڵانە هەرگیز ماوەی لێبوردنیان نیە ، چونکە ئەو کەسەی ئەم هەڵانە دەکات بە داخەوە لەزماندا لاوازە ٠

ئەمەش مشتێ لەو نموونانە ، ئەڵبەتە مشتێش نموونەی خەروارە ٠

★ لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا تابلۆیەکیان هەڵواسیوە ئەمەی لێ نووسراوە :

دیوی یەکەم : بە زمانی عەرەبی نووسراوە (التأمین علی الحیاة) ٠

دیوی دووەم : گوایە کراوە بە کوردی‌و نووسراوە (تەئمین لە سەر ژیان) !! داخۆ (تەئمین لەسەر ژیان) چ مانایەك دەبەخشێ ؟ بەڵای کەمەوە دەتوانرا بکرێت بە (سیگورتە کردنی ژیان) یاخود (تەئمین کردنی ژیان) لێرەدا دەردەکەوێت کە تەنها وشەکان گراون بە کوردی ئەك رستەو ماناکەی ٠

برای وەرگێڕ هاتوە لە باتی (التأمین) هیچ وشەیکی نەدۆزیوەتەوە گورج تەئمینەکەی داناوەتەوە ، ئنجا سەر رەحەت دل بێ گرێ لە باتی (علی)ش (لەسەر)ی داناوەو ٠٠ تەواوی کردوە !!

★ لە سەر تابلۆکەی (الامانة العامة للاوقاف)دا نووسراوە (تاسست فی سنة ١٩٧٤) ٠

ئینجا لە ژێریشیەوە نووسراوە (دامەزراوە لە سالی ١٩٧٤) وا دەزانم ئەوەی شارەزای زمانی کوردی بێت ئەم تەرزە هەڵانە ناکات ٠ چونکە

بروانە ل – ٧

جیهانی منال

○ چیرۆکی منداڵان ○

گێژ

ئاوی رووبارەکە بێ دەنگ دەڕۆیی ، تەنیا لە شوێنێك لووڵی دەخواردو گێژی دروست دەکرد ٠ دایك‌و باوکەکان بەم جۆرە منداڵانی خۆیان دەدواند :

– منداڵینە ! زۆر دەمێکە ئەو گێژە لە رووبارەکە دایەو چاری ناکرێ ٠٠ زۆر مەلەوانی قووت داوە ، دەڵێن گیایەکی لێ ڕواوە مەلەوانان رادەکێشێ‌و دەیان خنکێنێ ٠٠ جا دەخیلتان بم توخنی مەکەون‌و خۆی لەقەرەی مەدەن ئەگا دوور بێ دوور بێ گوێی شەیتانی کەڕ بێ ئێوەش بخنکێنێ ٠

منداڵان چوونە سەر رووبارو وتیان :

– رووبار کەی کەم دەبێتەوە ؟

رووبار وەڵامی دانەوە :

– ئەگەر بەفر زۆر نەباری کەم دەبمەوە ٠

منداڵان بە بەفریان وت :

– ئەی بەفری خۆشەویست، هەر ئیمسال کەم بباڕەو هیچی دی بەفر وتی :

– بۆ ؟

ئەوانیش بۆیان گێڕایەوە٠٠ بەفر کەم باری ٠٠ هاوین هات رووبار باریك دەبۆوە ٠٠ منداڵان هەموو رۆژێ سەیریان دەکرد ٠٠ لە خۆشیان پێدەکەنین ٠٠ زۆری نەبرد رووبار گێژەکەی بەجێ هێشت ٠٠ منداڵان خۆیان پێ رانەگیرا یەکێکیان وتی :

– من دەچم گیای گێژەکە دەردێنم ٠

ئەوی دیکەیان وتی :

– پەلە مەکە با سەیری کەین ناخۆ هیچی لێ ڕواوە ٠٠ ئەوجا ئەگەر زانیمان ئەوە بۆی دەچینە خوارێ ٠

منداڵێکی کە وتی :

– کەس نەچێتە ناوی دەتا بۆمان دەرنایەتەوە واچاکە بەردی تێ ڤڕێ دەین ٠٠هەموو رۆژێ دێنن ، تا پڕی نەکەینەوە کۆڵی لێ نادەین ٠

قسەکەیان لا جوان بوو ٠٠ بەردیان هێنان بە چەند رۆژێکان پڕیان کردەوە ٠٠ ئەوجا بە پەلە بوون باران ببارێ ٠٠ زێ هەستێ داخوا دیسان گێژەکە دەمێنێ یان نا ٠٠ هەندێك لە پیرە پیاوەکان دەیان وت :

– زێ گێژی خۆی دروست دەکاتەوە ٠

باران دای کرد ٠٠ ئاوی رووبارەکە زۆر بۆوە ، وەك جارانی لێ هاتەوە ٠٠ بەڵام لە هیچ شوێنان گێژی نەبوو ئەو جا منداڵان وەك سووزە ماسی خۆیان لەبنرا دەکردو لەو سەرەوە دەهاتنەوە ٠٠ دایکەکانیش ترسیان لە دڵدا نەما ٠

جەزا عەلی ئەمین

• نامەی هاوڕێیان •

هاوڕێیانی گۆشەی جیهانی منداڵان : طارق غفور لە هەولێر ، کارزان مصطفی ، برهان صالح ، ئەو چیرۆکانەی بۆتان ناردبووین ، لە زۆر شوێنی تر بیستراون ، حەز ئەکەین هەولی ئەوە بدەن بە تەقەللا خۆتان بەشداری بکەن ٠

هاوڕێی گۆشە شهیرە محمد عارف ، ئەگەر حەز ئەکەی بنووسی هەول بدە زیاتر خۆت ماندو بکەیت‌و سوپاس

بۆزاخاوی مێشك

مناڵە خۆشەویستەکان :

هەوڵ بدەن لە ماوەی (٥) دەقیقەدا ڕاستەکانی ئەم ڕستانە لە یەك جیا بکەنەوە :

بۆ نمونە :

(١) ئەم وشانە کامیان لەگەڵ ئەوانی تردا ناگونجێ ٠

١ – ڕەشەبا ٢ – باران ٣ – هەور ٤ – ئەستێرە ٥ – لافاو

بێ گومان لە وەڵامدا ئەڵێن ئەستێرە واتە چوارهەم ، دەباشە ئێوەش زاخاوی مێشکتان بدەنەوە لە گەڵ ئەم ١٠ (دە) ڕستەیەدا . پاشان نومرە بۆ خۆتان دانێن ٠

(١) ئەم وشانە کامیان لە گەڵ ئەوانی تردا ناگونجێ ٠

(١) بێ‌کەس (٢) گۆران (٣) ئەنوەر قەرەداغی (٤) مەولەوی (٥) قانیع ٠

(٢) ئەگەر ئەم وشانە ڕێك‌خەیت‌و بیکەیتە ڕستەیەکی تەواو کوێ ، ئەمشەو ، ئێوە ، بۆ ، ئەچن ٠

دوا پێتی دوهەم وشە کامیانە

(١) ن (٢) هـ (٣) ڤ (٤) و (٥) ێ

(٣) وشەی شەو لەگەڵ کامیاندا ناگونجێ ٠

(١) بەهار (٢) ڕۆژ (٣) ساڵ (٤) هەفتە (٥) چرکە

(٤) ژمارەی (١) یەك چەند جار لە پێش ژمارەی (٨) هەشتەوە نوسراوە ٠

٤٦٨١٥٢٧١٨٢٣٤٩٨١

(١) یەك جار (٢) دوو جار (٣) سێ جار (٤) چوار جار (٥) پێنج جار

(٥) ئەم وشانەکامیان لەگەڵ زستان یەك ئەگرنەوە ٠

(١) فێنکە (٢) گەرمە (٣) سارده (٤) بارانە (٥) سەیرانە ٠

(٦) ئەم وشانە کامیان لە گەڵ ئەوانی تردا ناگونجێ ٠

(١) ترێ (٢) بەرد (٣) قوڕ (٤) هەنار (٥) هەرمێ ٠

(٧) لە دوای چوارشەممە ج ڕۆژێ دێ

(١) یەکشەممە (٢) هەینی (٣) پێنجشەممە (٤) دووشەممە (٥) سێشەممە

(٨) بچوکترین ژمارە کامیانە

(١) ٤٤٩٨١ (٢) ٣٢٩٧٢ (٣) ٥٤٦١٢ (٤) ٢٢٩١١ (٥) ٩٨٢٢١

(١) ژمارەی یەکەم (٢) ژمارەی دووەم (٣) ژمارەی سێیەم (٤) ژمارەی چوارەم (٥) ژمارەی پێنجەم ٠

(٩) لە چ مانگێکدا ناگری نەورۆز ئە گرێتەوە ٠

(١) لە مانگی ئابدا (٢) لە مانگی مارتدا (٣) لە مانگی تشرینی دووەمدا (٤) لە تەموزدا (٥) لە ئەیلولدا

(١٠) بەیانیان کە سلاومان کرد ئەڵێن :

(١) شەو باش (٢) ڕۆژ باش (٣) ئێوارەت باش (٤) ئەم کاتەت باش (٥) نیوەڕۆت باش ٠

ئازاد مەحمود
ئامادەی کردوە

احمد جلیل — باز جلیل — سروە عمر — هاورین عمر — نزا نجم — دەرکەوت جعفر — سۆزە طارق — کامەران طارق — سالار شریف — روپاك هەینی — روخۆش هەینی

ئەسەمان رسول — گۆنا عبدالله — شۆڕش احمد — مهدی احمد — مەریوان جەلال — رزگار — کەنار علی — فاضل عبدالله — ڤیان انور — ئەوزاد محمد — لیلی محمد

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر

Institut kurde de Paris